رۆژنامه ٧

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.485 Mon 8/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 485 دووشەممە 8/ 6/ 2009



«سەرکردایەتی کورد لەمەسەلە نەتەوایەتییەکاندا دۆڕاوە» ل٤

هێزی پێشمەرگە چۆن دەنگدەدات؟ ل٣


# نەوشیروان مستەفا: یەک هەڵوێستی لە یەک لیستیدا نییە، لە گوتاری یەکگرتوودایە

**رۆژنامە**

نەوشیروان مستەفا، رایگەیاند، «ئێمە یەک هەڵوێستی کورد لە یەک لیستیدا نابینین، بەڵکو لە وتاری سیاسی یەکگرتوودا دەیبینین». دووپاتیشیکردەوە کە وەک رەوتێک لە دەرەوەی یەکێتی کاردەکەن. ئاشکراشیکرد، بەرنامەی لیستی گۆڕان لە مەسەلەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەتدا چڕدەبێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە «هەوڵدەدەین پەرلەمانێک بنیاد بنێین لە دەرەوەی بڕیارو دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانو بنیادنانەوەی دەسەڵاتی دادوەری بەشێوەیەکی سەربەخۆ، لەگەڵ زیادکردنی شەفافیەت لە بودجەی هەرێمو پەرەپێدانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی».

لە میانی بەرنامەی (لقاء الیوم)ی کەناڵی ئەلجەزیرەدا کە شەوی رابردوو پەخشکرا، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان باسی لە بارودۆخی ئێستای کوردستانو پێکهێنانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکانو چەند تەوەرێکی دیکە کردو جەختی لەوەکردەوە کە دەیانەوێت لە رێگای هەڵبژاردنەوە کار بۆ ئەوە بکەن دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت جیابکەنەوەو پەرلەمانو دادگاو زانکۆو بازاڕ، ئازادو سەربەخۆبنو بەدووربن لە هەژموونی حیزبەکان، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبا.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی؛ کاردانەوەی شەقامی کوردی لە بەرامبەر ئەو گوتارە نوێیەی هەتانە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی کوردستان چۆنە، نەوشیروان مستەفا وتی «پێشوازییەکی زۆر زۆر باش هەیە، لەبەرئەوەی قۆناغی مەترسیمان تێپەڕاندووەو بارودۆخێکی سیاسی، ئەمنیو ئابووری جێگیر هەیە».

---

## داواکاری گشتی لەسەر ئەو کەسانەی نانبڕاو دەکرێن، بەدەنگ نایەت

**شارا عەبدولڕەحمان**

ئەو کادیرە حیزبیانەی کە لەسەر بیروڕای جیاواز نانبڕاو دەکرێن، ناتوانن لەهیچ دادگایەک سکاڵا تۆماربکەنو داواکاری گشتیش هیچ رێوشوێنێک لەو بارەیەوە ناگرێتەبەر.

سازگار عەلی ناجی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەڕۆژنامەی راگەیاند: هیچ دادگایەکی تایبەت لەکوردستاندا نییە تا لەکاتی بوونی کێشەیەکی حیزبیدا وەک دەرکردنو نانبڕاوکردن لەسەر بیروڕای جیاواز، کادیری حیزبی رووی تێبکاتو سکاڵای یاسایی لێ تۆماربکاتو داوای مافی خۆی بکات، هاوکات داواکاری گشتیش پەیوەندی بەکاری حیزبایەتییەوە نییە تا لەو بارەیەوە سکاڵا تۆماربکات.

سەرۆکی داواکاری گشتی، ئەوەشی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە هەرفەرمانبەرێک لەسەر بیروڕای جیاواز لەفەرمانگەکەی دووربخرێتەوە دەتوانێت لەدادگای مەدەنی سکاڵای یاسایی تۆماربکاتو داوای گەڕانەوە بۆ سەر کارەکەی بکات.

## بەفەرمانی مەڵبەندی یەکێتی بەڕێوەبەری هاتوچۆ لەپۆستەکەی لادەبرێت

**رۆژنامە**

رائید فەریق عەلی غەریب، بەڕێوەبەری هاتوچۆی رێگاوبانی دەرەوەی پارێزگای سلێمانی، بەفەرمانێکی وەزارەتی ناوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی بەرگری فریاکەوتن، ئەوە لەکاتێکدایە پێشتر لەلایەن بەرزانی ئەحمەد کوردە لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتییەوە ئاگادارکراوەتەوە کە لەو پۆستەی لادەبرێت، لەبەرئەوەی کار بۆ لیستی گۆڕان دەکات.

رائید فەریق عەلی، کە پێشتر زیندانی سیاسی بووەو ماوەی (٢٥) ساڵە لەو بەڕێوەبەرێتییە کاردەکات، باس لەوە دەکات کە لە (٤/٢٩)ی ئەمساڵدا لەلایەن بەرزان ئەحمەد کوردە، لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە سلێمانی بانگکراوەو پێیوتووە، کە بۆ ئەوە بانگیان کردووە کە ئەوان تەسفیەی وەزارەتی ناوخۆ دەکەنو ئەو کەسانە دەردەکەن، وتی: «پێموت تۆ ناتوانیت لەپۆستی حکومیی دەرمبکەیت، بەڵام پێیوتم دەتوانمو دەشیکەین، ئەوەبوو ئەمڕۆ (٦/٧) ئاگادارکرامەوە کە لەوەزارەتەوە فەرمانەکەم دەرچووەوە بەگواستنەوەم بۆ پۆلیسی بەرگری فریاکەوتنو سبەینێ پەیوەندی بەو بەڕێوەبەرێتییەوە دەکەمو پێم ئاساییەو باجی ئەو رێبازە دەدەم کە هەڵمبژاردووەو بەردەوامدەبم لەخزمەتکردن».

ئەو ئەفسەرەی هاتوچۆ ئەو هەنگاوەی بەپێچەوانەی ئەو پرۆژەیە وەسفکرد، کە پێش چەند مانگێک تاڵەبانی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت پێشکەشیکرد.



## لەژێر گوشاردا کاندیدێکی سەرۆکی هەرێم دەکشێتەوە

**ئاری سابیر**

دوای ئەوەی رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ ئەحمەد عەزیز کوردە، دانیشتووی قەزای کۆیە، لە ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناوی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم پاڵاوت، دوای دوو رۆژ لەلایەن بەرپرسێکی یەکێتییەوە داوای لێدەکرێت خۆی هەڵنەبژێرێتو لەو بڕیارەی پەشیمان بێتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە ئەحمەد کوردە، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای دوو رۆژ لە خۆپاڵاوتنی ناوبراو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی دەنێرێت بەدوای ئەحمەد کوردەو پێیدەڵێت، نابێت تۆ بە هیچ شێوەیەک خۆت بۆ ئەو پۆستە بپاڵێویت، لەبەرئەوەی بەرپرسیاریت لەناو یەکێتیدا هەیەو یەکێتی پاڵێوراوی بۆ ئەو پۆستە مەسعود بارزانییە، بەو هۆیەشەوە ناچاریدەکات بکشێتەوە.

ئەحمەد کوردە وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە «کاتێک خۆم بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم پاڵاوت، دەیان هاوڵاتی کوردستان ئامادەییان دەربڕی کارم بۆ بکەن، لێرەوە داوای لێبووردنیان لێدەکەم، بڕواشم وابوو دەنگێکی زۆرم بەدەست دەهێنا، دەمتوانی بەرامبەر پاڵێوراوەکانی دیکە بوەستمەوە».

ئەحمەد عەزیز کوردە (٥٧ ساڵ)، لەساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندی بەریزەکانی (ی.ن.ک)ەوە کردووە، ئێستا لێپرسراوی لقی کۆیەی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی کوردستانە.




## هێزی پێشمەرگە چۆن دەنگدەدات؟

# «ئەو هێزانە ناتوانن بێلایەنیی خۆیان بپارێزن»



> لەخاڵی یەکەمی بڕگەی (ج)ی مادەی نۆیەمی دەستووری عێراقدا هاتووە: کارمەندانی هێزی چەکدارو ئەفسەرانی سەربازی بۆیان نییە خۆیان بپاڵێون بۆ وەرگرتنی پۆستی سیاسی، هەروەک ئاماژە بەوەشکراوە ئەو هێزانە ناتوانن بچنە ناو پڕوپاگەندەو بانگەشەی هەڵبژاردنەوە

> ئەگەر لەوێستگەیەک (٤٠٠) ناو مافی دەنگدانی هەبێت، دەبێت لەچوارچێوەی ئەو ڕێژەیەبێت‌و ئەگەر ناوەکان ببنە (٤٢٠) ناو، بەتەزویر حساب دەکرێت‌و رادەگیرێت

> «ڕێنمایی ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگە کراوەو ئەگەر حاڵەتێکی لەوشێوەش هەبێت ئیجرائاتی یاسایی لەدژیان دەگیرێتەبەر»

**دلێر عەبدولخالق**

ئەگەرچی بڕیارە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم‌و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام (٤٨) سەعات پێش واڵاکردنی سندوقەکانی دەنگدان لەبەردەم هاوڵاتییاندا نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس لەهێزەکانی زێرەڤانی‌و ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگە لەدەنگدانێکی تایبەتدا دەنگدەدەن، بەبڕوای شارەزایەکی بواری سەربازیی‌و ئاسایشی نیشتمانیش، ئەو هێزانە ناتوانن لەکاتی هەڵبژاردندا بێلایەنیی خۆیان بپارێزن‌و ئەگەر ڕێوشوێنی توند نەبێت، دەبنە مایەی دروستبوونی تەزویرو ساختەکاریی لەپرۆسەکەدا.

لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا، جگەلە لیستی کوردستانی (یەکێتی‌و پارتی) چەندین لیستی دیکە لەپارتەکانی دیکەو قەوارەی نوێی سیاسی‌و سەربەخۆ لەدەرەوەی ئەو دووهێزە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن، هەموو لیستەکانی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانێتی دوو حیزبەکەش خوازیارن هێزی پێشمەرگە کە بەژمارە زۆرن‌و کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەبێت، بێلایەنی خۆیان بپارێزن، چونکە ئەرکی ئەو هێزە پاراستنی هەموو میللەتە، نەک حیزب‌و لایەنێک، ئەوە لەکاتێکدایە کە تائێستا حکومەتی هەرێم خاوەنی هیچ هێزێکی چەکداری ڕێکخراوی نیشتمانی نییەو ئەو هێزەئەمنیانەش کەلەچوارچێوەی هێزەکانی زێرەڤانی‌و ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگەدا ڕێکخراون، زیاتر مۆرکی حیزبییان پێوە دیارەو بەسەر هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمدا دابەشبوون، کە بەبڕوای زۆرێک لەچاودێران‌و ئاگایانی سیاسی ئەو حاڵەتە گومانی ئەوەی لادروستکردوون کە ئەو هێزانە ناتوانن لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا بێلایەنی خۆیان بپارێزن‌و هەموو لیست‌و قەوارە بەشداربووەکانی ناو هەڵبژاردن وەک یەک سەیربکەن، بەڵکو چاوەڕواندەکرێت کە لەبەرژەوەندی لایەک‌و دژی لایەکی دیکە کار بکەن.

عەبدولمسەوەر بارزانی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازی کوردستان، کە یەکێکە لە لیستە نوێیەکان لەچاوپێکەوتنێکی پێشتریدا لەگەڵ رۆژنامە رایگەیاندبوو، لە سیستمی دیموکراسیدا، پۆلیس، پۆلیسە پێش‌و دوای هەڵبژاردنیش. ئەم جیهازانە ئەرکیان پاراستنی میللەتێکە نەک لایەنێک‌و حیزبێک، ئەگەریش هەرێم دەیەوێت پەیڕەوی دیموکراسی بکات ئەوە دیموکراسیەتی راستەقینەیە. عەبدولمسەوەر ئاماژەی بەوەشکردبوو، لەبارەی پشتگیری ئەو هێزانە لەدەسەڵاتی حیزب نموونەی زۆر سلبی لەهەرێمی کوردستاندا لەبەردەستە، بەڵام ئەو نایەوێت باسی بکات، بەڵکو دەیەوێت ئەو هێزە سەیری هێزی چەکداری وڵاتانی پێشکەتوو بکەن‌و بزانن ئەوان چۆن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا مامەڵە دەکەن‌و وتی: «هێزی چەکدار پێویستە بەئەرکی مێژوویی خۆیان هەستنن کە پشتگیریکردنە لەهەڵبژاردنەکان‌و ڕێزگرتنە لەئیرادەی میللەتەکەیان، هەروەک ئەوە بزانن هەموو میللەت چاوی لەئەوانە بیانپارێزن».

لەخاڵی یەکەمی بڕگەی (ج)ی مادەی نۆیەمی دەستووری عێراقدا هاتووە: کارمەندانی هێزی چەکدارو ئەفسەرانی سەربازی بۆیان نییە خۆیان بپاڵێون بۆ وەرگرتنی پۆستی سیاسی، هەروەک ئاماژە بەوەشکراوە ئەو هێزانە ناتوانن بچنە ناو پڕوپاگەندەو بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، واتە بەقازانجی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە کاربکەن. لێرەوەو بەپێی دەستووری عێراقی هێزی چەکدار ناتوانن لەڕێی سوودوەرگرتن لەپۆستی سەربازیی‌و جلوبەرگی سەربازییەوە، نەک بەچەک، بەڵکو بەقسەش ناتوانن ببنە لایەنگری لایەنێکی ناو پرۆسەکەو دژایەتی لایەنێکی دیکە بکەن.

پێشتریش فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندبوو، بەئامانجی دروستنەبوونی ساختەکاری لەناو هەڵبژاردنەکەی هەرێمدا، جگەلە نەتەوەیەکگرتووەکان‌و یەکێتی ئەورووپاو کۆمکاری عەرەبی‌و کۆنگرەی ئیسلامی، لەسەر ئاستی باڵیۆزخانەو حکومەت‌و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش، زیاتر لە (١٠٠) دەوڵەت چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێم دەکەن، بەمەش بەشێک لەنوخبەی سیاسی‌و رۆشنبیری کوردی پێیانوایە ئەم هەڵبژاردنە «تاقیکردنەوە» قورسەکەی بەردەم دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەبێت بۆ ئەوەی ئەزموونی ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە نەبێتەوە، کە لەڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکانداو لەبەر ڕوودانی ساختەکاریی پارێزگاکانی هەرێم چوونە لیستی رەشەوە.

بەبڕوای لیوا سەروەر قادر، شارەزا لەکاروباری سەربازیی‌و ئاسایشی نیشتمانی پێویستە حیزبە کوردییەکان دەسەڵات‌و هێزەکانیان رابهێنن، کە بێلایەنی خۆیان لەناو پرۆسەی هەڵبژاردن بپارێزن بەوپێیەی چاودێریکی زۆری نێودەوڵەتی‌و هەرێمیی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بوونی دەبێت، وتیشی: «پێموانییە ئەم هێزانە بتوانن بێلایەنیی خۆیان بپارێزن، چونکە ئێستا لەکوردستان ئەو حاڵەتە ماوە، کە چەکداری حیزب لایەنگری حیزبەکانیانن، کەواتە ئەگەر کۆنترۆڵێکی توند لەسەر پرۆسەکە نەبێت، ئەو هێزانە هۆکار دەبن بۆ کاری ساختەکاریی لەناو هەڵبژاردنەکاندا».

ئەو شارەزا سەربازییە ئاماژەی بەوەشکرد، کە پێویستە حیزبە گەورەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی کوردستان‌و ناوبانگی نێودەوڵەتی خۆمان تەجاوزی ئەو حیزبایەتییە تەسکە بکەن لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەیەکی دروست‌و تەندروستدا هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە.

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن هێزە ئەمنییەکان‌و هێزی پێشمەرگە لەتۆماری دەنگدانی تایبەتدا، دوو رۆژ پێش هەڵبژاردنی مەدەنی دەنگدەدەن‌و هەرپێشمەرگەیەک ناوی لەتۆماری دەنگدانی تایبەتدا هەبێت ناوی لەتۆماری مەدەنیدا دووبارە نابێتەوەو ناتوانێت جارێکی دیکە دەنگبدات. لەبنکەکانی دەنگدانیش هاوڵاتی مافی هەیە لەیەک وێستگە دەنگ بدات، هەروەک هیچ گروپێک ناتوانێت بەزۆر بچێتە بنکەیەک‌و دەنگ بدات، چونکە ڕێژەی هەڵە لەهەر ویستگەیەک (٤٪)ە. واتە ئەگەر لەوێستگەیەک (٤٠٠) ناو مافی دەنگدانی هەبێت، دەبێت لەچوارچێوەی ئەو ڕێژەیەبێت‌و ئەگەر ناوەکان ببنە (٤٢٠) ناو، بەتەزویر حساب دەکرێت‌و رادەگیرێت. هاوکات ئەگەر لەحاڵەتێکدا ناوی پێشمەرگەیەک لەدەنگدانی تایبەتدا نەهاتەوە، ئەوا دەکرێت لەڕۆژی دەنگدانی مەدەنیدا، واتە (٢٥)ی تەمموز، هێزەکە مۆڵەت بەو پێشمەرگەیە بدات بۆ ئەوەی بچێت دەنگ بدات‌و مافی دەنگدانی نەفەوتێت.

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش، لەڕۆژی هەڵبژاردندا بەهیچ شێوەیەک هێزی چەکدار ناتوانن بەناوی هێزی سەربازییەوە، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بجوڵێن، بەڵکو تەنیا ئەرکیان پاراستنی ئەمنیەت‌و ئاسایشی هەرێم‌و بەڕێوەچوونی ئارامی هەڵبژاردنی بنکەکانی دەنگدان دەبێت.

بەوتەی مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەی یەکێتی، بنکەکانی دەنگدان نوێنەری هەموو لایەنەکان‌و چاودێرانی بیانی لێیەو ناتوانرێت هەرکەسە بەئارەزووی خۆی بچێت، دەنگ بدات، هەروەک ڕێنمایی ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگە کراوەو ئەگەر حاڵەتێکی لەوشێوەش هەبێت ئیجرائاتی یاسایی لەدژیان دەگیرێتەبەر، وتیشی: «هێزی پێشمەرگە ناتوانن دووجار دەنگ بدەن، چونکە کە لەڕۆژی دەنگدانی تایبەتدا دەنگیاندا، ئیتر ناوەکانیان وەردەگیرێت‌و ناتوانن لەشوێنێکی دیکەو جارێکی دیکە دەنگ بدەنەوە، ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەش ئەخلاقییەو ویژدانییە بەرامبەر هەڵبژاردن‌و هیچ پێویست ناکات هیچ لایەنێک ساختەکاریی‌و فێڵ بکات‌و کاریگەری بخاتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان».

لەوەڵامی ئەوەشدا چ گرەنتییەک هەیە، ئەو کەسانەی لەدەنگدانی تایبەتدا بەناوی هێزی ئاسایش‌و پێشمەرگەوە دەنگدەدەن، لەڕۆژی هەڵبژاردنی مەدەنیشدا ناتوانن دەنگ بدەنەوە، سەرچاوەیەک لەدەستەی باڵای هەڵبژاردنی هەرێم بەرۆژنامەی راگەیاند: تەنیا ئەوەیە هێزە ئەمنییەکان ناویان لەتۆمارە گشتیەکەدا دووبارەنەبێتەوە، ئەگەرنا هیچ گرەنتییەکی دیکە نییە، یان ئەگەر دواتر ئەوکەسە جلوبەرگی خۆی گۆڕی‌و نفوسێکی دیکەی هێنا بێگومان نازانرێت پێشتر دەنگی داوە، بۆیە ئەگەر لادانی ناوی ئەوکەسانە بەپێی ڕێوشوێنێکی توند نەبێت، بێگومان هەموویان دەتوانن دووجار دەنگ بدەنەوە.

www.netewe.com

# حکومەت لە دەرکردنی فەرمانبەرانی نەکۆڵیوەتەوە

**فەلاح نەجم**

حکومەتی هەرێم هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی ئەو فەرمانبەرانە نەکردووە، کە لەسەر بوونی پەیوەندیان بەلیستی گۆڕانەوە لەسەرکارەکەیان دەرکراون، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەڕاگەیاندراوێکیدا، ئەنجومەنی وەزیران بڵاویکردەوە: «هیچ فەرمانبەرێکی حکومیی لەسەرکارەکەی دەرنەکراوە».

هەرچەندە ئامارێکی ڕەسمیی لەبەردەستدا نییە دەربارەی ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی پاش ئاشکرابوونی ناوی پاڵێوراوەکانی لیستی گۆڕان گوازراونەتەوە یان دەرکراون، ئەو پرۆسەی دەرکردنە تائێستاش بەردەوامە، کە ژمارەیەکی زۆر لە (ڕاگرو مامۆستای زانکۆ، پۆلیسی پلەدار لەوەزارەتی ناوخۆ) بۆ ئەو مەبەستە دەرکراون، ئەو فەرمانبەرانەی کە دەرکراون لەلێدوانەکانیاندا بۆ ڕۆژنامە ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە بەتەواوی پێیانوتراوە دەرکراون.

ئەمە لەکاتێکدایە ڕاگەیەنراوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بڵاویکردەوە «ماوەی چەند ڕۆژێکە لەهەندێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاودەکەنەوە، حکومەتی هەرێم دەستی داوەتە دەرکردنی فەرمانبەرانو لەسەرکار لادانیان بەهۆی لایەنگری لیستێکو هەڵوێستی سیاسییان»و هەواڵی دەرکردنی ئەو فەرمانبەرانە بەناڕاست لەقەڵەمدەدات لەکاتێکدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەو کەسانە نەکردووە کە دەرکراون، هیچ لیژنەیەکی بەدواداچوونیشیان دروستنەکردووە تابزانن چەند فەرمانبەری حکومیی لەسەر لیستی گۆڕان دەرکراون.

فاخیر تەلانی کارمەندێکی ئاسایشی دوکانەو پاشئەوەی خۆی یەکلاییکردووەتەوە کە سەر بەلیستی گۆڕانە، عەمید حەسەن نوری بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی بەتەلەفۆن ئاگاداری کردووەتەوە، کە لەسەر کارەکەی دەرکراوەو لەئاسایشی دوکان نامێنێتو ناوبراو ئێستا وەک کەسێکی ئاسایی لەماڵەوە دانیشتووە.

لەو ڕاگەیەنراوەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە: «کەس لەسەر هۆکاری سیاسی فەسڵ نەکراوە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەرپرس نییە لەژیانی ناوخۆی حیزبەکان، کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەندامانی حیزبەکەیدا دەکات، هەرفەرمانبەرێک لەسەر هۆکاری سیاسی فەسڵ بکرێت، دەتوانێت لای ئەنجومەنی وەزیران سکاڵا بکات، ئێمە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە دەکەین».

هۆکاری سیاسی تەنیا هۆکاری دەرکردنی ئەو فەرمانبەرانەیە، چونکە پەیوندیان بەلیستی گۆڕانەوە بووە، بەبڕوای پسپۆڕێکی سیاسیش هۆکاری دەرکردنی فەرمانبەرە حکومیەکان لەلایەن یەکێتی-یەوە ئەوپەڕی دەستێوەردانی حیزبە لەکاروبارەکانی حکومەت کە تائێستاش فەرمانبەرانی حیزبو حکومەت لەیەک جیاناکرێتەوە.

بەبڕوای د. سالار باسیرە مامۆستای زانستی سیاسی لەزانکۆی سلێمانی، پێویستە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر دەرکردنی ئەو فەرمانبەرانە پێکبهێنرێتو لێپرسینەوەش لەوانە بکرێت کە کەسی حکومیی لەفەرمانگەکاندا دەردەکەن.

لەپێش ئاشکرابوونی ناوی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان، هەریەک لە عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند: «نابێت هیچ کەسێک لەسەر هیچ هۆکارێکی سیاسی، لەسەر هەڵبژاردنەکان، لەفەرمانگە حکومیەکاندا دەربکرێت، هەرلایەنێک ئەوکارە بکات لێی دەپرسرێتەوە».

لابردنی د.جەعفەر عەلی ڕاگری کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی ڕانیە بەتەواوەتی پێچەوانەی لێدوانی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەت ئەو ڕاگەیەندراوەی (٦)ی ئەم مانگە بڵاویانکردەوە. بەوپێیەی د.جەعفەر چەندینجار داوای دەستلەکارکێشانەوەی لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە کردووە، بەڵام داواکەی قبوڵ نەکراوە، بەڵام لەسەروبەندی پشتگیریکردنی ناوبراو لەلیستی گۆڕان بەبڕیارێکی سیاسی دەرکرا.

# کەسوکاری شەهیدانی کیمیاباران، هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن

**ڕەهەند محەمەد**

ژمارەیەک لە کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە داوا لە شارەوانیی شارەکەیان دەکەن بەڵێنەکانی جێبەجێبکات، ئەگەر نا، خۆپیشاندان دەکەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، (١١٧٠) کەسوکاری شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، داوا لەسەرۆکایەتی شارەوانیی هەڵەبجە دەکەن بەپێی ئەو بەڵێنەی کە ماوەی (٤) مانگە پێیاندراوە، زەوی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکرێت، بەپێچەوانەوە هەڕەشەی خۆپیشاندانو هەڵوێستوەرگرتن دەکەن.

جەلال قوربانی، نوێنەری کەسوکاری ئەو شەهیدانەی کە تائێستا زەوییان وەرنەگرتووە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە (١١٧٠) کەسینو هەریەکەمان خاوەنی شەهیدێکی کیمیابارانین، ماوەی (٤) مانگە بەڵێنیان پێداوین زەوی نیشتەجێبوونمان بۆ دابین بکەن، بەڵام هەتا ئەمڕۆ سەرۆکایەتی شارەوانیی هەڵەبجەو لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ هەنگاوێکیان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان نەناوە، ئەگەر لە کورتترین ماوەدا داواکەمان بۆ جێبەجێنەکرێت، ئەوا خۆپیشاندانێکی توند بۆ بەردەم شارەوانیی هەڵەبجەی شەهید ڕێکدەخەینو بەردەوامیش دەبین تا ئەوکاتەی داواکەمان جێبەجێدەکرێت.

خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، بێئاگایی خۆی لەو بڕیارەی کەسوکاری شەهیدان پیشاندا، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی کە بە کەسوکاری شەهیدانی شارەکەمان داوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا زەوی نیشتەجێبوون بۆ تەواوی کەسوکاری شەهیدان دابیندەکەین».

هاوکات یەکێکی دیکە لە کەسوکاری شەهیدانی کیمیاباران، نیگەرانیی خۆی لە بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم دەربڕیو وتی: «لە بەرواری ٣/١٦ی ئەمساڵدا بەنیازبووین خۆپیشاندانێکی گەورە ڕێکبخەین، بەڵام بەرپرسانی ناوچەکە بە بەڵێنی بێینەما ڕێگایان لە خۆپیشاندانەکە گرت، بەڵام ئەمجارەیان هیچ ئومێدێکمان بە بڕیارەکانی حکومەت نەماوەو دەمانەوێت بە هەوڵو تواناو هەڵوێستی خۆمان، مافەکانی خۆمان دەستەبەر بکەین».

# لیستی هیوا سکاڵای لەسەر کۆمسیۆن تۆمارکرد

**سامان بەشارەتی**

لیستی هیوا لەدادگا سکاڵایەکی یاسایی لەدژی بڕیارێکی کۆمسیۆن تۆمارکردووەو داواش دەکات کۆمسیۆن لەژێر هیچ گوشارێکی سیاسی بڕیار نەدات. سەرۆکی کۆمسیۆنیش ئاماژە بەوەدەکات بڕیارەکە هیچ گوشارێکی سیاسی لەپشتەوە نییە.

دوێنێ لەبەردەم کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەولێر لیستی هیوا خۆپیشاندانێکی سازکرد، سەبارەت بەبەشدارینەکردنی لیستەکە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە (٧/٢٥) ئەنجامبدرێت، لەوبارەیەشەوە نەجیبە عومەر ئەحمەد سەرۆکی لیستی هیوا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیستەکەمان وەک قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمسیۆنەوە بەژمارە (٨٩٥) پەسەندکرا، بەڵام دواتر لەلایەن وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی عێراقەوە سکاڵامان لەسەر تۆمارکراوە، بۆ ئەوەی لیستەکەمان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەکات، کۆمسیۆنیش پەسەندی کردووە».

وابڵاوکراوەتەوە هۆکاری بەشداری پێنەکردنی لیستی هیوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم لیستە لەلایەن پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پشگیریی دەکرێت، ئەم پارتەش یەکێکە لەڕووخسارەکانی پەکەکە لەعێراق، بەڵام سەرۆکی لیستی هیوا ئەمە بەنادروست دەزانێتو دەڵێت: «ئێمە کۆمەڵێک کەسایەتین لەسەر بنەماو پرەنسیپی دیموکراتیو نەتەوەیی هاتووینەتە لای یەکتر، هیچ پەیوەندی بە ئەو پارتەوە نییە».

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئاماژەی بەوەکرد، ئەم بڕیارەی ئەوان هیچ گوشارێکی سیاسی لەپشتەوە نییە، وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی عێراق، نووسراوی ڕەسمیان بۆ ناردوین، کە نابێت ئەم قەوارە سیاسییە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، چونکە باشنییە بۆ کارکردن لەهەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی ئێمەش لێکۆڵینەوەمان کرد بۆمان دەرکەوت کە وەزارەتی دەوڵەت ڕاست دەکات نابێت ئەم قەوارە سیاسییە بەشداری هەڵبژاردن بکات.

فەرەج حەیدەری ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم قەوارە سیاسییە دەتوانێت لەدادگا سکاڵا تۆمار بکاتو ئەو بەڵگانە بە درۆ بخاتەوە بەدرۆدا بۆ ئەوەی ئێمەش بەشدارییان پێبکەین.



لایەنێکی خۆپیشاندانەکە

# نزیکەی (٢٤٠) هەزار کەس سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەرانیان کردووە

**سامان بەشارەتی**

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەهەولێر ڕایگەیاند: لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا (٢٣٤٥٤٧) کەس لەهەرێم بۆ دڵنیابوون لەناوەکانیانو سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەرانیان کردووە.

حەیدەری لەوکۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیەدا ئەوەی خستەڕوو: کە لەپارێزگای دهۆک (٢٧٦٧٥) کەس سەردانی بنکەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانیان کردووە، لەپارێزگای هەولێر (١٢٨٠٤٢) کەسو پارێزگای سلێمانیش (٧٨٨٣٠) کەس سەردانی بنکەکانی دەنگدانیان کردووە کە سەرجەمیان دەکاتە نزیکەی (٢٤٠) هەزار کەس، هەروەها (١٧٩٢٥) کەس لەڕێگەی هەردوو ژمارە تەلەفۆنە تایبەتەکەوە خۆیان لەڕاستیو دروستی ناوەکانیان دڵنیاکردووەتەوە.

پیشتر کۆمسیۆن ماوەی نێوان (٥/٢٥) بۆ (٦/٧)ی بۆ هاوڵاتییان دیاریکردبوو بۆ ئەوەی سەردانی بنکەکان بکەن، بەڵام بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی ئەو بنکانەیان دەکرد وادەکەی بۆ دوو ڕۆژی دیکە درێژکردەوەو تاسەعات ٤ی سبەینێ ٦/٩ دەرگای بنکەکانی کۆمسیۆن واڵا دەبێت لەبەردەم هاوڵاتییاندا.

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەوەشی ڕاگەیاند: هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم لەلایەن چەندین ڕێکخراوو لایەنی جیاجیاوە چاودێریی دەکرێت، وتیشی: «نزیکەی (١٠٠) ڕێکخراوی نێودەوڵەتیو باڵیۆزخانەی وڵاتانی دیکە چاودێریی هەڵبژاردنەکە دەکەن».

هەر لەدرێژەی ئەو گۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا فەرەج حەیدەری باسی لەڕێژەی ئەوکەسانە کرد کە لە ڕێگەی تەلەفونەوە ڕاستیی ناوەکانیان دڵنیا کردووەتەوە.

# دەستەی نەزاهە چوار دادوەری کورد ناچاردەکات سامانەکانیان ئاشکرابکەن

ستارە عارف

دەستەی نەزاهەی عێراقی داوا لە چوار دادوەری کوردی دەستەی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکان دەکات فۆرمی تایبەتی دەستەکە پڕبکەنەوە کە تایبەتە بە ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسانی عێراقی.

سامی شەبەک بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەستەی نەزاهەی عێراقی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو چوار دادوەرە سەر بەدەستەی گشتی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکانن و لە هەرێم کاردەکەن، ئامادە نەبوون سامانەکەیانیان بۆ دەستەی نەزاهەی عێراقی ئاشکرابکەن، بەڵام لەلایەن دەستەکەوە ناچار دەکرێن، فۆرمی پشکنینی بەرژەوەندی دارایی پڕ بکەنەوەو پێشکەش بەدەستەکەی بکەن».

بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمسیۆن ئامادە نەبوو ناوی دادوەرەکان ئاشکرابکات، بەڵام ئاماژەی بەوەکرد، کێشەکەیان ئەوە بووە گوایە سەریان قاڵەو کاتیان کەمە، بەڵام دەستە ناچاریان دەکات فۆرمەکە پڕبکەنەوە.

هاوکات دەستەی نەزاهە داوای لەسەرجەم بەرپرسە عێراقییەکان کرد، فۆرمی ئەستۆپاکی پڕبکەنەوە، کە یەکێک لەبڕگەکانی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانەکانیانەو تائێستا ژمارەیەک وەزیری کوردی کابینەکەی مالیکی ئەو فۆرمەیان پڕنەکردووەتەوە.

بەپێی یاساکەی دەستەی نەزاهەی عێراقی، پێویستە لەبەڕێوەبەری گشتییەوە تاسەرۆک کۆمارو پلە تایبەتییەکانو فەرماندەی هێزە سەربازییەکان فۆرمی ئاشکراکردنی سامانو بەرژەوەندییەکانیان دووجار پڕبکەنەوە، یەکەمجار لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکەیانداو دووەمجاریش لەکاتی کۆتاییهاتنی پۆستەکەیاندا، تائێستا لەکۆی (٢٧٥) بەرپرس تەنیا (٤٥) بەرپرس ئەم فۆرمەیان پڕکردووەتەوە.

ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەوبارەیەوە دەڵێت: لەیاساکەی دەستەی نەزاهەدا پلەوپایەی بەرپرسەکان دیاریکراوەو هەریەک لەبەڕێوەبەری گشتیو سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمو ئەندام پەرلەمانەکانو دادوەرو ئەفسەرە پلەبەرزەکان دەگرێتەوەو دەبێت فۆرمی پشکنینی بەرژەوەندی دارایی «كشف مصالح مالية» پڕبکەنەوەو لەسەرەتای وەرگرتنی پۆستەکەیەوە دەبێت ئەو فۆرمە پڕبکاتەوەو دواتریش کە پۆستەکەی بەجێدەهێڵێت جارێکی دیکە فۆرمەکە پڕبکاتەوەو هەرکەسێک پڕی نەکاتەوە بەپێی یاساکە سزا دەدرێت.

بەبۆنەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٨ی دەستەی نەزاهەوە ڕەحیم عگێلی سەرۆکی دەستەکە ڕایگەیاند: دەستەیان لەماوەی ئەو ساڵەدا (٥٠٣١) سکاڵاو ئاگادارکردنەوەی لەبارەی گەندەڵییەوە پێگەیشتووەو (٣٠٢٧)یان لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە داواکانیان ئامادەکراوەو (٦٣٠) فەرمانی دەستگیرکردنیش بەهۆی گەندەڵییەوە لەدادگا دەرکراوەو هەر لەماوەی ئەو ساڵەدا (٩٧) کەس بەتاوانی گەندەڵی حوکمدراونو (٤١٧) کەسیش تائێستا دەستبەسەرنو ئاماژەی بەوەشدا، کە ژمارەی ئەو دۆسییانەی کە دەستەی نەزاهە لەدوای دامەزراندنییەوە تاکۆتایی ساڵی ڕابردوو لێکۆڵینەوەی تێداکردوون گەیشتووەتە (١٧٦١٠) دۆسییەو (١٢٩٧٥)یان ڕەوانەی لای دادگای لێکۆڵینەوە کراوەو (٩٣٧) دۆسیە گەیەنراوەتە دادگای تاوانەکانو لەدوای دامەزراندنی دەستەی نەزاهەشەوە (٣٦٩) کەس بەهۆی تاوانی گەندەڵی داراییو ئیدارییەوە حوکمدراون کە پێنجیان پێشتر وەزیر بوون

سامی شەبەک، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەستەی نەزاهەی عێراقی لەلێدوانەکەیدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەریەکە لە هوشیار زێباری، وەزیری دەرەوەو فەوزی حەریری، وەزیری پیشەسازیی تائێستا ئەو فۆرمەیان پڕنەکردووەتەوە، کە پێکهاتووە لە «كشف مصالح مالية» ئێمەش درەنگ دەستمان پێکرد، پێویستبوو پێشتر بەم کارە هەڵبستاینایە، لەسەرەتای وەرگرتنی پۆستەوە دەبێت ئەم فۆرمە پڕ بکرێتەوەو بۆمان بنێرن.

وتیشی: «ئەو دوو وەزیرە نەیانوتووە پڕیناکەینەوە، بەڵام دواکەوتوون لەپڕکردنەوەی فۆرمەکەو هێشتا فۆرمەکانیان بەدەستمان نەگەیشتووەتەوە».

بەپێی ڕێنماییەکانی دەستەی نەزاهە ئەگەر بەرپرسێک ئەو فۆرمە پڕنەکاتەوە لەلایەن فەرمانگەکەیەوە ئەستۆپاکی پێنادرێتو ئەوکاتەش مامەڵەی خانەنشینی ناڕوات بۆ ئەوەش پێویستە لەسەر هەر بەرپرسێک ئەگەر لەکۆتایی پۆستیشدا نەبێت فۆرمەکە پڕبکاتەوە.

هەروەک سامی شەبەک دەڵێت: «پێویستە متمانەو ئەستۆپاکی خۆیان نیشانبدەنو لەبەر ئەوەی یەکەمجاریش ئەم وەزیرانە فۆرمیان پڕنەکردووەتەوە، بۆیە دەبێت ئێستا پڕیبکەنەوەو سامانیان ئاشکرا بکەن».

## جەبار یاوەر: سوپای عێراق لایەنگری لایەنە سیاسییەکان ناکات

# چارەنووسی پێشمەرگە لەموسڵ دوای کشانەوەی ئەمریکا بەکوێ دەگات؟

محەمەدساڵح حەمەلاو

بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایدەگەیەنێت، هاوکات لەگەڵ وەرگرتنەوەی دۆسییەی ئەمنی موسڵ لەهێزەکانی فرەڕەگەز، دەبێت هێزی پێشمەرگە شارەکە چۆڵ بکەن، وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمیش ئاماژە بەوەدەکات، تامادەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێتو بەپێی ڕیفراندۆم چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی نەکرێتەوە، هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانە چۆڵ ناکەن.

عەدنان ئەسەدی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەڕۆژنامەی حەیاتی ڕاگەیاند: مانگی داهاتوو دۆسییەی ئەمنی پارێزگای موسڵ، دەدرێتەوە بەسوپای عێراقو ڕێگەش نادرێت بەهیچ میلیشیایەکی چەکدار لەدەرەوەی هێزە ئەمنییەکان، لەشارەکەدا بمێننەوە.

ئەسەدی وتیشی: بوونی هێزی پێشمەرگە لەشاری موسڵ نایاساییەو کێشەیان لەچەندین ناوچە، دروستکردووە، لەلێدوانێکیشیدا ئوسامە نجێفی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد، بارودۆخی شاری موسڵ مەترسیدارەو ئەگەری پێکدادانی سوپای عێراقو پێشمەرگە لەئارادایە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە، کە گوایە بەهۆی ڕێگریکردنی سوپای عێراق لەلایەن پێشمەرگەوە لەچوونیان بۆ هەندێک ناوچەی پارێزگاکە بارودۆخەکە بەرەو نائارامی دەڕوات.

بەوتەی ئەسەدی ماوەی چەند ساڵێکە هێزە کوردییەکان لەو ناوچەیە باڵادەستەو دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکانو پێکهێنانی ئیدارەی نوێ، بەهۆی بەشدارنەبوونیان لەدەسەڵات، ئێستا کورد هیچ شتێک ناکەنو پێشیوابوو چارەسەری ئەو بارودۆخە تەنیا بەدەرچوونی پێشمەرگە دەبێت لەناوچەکە.

جەبار یاوەر، وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم (پێشمەرگە)، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بوونی هێزی پێشمەرگە لەناوچە جێناکۆکەکان نایاسایی نییەو هەریەک لەسوپای عێراقو هێزەکانی هەرێمیش سیستمی بەرگری نیشتمانی عێراق پێکدەهێننو ئەو لێدوانانەش کە دەربارەی بوونی هێزی پێشمەرگە لەناوچەی موسڵ بڵاودەکرێنەوە لێدوانی سیاسیو شەخسینو زۆرجار کەسانی وەک ئوسامە نجێفیو ئەسیل نجێفی لێدوانی لەوشێوەیە دەدەن، ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو لێدوانەش گوزارشت لەدەستوورو یاسای عێراق ناکەن، چونکە دەستوور ئەوە دیاریدەکات کە چ هێزێک یاساییەو چ هێزێک نایاساییە».

لەدوای پرۆسەی ڕزگاری عێراقەوە پێشمەرگە بۆ پارێزگاریکردن لەچەندین ناوچەی جێناکۆکی وەک زومارو شێخانو مەخمورو ناوچەکانی دیکەی سنووری پارێزگای موسڵ جێگیرکراون.

وتەبێژی هێزەکانی پێشمەرگە، باسی لەوەشکرد، لەدوای پرۆسەی ڕزگارییەوە لەساڵی (٢٠٠٣) کە پۆڵ بریمەر سوپای عێراقی هەڵوەشاندەوە، هیچ هێزێکی عێراقی لەو ناوچانە نەبوون دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزە فرەڕەگەزەکان بەشداری ئازادکردنی ئەو ناوچانەیان کرد هێزی پێشمەرگە بەڕەزامەندیو ئاگاداری هێزەکانی فرەڕەگەز چوونەتە ئەو شوێنانەو ماونەتەوە. «لێدوانەکانی نجێفیو ئەسیل بێ بنەمان»، چونکە وەک یاوەر وتی: «نەدەکرا لەدوای پرۆسەی ڕزگارییەوە ئەو ناوچانە بۆ تاقمو باندە تیرۆریستییەکان چۆڵ بکرانایە».

وتەبێژی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم ئەوەشی ڕوونکردەوە، «مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەوناوچانە بەردەوامدەبێت تا ئەوکاتەی بەپێی مادەی١٤٠ کێشەی ئەو ناوچانە یەکلایی دەبێتەوەو هەرکاتێک ئەو ناوچانە کەوتنە سنووری حکومەتی عێراق، ئەوا دەبێت هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، بەڵام ئەگەر دەرکەوت ئەوناوچانە دەکەونە سنووری هەرێمی کوردستان، ئەوا پێشمەرگەو ئیدارەی ناوچەکەش دەکەوێتە چوارچێوەی سنووری کوردستانەوە»

پێکهاتەی کورد ڕێژی سێیەکی دانیشتووانی ناوچەی موسڵ پێکدەهێنێت دوای بردنەوەی لیستی حەدبا لەهەڵبژاردنی موسڵ-دا، بەڕێوەبردنی ئیدارەی ناوچەکە بەشێوەی تاکلایەنە بەڕێوەدەبرێتو لیستی برایەتی دووەم براوەی پارێزگاکەیەو لەهەموو پۆستە ئیدارییو سیادییەکان بێبەشکراون.

جەبار یاوەر ئەوەشی ڕاگەیاند: «گرژییو ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە گرژییو ئاڵۆزیی سەربازی نییە، بەڵکو سیاسییەو پەیوەندی بەگرژییەکانی نێوان لیستی حەدباو لیستی برایەتییەوە هەیەو مەحاڵە پێکدادان لەنێوان سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا دروست بێت».

جگەلە هێزە فرەڕەگەزەکانو هێزی پێشمەرگە، هەردوو فیرقەی (٢)و(٣)ی سوپای عێراق لەسنووری موسڵدا هەنو تێکەڵن لەهەموو پێکهاتەکانی ئەو شارە، فەرماندەی فیرقەی سێ کوردەو ژمارەیەک لەفەرماندەی لیواکانی فیرقەی دووش کوردن.

جەبار یاوەر پێیوایە، ئەو سوپایەی ئێستا لەوناچانەدان سوپای پێشووی عێراق نین، بۆیە ئەگەری ڕووبەڕوبوونەوەو پێکدادان لەنێوان سوپای عێراقو پێشمەرگە مەحاڵە.

یاوەر پارێزگاری موسڵی بەوە تۆمەتبارکرد، لەهەوڵی ئەوەدابوو گرژییو ناکۆکیەکانی ناوچەی موسڵ بکاتە گرژییو ئاڵۆزیی سەربازییو زۆر هەوڵیداوە لەگەڵ فیرقەی دوو، فیرقەی سێو پۆلیسی موسڵ بۆئەوەی بچن بەگژ هێزی پێشمەرگەدا، هەروەک پارێزگاری موسڵ زۆرجار هەوڵی ئەوەی داوە لەسەردانەکانیدا بۆ ناوچەکانی زومارو شێخانو بەعشیقە، کە ناوچەی جێناکۆکن ئەو هێزانە لەگەڵ خۆیدا ببات، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون لەگەڵ پارێزگاردا سەردانی ئەو ناوچانە بکەن،

وتەبێژی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم لەو بڕوایەدابوو ئێستا سوپا لایەنگری سیاسی ناکاتو سوپا، سوپای نوێی عێراقە، نەک سوپای ئوسامە نجێفیو ئەسیل نجێفیو ئەوەی کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، کە لەو ناوچانە شەڕ دروست بێت لەنێوان سوپاو پێشمەرگە، خەیاڵە، جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە کە تامادەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێتو چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی نەکرێتەوەو دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەوە یەکلایی نەبێتەوە کە ئاخۆ ئەو ناوچانە دەکەونە سەر ئیدارەی حکومەتی عێراق یان هەرێمی کوردستان، بوونی هێزی پێشمەرگە لەناوچەی موسڵو ناوچەجێناکۆکەکانی دیکەدا هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایەت،

موحسین سەعدون، نوێنەری موسڵ لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی خستەڕوو، بوونی هێزی پێشمەرگە لەناوچەی موسڵ بوونێکی یاساییەو جێگیربوونیشیان لەو ناوچانەدا بەڕەزامەندی حکومەتی عێراق بووە، وتیشی: «بەهۆی بوونی پێشمەرگەوە دووبارە هەیکەلی ئیداریی ئەو ناوچانە داڕێژراونەتەوەو دەستووریش ئەوەی سەلماندووە، کە هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی سوپای عێراقو هێزی پاسەوانی هەرێمدایە».

ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بەوەشکرد، تائێستا هیچ پێشێلکارییەکی یاسایی لەلایەن پێشمەرگەوە لەوناوچانە ڕووی نەداوەو پێشمەرگەش دەستی لەکێشە ناوخۆییەکانی ناوچەکە وەرنەداوە.

وتیشی: «ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانی لێدوانەکانی بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێن لەگەڵ وەرگرتنەوەی دۆسییەی ئەمنی ناوچەی موسڵ دەبێت هێزی پێشمەرگە ناوچەکە چۆڵ بکاتو ئەو ناوچانەش کە ئێستا هێزی پێشمەرگەیان تێدا جێگیربووە لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەن کە لەمادەی ١٤٠-دا ئاماژەی پێکراوەو بوونی هێزی پێشمەرگەش مافێکی دەستووریو یاساییە».

موحسین سەعدون ئەوەشی دووپاتکردەوە، کە هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لەوناوچانە دەکات تا بەپێی دەستوورو مادەی ١٤٠ کێشەی ناوچەکە یەکلایی دەبێتەوەو لەحاڵەتی وەرگرتنەوەی دۆسییەی ئەمنیشدا ناوچەی موسڵ پێویستە سوپای عێراقو هێزی پێشمەرگە هەماهەنگی بکەن بۆ پارێزگاریکردن لەناوچەکە لەتیرۆریستان.


شاری موسڵ

# بەڵێ، ئێمە لەحکومەت دەرکراوین

فاخیر تەلانی



لەدوای ڕاگەیاندنی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان، کەبڕیارە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ئەنجامبدرێت، هەڵمەتی دەرکردنی کارمەندانی حکومیی بە تۆمەتی پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە بەردەوامە، بەبێ بوونی هیچ سەرپێچییەک لە کارەکانیاندا دەردەکرێن‌و دەگوازرێنەوە، بەتایبەتیش لەو فەرمانبەرو کارمەندانەیان هەڵپێچاوە کە سەر بە لیستی گۆڕانن، وتەبێژی سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەڵامی دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەداتەوە گوایە هیچ فەرمانبەرێکی حکومیی لەسەر بیروڕای جیاواز لەسەر کارەکانیان دەرنەکراون، پێدەچێت وتەبێژی سەرۆکی حکومەت لەبەر سەرقاڵیی کارەکانی حکومەت‌و وەڵامدانەوەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، نەپەرژێتە خوێندنەوەو گوێبیستی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە ڕۆژانە لەگەڵ ئەو کارمەندانەی دەرکراون چاوپێکەوتن دەکرێت کە لەسەر بیروڕایان دەردەکرێن‌و لە کارەکانیان دووردەخرێنەوە. لێرەدا بەپێویستمزانی وەڵامی ئەو وتەبێژە بدەمەوەو بێدەنگ نەبم، ئێمە دوو کارمەندی یاریدەدەریتی ئاسایشی دوکانین، لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٢٧دا بە تەلەفۆن لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە نێردراینەوە بۆماڵەوە، بەبێ هیچ نووسراوێکی ڕەسمیی، بێئەوەی هیچ کەمتەرخەمییەکمان لە کارەکەماندا کردبێت، تەنیا لەسەر بیروڕای جیاواز ئێمە نێردرابووینەوە ماڵەوە. پێدەچێت وتەبێژەکەی حکومەت دەزگای ئاسایشی هەرێمی بە دەزگایەکی هەرێم لەقەڵەم نەدابێت، یان ئەوەتا هەردوو دەزگای ئاسایش بە نایاسایی لەقەڵەمدەدات، لەبەرئەوەی تائێستا یەکیان نەگرتووەتەوە، ئەی لە کۆتایی ساڵ بێگوێدانە خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی دوکان، هەستان بە دەرکردنی مامۆستای ئەو پەیمانگایە بەناوی مامۆستا (ئاراس ئەحمەد)، لەسەر بیروڕای جیاواز. وتەبێژەکەی حکومەت پێدەچێت خۆپیشاندانی خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی دوکانی نەبینیبێت کە کردیان بەرامبەر دەرکردنی مامۆستاکەیان لە ٢٠٠٩/٥/٢٧دا، لەبەر سەرقاڵیی وتەبێژی حکومەت پێدەچێت ئەم خۆپیشاندانەشی نەبینیبێت. بریکاری وەزارەتی ناوخۆ (جەلال شێخ کەریم)، لە سایتی چاودێر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤دا، لێدوانێکیداوە، گوایە کەس لە ئەفسەرو کارمەندانی ناوخۆی دەرنەکراوە لەسەر بیروڕای جیاواز، من لێرەدا بە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ ڕادەگەیەنم (عەقید ڕەحیم خدر) بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر، سەر بە کام وەزارەتی هەرێمە، تەنیا لەسەر بیروڕای جیاواز بۆ لیستی گۆڕان لەسەر کارەکەی لابرا.

ئەمانەی سەرەوە مشتێکن لە خەروارێک، ئایا ئەمانە فەرمانبەری حکومەت نین لەسەر بیروڕای جیاواز لەسەر کار لابراون، یان دەتانەوێت بەمجۆرە لێدوانانە هاوڵاتییان لەخشتەبەرن.

# «سەرکردایەتی کورد لەمەسەلە نەتەوایەتییەکاندا دۆڕاوە»

ڕۆژنامە



لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی کورد هەمووکات باسی هەوڵەکانیان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکان، بەڵام بەبۆچوونی چاودێران‌و شارەزایانی مێژوو ئەو سەرکردایەتییە کەمتەرخەم بوون لەمامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە نەتەوایەتییەکانداو مانەوەی کێشەی ناوچەدابڕاوەکان‌و کێشەکانی هەرێم‌و ناوەندیش بەبەڵگەی ئەو کەمتەرخەمییە دەزانن.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣و دروستبوونی حکومەتی نوێی عێراق بەرپرسانی کورد چوونە بەغداو لەحکومەت‌و پەرلەماندا بەشدارییان کردو لەنووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کورد بەشداربووەو هەرچەند لەو دەستوورەداو بەپێی مادەی (١٤٠) چارەسەر بۆکێشەی ناوچەدابڕاوەکان دانراوە، بەڵام لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا مەسەلەی ناوچەدابڕاوەکان بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.

فاتیح عەبدوڵڵا، مامۆستای زانکۆی سلێمانی‌و پسپۆڕ لەبواری کێشەی کەرکوک وتی: «واقیعییەن ئەوە سەلمێنراوە، کە سەرکردایەتی کورد بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکان بەتایبەتی کەرکوک هیچی پێنەکراوە، چونکە لەسەرەتای پرۆسەوە بەغدا وێرانبوو، کوردستان سەنتەربوو، ئەو کاتە دەتوانرا زۆرشت بکەن‌و کارکردن بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکان بەتایبەتی کەرکوک تەنیا بەدروشم‌و قسەلەسەرکردن ناکرێت، قسە هیچ شوێنێک ناگرێت، هەروەها ئەوەی سەرکردایەتی کورد کردوویەتی بۆ قازانجی مادیی خۆیان بووەو جگەلە بەرژەوەندی تەسکی حیزبی خۆیان هیچی دیکەیان لەلا گرنگ نەبووە».

هەرچەند لەماوەی ڕابردوودا بەشێک لەبەرپرسانی کورد جەختیان لەکوردستانیبوونی شارەکە کردووەتەوە، بەڵام لەئێستادا بەبیانووی ئاڵۆزی کێشەکە دەستیان لەکوردستانیبوونی کەرکوک هەڵگرتووەو ڕێکەوتنی سیاسی بەچارەسەر دەزانن‌و بەبڕوای پسپۆڕە مێژووییەکە، سەرکردایەتی کورد لەمەسەلە نەتەوایەتییەکاندا دۆڕاوەو دەڵێت: سەرکردایەتی کورد لەمەسەلە نەتەوایەتییەکاندا دۆڕاوەو ئەوەی دەیڵێن، تەنیا بۆ چەواشەکردنی خەڵکەو بۆ بازرگانی خۆیان مەسەلە نەتەوایەتییەکان بەکاردەهێنن، سەرکرادیەتی کورد لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە خاکی کوردستانی خستە موزایەدەوە، ئەوەش گەورەترین تاوانە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکان وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارن».

هەر لەوبارەیەوە لەتیف فاتیح فەرەج، نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئەوە دەخاتەڕوو، کە سەرکردایەتی کورد دەیتوانی زۆرشت بکات، بەڵام نەیکردووەو دەشڵێت: «یەکێتی‌و پارتی دەیانتوانی بڕیاری گەڕانەوەی کەرکوکیان بۆ سەر هەرێم بدایە، بەڵام نەیانکردووە، ئەوەی کە یەکێتی‌و پارتی کردوویانە بریتیبووە لەبردنی خێروبێری کەرکوک، ئەوەش مەسەلەی کەرکوکی بردووەتە دواوە، لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس مەسەلەی کەرکوک کێشەی نێوان کوردو حکومەتی عێراق بوو، بەڵام لەئێستادا چەندین لایەنی دەرەکی هاتوونەتە ناوەوەو ئەوانیش خۆیان بەخاوەنی مەسەلەکە کردووە، بەوەش چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک زۆر ئاڵۆز بووە».

ئەو ڕۆژنامەنووسە ئاماژەی بەوەشدا، کە یەکێک لەکێشە گەورەکان ئەوەیە، کە تائێستاش سەرکردایەتی وادەزانن کەرکوک بەپارە دەگەڕێتەوە سەر هەرێم‌و خزمەتگوزاریی بەخەڵکی کەرکوک دەفرۆشن، سەرکردایەتی کورد گەڕانەوەی کەرکوکی بۆسەر هەرێم لەبیری خۆی بردووەتەوە، بەو پێیەی بەوتەی ناوبراو لەئێستادا کەرکوک خاوەنی دیکەی وەک ئەمریکاو تورکیاو نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ پەیدابووە

پرسی ( ناوچەجێناکۆکەکان، نەوت‌و غاز، بودجە، پێشمەرگە، سیاسەتی دەرەوە) لەوکێشانەن، کە لەنێوان هەرێم‌و بەغدادا بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو چاودێرانیش ئەو واقیعە بەباشترین نموونە دەهێننەوە بۆ سەلماندنی کەمتەرخەمی سەرکردایەتی کورد.

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا نەرمین عوسمان وەزیری ژینگەی عێراقی‌و جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ڕایگەیاند: سەرکردایەتی کورد کەمتەرخەمی نەکردووە، بەبەردەوامی لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەک باسدەکرێت، لەهەموو ڕێکەوتنێک لەنێوان لایەنە سیاسییەکان یەکێک لەخاڵەکانیان مادەی ١٤٠بووە، نازانم ئەگەر ئەمە کارنەبێت، ئیتر کار چۆن دەبێت ئەگەر سەرکردایەتی بیکات».

بەڵام لەتیف فاتیح دەڵێت: لەساڵی ٢٠٠٣ ئەگەر زەبروزەنگ‌و تاڵانمان نەکردایەو ئەگەر سەرکردایەتی بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ عەرەب‌و تورکمانەکان بکردایە، بەئاسانی دەمانتوانی ئاسەوارەکانی بەعس بسڕینەوەو کەرکوک بگەڕێنینەوە سەر کوردستان، ئەو بەرپرسانەی دەڵێن هەمووشتێک کراوە، بابەڵگەوە قسەبکەن، نەک بەقسە، باشترین نموونەش بۆ ئەوە واقیعی شارەکەیە کە لەدوای شەش ساڵ بەبێ چارەسەر ماوەتەوە «ئاماژەی بەوەشکرد، کە تائێستا سەرکردایەتی کورد وتارێکی یەکگرتووی لەبەغدا نییە، بەویست‌و ئارەزووی شەخسی بڕیار لەسەر مەسەلە نەتەوایەتییەکان دەدەرێت، نەک بەشێوەیەکی عاقڵانە، لەکاتێکدا عێراقییەکان دەزانن چۆن بیردەکەنەوە، وتیشی: «سەرکردایەتی کورد ئەوەندەی شەڕی لەسەر پارەو هەندێک مەسەلەی دیکە کردووە، ئەوەندە شەڕی لەسەر کەرکوک نەکردووە، بەپێچەوانەوە کارەکانی سەرکردایەتی کورد هۆکاربووە بۆئەوەی کەرکوکییەکان هیوابخوازن لەگەڵ ناوەند بمێننەوە».

# کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەسەرپێچییەکان دەپێچێتەوە؟

ستارە عارف

ماوەیەکە پارە بەخشینەوەو خەرجکردنی پارە بۆ پرۆژە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستی پێکردووەو (باس لەبەخشینەوەی دەمانچەش دەکرێت)و بەڕای شارەزایانیش، ئەگەر ئەو پارە بەخشینەوەیە کاتی هەڵبژاردن بێت، پێویستە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لێی بپێچێتەوەو لەدەرەوەی هەڵبژاردنیش دیوانی چاودێری دارایی، پەرلەمان لەم سەرپێچیانە ئاگادار بکاتەوە.

## پارە بەخشینەوە لەنێوان دیوانی چاودێری‌و پەرلەماندا

سەرهەڵدانی دیاردەی بەخشینەوەی پارەو دەمانچە لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانداو خەرجکردنی پارەیەک کە نازانرێت بودجەکە هی حکومەتە یان حیزبە، ئەرکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و دەزگای چاودێری دارایی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەوبارەیەوە زانا ڕۆستایی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو کارانەی کە ئەم حیزبانە دەیکەن لەدەرەوەی یاسایەو دیوانی چاودێری دارایی دەستبەکار نییە، چونکە دوای دەرچوونی یاساکە لەپەرلەمانی کوردستان تائێستا ئەو دیوانە بەپێی یاساکە دروست نەکراوەو دوو دیوانی چاودێری دارایی هەیە کە تائێستا یەکیان نەگرتووەتەوەو سەرۆکی دەزگاکە دیارینەکراوە، بۆیە ئیش‌وکارەکانی ڕاوەستاون».

زانا ڕۆستایی پرسیارێک ئاراستەی حکومەت دەکات‌و دەڵێت: «ئەو پرۆژانەی کە ئێستا لەسەروبەندی هەڵبژاردندا بەپەلە جێبەجێی دەکات، داراییەکەی لەکوێوەوە دابینکراوە، بودجەی پارساڵ تەواوبووەو بودجەی ئەمساڵیش پەسەند نەکراوەو ئەگەر بودجەی ٢٠٠٨ داخراوەو کۆتاییهاتووە، بودجەی ٢٠٠٩ش تائێستا لەپەرلەمان پەسەندنەکراوە، ئەم پارانە دوور لەشەفافیەت‌و لێپرسینەوەو دوور لەچاودێری دارایی بەچی پێوەرێک خەرج دەکرێت؟ لەمبارەیەوە گومانمان هەیە».

دەرکەوتنی دیاردەی پارە بەخشینەوە لەکاتێکدایە، کە تائێستا لەهەرێمی کوردستان دەقێکی یاسایی نییە تایبەت بەبەخشینەوەی پارە.

پارێزەر گۆران ئەدهەم بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند، هیچ دەقێکی یاسایی تایبەت بەپارە بەخشینەوە نییە، بەڵام بەخشینەوەی هەرپارەیەک بۆ هەرشتێک بێت، ئەگەر بەپێی یاسا نەبێت، دەرچوونە لەو یاسایە لەسەر هەرکارێک‌و لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت»

## کۆمسیۆن چی دەکات‌و چی پێدەکرێت

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەخشینەوەی پارە بەسەرپێچی یاسایی هەڵبژاردن لەقەڵەمدەدات‌و عەبدولڕەحمان خەلیفە بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێیوایە، بانگەشەی هەڵبژاردن یاسای تایبەتی خۆی هەیەو دەرچوون لەم یاسایانە سەرپێچییە، یەکێک لەوانە پێش پەسەندکردن، بانگەشەکردن بۆ پاڵێوراوەکان بکرێت کە دەچێتە خانەی سەرپێچییەوە، وتیشی: «ئەگەر کەسانێک بانگبکرێن‌و بەئاشکرا پێیانبوترێت پارەتان دەدرێتێ لەپێناوی ئەوەی کەدەنگمان پێبدەن، ئەمەش سەرپێچیە، بەڵام پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لەهەرکاتێکدا ناچێتە بواری پێشێلکارییەوە، چونکە تەنیا بۆ توێژێک نییەو پرۆژەیەکی گشتییە.

بەڕای عەبدولڕەحمان خەلیفە، ئەگەر پارە بۆ کەسانێک خەرجکرابێت‌و پارەی حکومەت بێت لەپێناو ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەردا، ئەوا پێشێلکارییە، بەڵام ڕاستی ئەو مەسەلەیە دەچێتە ئەو دەروازەیەوە کە دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە، وتیشی: «یاسای هەڵبژاردنی کوردستان‌و کۆمسیۆنی باڵا ڕێنمایی تایبەت بۆ سزادانی سەرپێچی‌و لێپرسینەوەی ئەو پێشێلکاریانە دەردەکات، لەکاتێکدا کە ئەو سەرپێچیانە بەنووسراوی بگاتە دەستمان‌و لەکۆمسیۆن لێکۆڵینەوەی لێبکرێت بەدڵنیاییەوە لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت‌و دەبێت بزانرێت ئەو کەسانەی کە پارەکەیان پێدراوە چیان پێوتراوەو لەکاتی هەر سەرپێچییەکی لەم شێوەیەدا داوا لەهاوڵاتییان دەکات، ئەو بابەتانە بۆ کۆمسیۆن بنێرن تالێکۆڵینەوەی لێبکەین.

## دادگا ڕۆڵی خۆی دەبینێت؟

پێویستە لەسەروبەندی هەڵبژاردن‌و دەنگۆی بەخشینەوەی پارە بۆ کڕینی دەنگ، دادگا لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە وەزارەتی داد بەنووسراوی ڕەسمیی ڕێ لەدادگاو دادوەران دەگرێت لێدوان لەسەر ئەو بابەتە بۆ ڕاگەیاندنەکان بدەن.

دادوەر محەمەد ڕێکانی ئەندامی داواکاری گشتی ڕایگەیاند: «ئێمە وەک دادوەرو دادگاکانیش نووسراوێکمان لەوەزارەتی دادەوە بۆ هاتووە، کە نابێت لێدوان بۆ هیچ ڕاگەیاندنێک بدەین، لەگەڵ ئەوەشدا لەبابەتی هەڵبژاردندا هەرکەسێک ئەو سەرپێچیانە بکات، دەبێت لەدادگا سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت».

بەوتەی ئەو ئەندامەی داواکاری گشتی ناتوانن قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن، «چونکە زیاتر بابەتێکە تایبەتە بەهەڵبژاردن‌و لیستەکانەوەو وەک دادگاو داد ناچینە ناو ئەو بوارەوە، لەکاتێکدا نەبێت، شتێکمان بێتە بەردەم‌و داوایەک تۆمار بکرێت، ئەو کاتە دەتوانین لەڕێگەی دادگاوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین».

تائێستاش لەدادگاکانی هەولێر شتی لەوجۆرەمان نەهاتووەتە بەردەست، دەبێت ئەو بابەتەش کە دێتە بەردەستمان وردەکاریی هەبێت‌و وتەی لایەن‌و سکاڵاکەر وەربگرین، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین سەرپێچییە یان نا.

# هێمنی گەردەلولێک

# بەڕێزان مام جەلالو کاک مەسعود:



چیا عەباس

ئەگەر بیرم بەهەڵەمدا نەبات بە گشتی نزیکەی بیست ساڵ سەرقاڵی ململانێو شەڕی یەکتر بونو بەگشتیش زیاتر لە بیست ساڵ هێمنیو نزیکبونەوەتان لەگەڵ یەکتر هەبوە. لە ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٨ لە واشنتۆن لەلایەن خاتونێکی ئەمەریکی جولەکەوە (مادلێن ئۆلبرایت – وەزیری دەرەوە لە ئیدارەی بیل کلنتون) ناچارکران تەوقەی ئاشتبونەوە لەگەڵ یەکتر بکەنو چی زیاتر خوێنی نەوەکانی ئەم خاکو میللەتە نەکرێت بە سوتەمەنی زۆرانبازیو ناکۆکیەکانتانو گەمە پیسو قێزەوەنەکانی داگیرکەرانی زێدی باو باپیرانمان. خۆشبەختانە تا ئەم ساتەش پێرەوی ئامۆژگاریەکانی ئەمەریکا لەو کاتەوە دەکەنو بەوەشەوە نەوەستاون چەند ساڵێکە دەستلەناو دەستو وەک دو برا بەیەکەوەو بەجیاش خەریکی کارەکانتانن.

لەسەر خاکێکو لەناو میللەتێک گوزەرو گوزەران دەکەن کە لە هەر سوچو قوژبنو ناو ماڵێکیدا، لە هەر دەڤەرو گوندو کێوو دۆڵو تولەرێو باخێکو روبارێکیدا، لە ویژدانو هەستو فیکرو جەستەی هەر یەکێکدا ئەوەندە ئاسەوارتان بەجێهێشتوە کە ئەستەمە بەهەزاران چیرۆکو پەرتۆک باس بکرێن.

**قەدەرو مێژو وای کردوە هەر دو بەڕێزتان بناسمو لە سیاسەتو ڕەفتارو کارەکانتان بەئاگابم.**

## بەڕێز مام جەلال:

لـەو سـەردەمـانـەی کە جەنابتان سەرکردەیەکی تازە هەڵکەوتوی پارتی بونو مەرحوم مەلا مستەفا وەک کوڕێکی خۆی سەیری دەکردیت، سەرەتای شۆڕشی ئەیلولو شەستەکانی سەدەی ڕابوردو بو، من خوێندکارێک بوم لە قۆناغی ناوەندی لە خوێندنگای «سانەوی سلێمانی»، لە پۆلدا بوینو زانیمان مام جەلال لە تاکە تەلاری سێ نهۆمی ئەو سەردەمەی سلێمانی کە ئوتێلەکەی نوری عەلی یان پێدەوت لە بەردەرکی سەرا ختاب دەدات. ئێمەش، خوێن گەرمو بێگەرد وەک چاوی قرژاڵ، وروژاینو بە ڕاکرتنو هەناسە برکێ بەرەو بەردەرکی سەرا ڕامان کرد تا بە سیماو ڕوخساری پێشمەرگەیەکو وشەکانی سەرکردەیەک شادبینو ئاهێک بە هەستو دەرونو دڵمان ببەخشین. لەو ڕۆژەدا هیچ درێغیت لێنەکردینو هەستێکم لادروست بو کە دور لە بەغدا ئێمەش سەرکردەو دۆزێکی نەتەوەیی خۆمان هەیە. وێنەکانت بە بەرگی خاکی پێشمەرگەو کاسکێتو کلێتەی لای خۆمانو دەمانچەیەکی سمسی بەستراو بە لاقەدا لەسەر پشتێنێکی ڕەسەنی کوردەواری لاپەڕەکانی هەستو فیکرمانی ڕازاندبوەوە. لە سلێمانی (شارە حەیاتەکەی جەنابت) چەندین نازناوی جوانو شیعرو ستایشکردنت بۆ هۆنرایەوەو دەماودەم دەمانچڕینەوە.

## بەڕێز کاک مەسعود:

ئەو سەردەمە تەمەنت لە ڕیزی براکانتا ڕێگەی نەدەدا کە لە ڕیزی پێشەوە بیت، بۆیە ئەو کاتانە تەنها بە ڕێگەی وێنەوە لەگەڵ خوالێخۆشبوان براکانت کاک لوقمانو کاک ئیدریسو مەرحوم باوکت جەنابی مەلا مستەفادا بینیومتی. جەنابیشتان هەر وەک مام جەلالو لە ڕوانگایەکی پاکو ساکارو هەستیارەوە سوچێکی گەنجینەی کوردایەتی منت بۆخۆت بردبو. دواتر لە کاتی شۆڕش لە ١٩٧٤–١٩٧٥ چەند جارێک جەنابتانم لە بارەگای بارزانی بینیوەو ئەو سەردەمەش هەروەکو لە وێنەکاندا ئارامو بێدەنگو زۆر کەم دو بویت، وا هەست دەکەم تا ئەمڕۆش ئەو خەسڵەتانەی خۆتان پاراستوە.

بەڕێزان، بمبورن لەو سەردەمانەدا پشکی شێر لە خۆشەویستیو وەفاو دڵسـۆزی میللەت بۆ مـەرحـوم مەلا مستەفا بوو ئێوەش تەنها لەسێبەری ئەو سەرکردەیەو شۆڕشدا لەبەرچاو بون.

ڕەنگە هەڵدانەوەی هەمو لاپەڕەکانی مێژوتان بە چێژ نەبێت، وەک لە پێشەکی ئەم نامەیەدا باسم لێکردوە ئاسەوەرەکانی کارەکانتان بە باشیو خراپی لە جەستەو ڕۆحی هەموماندا پارێزراونو پەنگیان خـواردۆتـەوە. بە ڵام ناکرێت چاومان لەبەرامبەر ئەو مێژوە درێژە داخەینو وەک لەشکرێکی کورتبینو کاڵفام دواتان کەوین. لەسەر ئەو ڕابوردوە خۆتان نوتقتان نیە.

من دەزانم بەڕێزتان خەباتتان کردووەو ماندوبوونو قوربانیتان داوە بۆ یەک ئامانجو یەک خاکو یەک میللەت، بەڵام تێناگەم ئایا جیاوازیەکانی نێوانتان ئەوەندە گەورەو ئاڵۆزو مەترسیدار بون تا ڕادەیەک دەستێکتان لە گەروی یەکتر توند کردبوو ئـەوی تریشتان بۆ تەنها فیشەکێکیش کردبوەوە تا ببێنێ بەسنگی یەکترەوە. چاوێکتان لە کوڕێکی بە حەماسو دڵسۆز بەمیللەتەکەی بڕیبو تا بیکەنە سوتەمەنی زۆرانبازیتانو چاوەکەی تریشتان وەک چاوەزار لە شانو ملمان ئاڵاندبوو.

## بەڕێزان:

من تێناگەم چۆن جەنابتان، وەک دو سەرکردەی مێژویی میللەتێکی جەستە لەت لەت کراوو زوڵم لیکراوی وەک کورد، بە درێژایی ئەو دەیان ساڵە لە گێژاوو گەردەلولی شیزۆفرینای سیاسیەتکردنتاندا گوزەران دەکەن. ئایا بەدرێژایی ئەو دەیان ساڵە، تەنها بۆ ساتێکیش بێت، ئاڵوگۆری بیرۆکەی بەیەکەوە داوای لێبوردنتان لە میللەت نەکردوە.

ئەرکی سوپا هەمە جۆرەکانی حیزبو تایبەتیەکانتانە ستایشتان بکەن. ئایا ناکرێت ئەوانیش تەنها بە یەک ڕستەو تەنها بۆ یەک جار لە مێژوی دەیان ساڵی بەکاربونیان بەنوکی پێنوسەکانیان، تەنانەت بە زەلەیەکی زمانیش بێت، لەو بوارەوە باسێکی بچوکی ڕاستیەکانمان بۆبکەن. لەم ڕاستیەش بەندەتان بێ گوناە نەبوەو کەمتەرخەم بوە.

ڕاستە برین پێویستی بە حەکیمو هێوریو پاکو تەمیزیو کات هەیە تا ساڕێژ بێت، بە ڵام ئەوە ئێوەی بەڕێزن نەک تەنها بە کارە نارەواکانتان برینی زۆر خەستتان خەڵقاندوە، بەڵکە چاویشتان لە بکوژانی میللەتو خـاک دەپۆشنو داڵدەیان دەدەن، مەگەر زنجیرەی ناوو تاوانەکانیان حەواڵەی خوا بکەین بۆ سزای یەزدانی، هەروەها گەردەلولی دەسە ڵاتو پاوانکردنی ڕێگرن لە ساڕێژبونی ئەو برینانەی جەستەمانیان هەراسانو شەتەک کردوە.

## بەڕێز مام جەلال:

لە سـەرەتـای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکو ڕۆژنامەگەرو نوسەری ئەمەریکی جۆناتان ڕانـداڵ لە سوریاوە بە ئاودا پەڕیتەوەو خاکی کوردستانی ئەو دەڤـەرەو میللەتەکەی ئەوەندە بەسۆزو گەرمیەوە باوەشی پێداکردی کە ئێمەمانانی یەکێتی لەخۆش باوەڕیو دڵپاکیەوە وامان باوەڕکرد ئیتر هەمو کورد لە هەمو شوێنەکانی باشوری کوردستان جەنابتانیش بە سەرکردەی خۆی دەزانێت. ئەم بـاوەڕو خەونەمان زۆر کورت تەمەن بو. لە پێشدا پارڵەمانو حکومەتو قاموسی زمانی کـوردیو ڕەنگو بۆن بە فیفتی فیفتی دابەشکراو کە ئەمە نەچوە سـەرو شـەر گرمەی دەهات بەشە ڕزگاربوەکەی کوردستانی باشورتان بە هێڵێکی وەهمی لەنێوانتان کرد بە دو لەتەوە، ئەوە نەبو سوپای تورکو سیخورەکانی میتی تورکی ئەم لاو ئەولای ئەو هێڵەیان بۆتان چاودێری دەکرد. بەم کـارە خاکیش دو لەت کـراو دەمێک بو لەتێکی زۆر گەورەو زیندوی تری خاک لای سەدامەوە زەوتکرابو. لە سەردەمی برایەتیو ئاشتیتان چەند کۆدەیەکی نهێنیتان داڕشتوە بۆ ئەوەی سنوری یەکتر نەبەزێنن.

## بەڕێز کاک مەسعود:

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆدا مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو زۆریش هەوڵی دا بە زوترین کات بگەڕێتەوە لاتان تا بەیەکەوە هەوڵبدەن شەڕەکە تەشەنە نەکاتو لاسارەکانو بەکرێگیراوەکانی بـەعـسـی خـزێـنـراو لـەنـاومـانـدا و شەڕەنگخوازەکانی هەر دولا دەمکوت بکەن. مام جـەلال لە ئەزمونی ٦٦ەوە مارانگاز بوبوو دەیویست بەهەر نرخێک بێتو لەو تەمەنەیدا بەرامبەر دەسە ڵاتی بنەماڵەکەتان نەوەستێتەوە، بۆیە داوای لە بەڕێزتان کردبو کە بەهەمان ڕێگەی گەڕانەوەی سەرەتای ڕاپەڕین بگەڕێتەوەو بۆ دڵنەوایی میللەت جەنابتان لەم بەری ئاو پێشوازی لیبکەن. بەداخێکی زۆرەوە ئەو ڕێگایەت نەگرتەبەرو ئەو دەرفەتتان لەدەستدا، بەپێچەوانەوە لەم بەری ئاو خەیمەیەکت لێدەداو بەوپەری پەرۆشیەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاو «خەباتەکەت» دەکردو ئەو هەمو ساڵە درێژانەی شەڕو ماڵوێرانیش کورت دەکرایەوە.

## بەڕێزان:

ئەمانە نمونەی بچوکو پڕ بەمانای شیزۆفرینای سیاسیە کە بەوردی پەیرەوتان کردوە، خۆ باس لە کاتەکانی شەڕی ناوخۆو کارەساتی ٣١ ئاب بکەمو ئەو هەمو لێدوانە ئاگرینانەتان بە ڕاگەیاندنەکانی دنیا کە دەتان وت مەحاڵە جارێکی تر لەیەکتر خوش بنو ڕێگە بدرێت بەیەکتر لە کوردستان بەهێمنی بژیت ولاتان باشتر بو لەگەڵ سەدام ڕێککەونو ئاشتبنەوە نەک لەگەڵ یەکتر، نیشانە قورسو ئازاردەرەکانی ئەو شیزۆفرینیا سیاسیە دەهێننەوە بەرچاوو لە بیرەوەریدا زیندو دەبنەوە کە خاکو میللەتیشتان لەگەڵیدا بۆ قو ڵاییە بۆشەکەی هەڵلوشی.

وەک دو سەرکردەو سیاسی، کە لە ناوچەکەمان نمونەی زۆر هەیە، ڕەنگە ئەو شەڕو ناخۆشیانە لاتان سروشتی بوبێتو هەریەک لە بەڕێزتان لە ڕوانگای خۆیەوە بۆ خاکو میللەتی کردبێت، بە ڵام دڵنیابن ئەوەی ئەمڕۆ بەیەکەوە دەیکەن بە هەمو کەمو کوڕیو سەقەتیشیەوە زۆر زۆر لای میللەت پەسندترەو بەگەرمیش پێشوازی لێکردوە، بۆئەوەی یەک دڵۆپە خوێنی کوردێک بۆ ململانێی ڕاستیو ناڕاستیتان نەڕژێت. زۆر بەئاسانی دەتان توانی ئەو سەردەمەش کیسە پارەکەی ابراهیم خەلیل وەک ئێستا بەش کەن.

بەڕێزان، لەسایەی هێورکردنەوەی گەردەلولی تورەبونتان، میللەت لەشەڕو کوشتنو ماڵوێرانی پشویەکی داوە، لەسایەی حوکمرانی خۆمانەوە بارودۆخی ژیانی باشتر بوە، ئازادیو سەربەستیەکی سنوردار بواری بۆ خەڵک ڕەخساندوە هەوڵبدات تەوقی پاوانکردنی دەسە ڵات بشکێنێتو ئەویش بەشدار بێت لە حوکمو دەســە ڵاتـدا بەمەبەستی چاککردنو تۆکمەکردنی، بە ڵام میللەت لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەشدا دڵنیاو ئارام نیە.

لەو ساتەوەی وەک برا کار دەکەنو سەروەتو سامانی خاکو میللەتتان لەژێر دەستدایە. لەو کاتەوەی لەشکرەکانی ستایش کردنتان ئەو برایەتیە ژێربەژێرەتان وەک سەدەقەو خێر بە میللەت دەفرۆشنەوە، گومانەکانی خەڵک زیاتر تەشەنەیان کردوە. لەو ساتەوەی براو برازاو کوڕو ئامۆزاو زاواو ئەوانی تری بەردەستتان حوکمی تەواوی ئەم خاکو میللەتە دەکەن: بـەڕێـزەوە بۆ بەشێک لێیان کە مافی خۆیانەو پاداشتی خەباتو ماندوبونیانە، (بۆ زانیاری بەڕێزتان نزیکەی ١٠٠ کەس لەو دەوربەرەتان پاوانی حوکمو ئابوریو خاکو میللەتیان کردوە)، ئیتر میللەتو خاک چۆن تورە نابن، چونکە ئێوەی بەڕێز بەم شیرازەیە نمونەیەکی سەقەتی حوکمرانیو ناعەدالیتان بەسەریاندا سەپاندوە.

دەبوا لەگەڵ ئەو هەڵە زۆرانەی ژیانی سیاسیتان، لەگەڵ ئەو گوناهانەی دەرهەق بە میللەت کردوتانە، لەم دەرفەتە بێ وێنەیەدا لە مێژوی میللەتەکەمانو بەڕێزتانیشدا، بەرچاوی حوکمو ڕابەرەیاتیتان کراوەتر بوایە، دڵتان فراوانتر بوایە، زۆر گەورەتر بوایە تا باوەڕو متمانەی میللەت پێتان زۆر فراوانترو بەهێزترو تۆکمەتر بوایە.

## جەنابی مام جەلال:

٤٧ سـاڵ لەمەوبەر لە بەردەرکی سەرای سلێمانیو لە باڵکۆنی ئوتێلەکەی نوری عەلییەوە جەنابتانم وەک سەرکردەو پێشمەرگەو ڕۆشنبیرێکی یاخی بو ناسی، ٤٣ ساڵ لەمەوبەر وەک پاشکۆیەکی لاوازی دەسە ڵاتی بەغدا، ٣٤ ساڵ لەمەوبەر وەک هیوایەکی نوێ بۆ نەتەوەکەم، ١٨ ساڵ لەمەوبەر وەک سیاسیو سەرکردەیەکی بەئاگا ودوربین کە مەبەستی بو لەنێو ئەو هەمو ڕوداو گۆڕانکاریانەدا پێگەیەک بۆ نەتەوەکەی بەدەست بهێنێت، ١٥ ساڵ لەمەوبەرو بە ناچاری بــەدەردی ئەو پەندەی دەڵێت «ڕیش بو بە توشەوە دەبێت ئاوێنەی بۆ هەڵگریت» ڕەفتارت کرد، ٦ ساڵ لەمەوبەر وەک سیاسەتمدارێکی پراگماتیک چاوت لە دەسە ڵاتو دەسە ڵات بو وئەوە ٤ تا ٥ ساڵە دەوروبەرەکەت بەتیشکی ســەوزی جەنابتان سەرقاڵی یاخیکردنی هەمو نوزەیەکی جیاوازن،و بەداخێکی زۆریشەوە چەند هەفتەیەکە بە زۆرەملی هاوخەباتو هاوڕێکانت خزانۆتە سەنگەرێکی دورو جیاواز لەوەی بەڕێزتانەوە.

## جەنابی کاک مەسعود:

٤٧ سـاڵ لەمەوبەر بە وێنەکانت سیمبوڵی گەنجێکی شۆڕشگێرو کوڕی سەرکردەی کورد بویت، ٣٤ ساڵ لەمەوبەر ڕێگریت دەکرد لە هەڵساندنەوەی شۆڕشی میللەتێک لەدوای نسکۆیەکی زۆر گەورە، ١٨ ساڵ لەمەوبەر لە گەڕانەوەتا هەمو ماڵو شوێنێکی کوردستان ماڵی بەڕێزتان بو، بە لام بەڕێزتان دەروازەکانتانو ا ڵانەکرد، ١٥ ساڵ لەمەوبەر دۆخێک بۆ جەنابتان ڕەخسا وەک سەرکردەی نەتەوەیەک ڕەفتار بکەن، بە ڵام خۆتان ڕێگەی حیزبتان هەڵبژارد، ١٣ سـاڵ لەمەوبەر هیوای میللەتەکەت بە چەقۆیەکی کولی ژەهردار کردە قوربانی... ٦ ساڵ لەمەوبەرو لە هەستیارترین چرکەی مێژوی میللەتەکەمان دو دڵ بویت، باشترە بڵێین زۆر بەپەرۆش نەبویت، لە نیەتەکانی بەناو هاوپەیمانیەکانمانو من ئێستا ناتوانم ئەو دودڵیەت هەڵسەنگێنم چونکە هێشتا ماومانە بۆ یەکلاکردنەوەی زۆر لە کێشەکانی نەتەوەکەمان کە زۆربەی لەدەست ئەو دۆستانەماندا بەداخراوی گوشراون، ٤ ساڵ لەمەوبەرەوە وەک سەرۆکی هەرێم کاردەکەیتو ئەو ساتە هـیـوادار بـوم ڕێگەی یاساو دەستور هاو ڵاتیەک بە جەنابتانەوە گرێبداتو ببنە نمونەی حاکمێکی دادپەروەرانە کە ناوچەکەو دنیا باستان بکات. بەداخەوە بەشێک لەم خەونانە نەهاتنەدی. ماوەی چەند ڕۆژێـکـە بەئاگام کە بەڕێزتان جارێکی تر خۆتان بۆ سەرۆکی هەرێم کاندید کردوە. لە بردنەوەتان دودڵ نیم، هیواداریشم بەپێی دەسە ڵاتەکانتانو پێرەوکردنی یاساو لەگەڵ پارلەمانی نوێی هەرێمەکەمانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تردا یەکەم هەنگاوی نوێتان چەسپاندی تـەواوی حوکمی یاساو دروستکردنی حکومەتێکی نوێی فرە لایەنە بۆ هەرێم بێتو پێداچونەوەو لێپرسینەوەی جدی لەو گەندەڵیو پێشێلکردنانەی یاساو مافی مرۆڤو ئازادی بکرێت تا پردەکانی متمانە دروستکردنەوە بکرێنەوە. ئەنجامدانی ئەم کارانە ئەرکێکی نەتەوایەتی پێویستی ئەم قۆناغەیەو خاکو میللەتیش بەپەرۆشیەوە خوازیاریەتی.

## بەڕێزان مام جەلالو کاک مەسعود:

ئەوە ئێمەی هاو ڵاتی سادەو بێدەسە ڵاتی ئەم خاکو میللەتە نین کە بەدرێژایی ئەو مێژوەتان ئەو ڕێگە لابەلاو چەوتو زیگزاگانەی پێ پیشان دابنو جەنابتانی خزانبێتە نـاو گـێـژاوی شیزۆفرینای سیاسیتانەوە، ئـەوە خۆتان بـەرادەی سەرەکی لەو پەشۆکیە بەرپرسن، چونەکە ئەو ساتو ئێستاش هەر لەلوتکەی دەسە ڵاتدان. بێگومان ئەگەر لەسەر پێناسەی بەرژەوەندی با ڵای نەتەوایەتی کۆکو یەکگرتو بونایە، نـەدەکـرا ئـەو شەڕو ململانێ خەستانە بکەن کە کردوتانە. هەر یەکێک لە بەڕێزتان ئەو بەرژەوەندیەی بەلایەکدا بردوەو بە پێی پێناسەی خۆی لەگەڵیدا سیاسەتو ڕەفتاری کردوە. کە بارودۆخەکە ڕەخسا بەیەکەوە بن، ئومێدو چاوەڕوانی لای میللەت زیندوبونەوە، بە ڵام بەداخەوە بە ڕێکیو بەپێی سەوەری یاساو دادپەروەری کۆمە ڵایەتیو بە شەفافیەتەوە بەڕێوەتان نەبەرد.

## بەڕێزان سەرۆک کۆماری عێراقو سەرۆکی هەرێم:

ئێوە دو لە دەسە ڵاتدارە گەورەکانی عێراقو باشوری کوردستانن، من پێم خراپ نیە کە دەسە ڵاتتان بەو شێوەیە لە نێوانتان دابەشکردوە. هەرچەندە لە سیستەمە فیدراڵیەکانی دنیادا سەرۆکی هەرێمی فیدراڵ ئەوەندە بەرچاو ناکەون، بەلکو سەرۆک وەزیرانیان هەیە، هێشتا میللەت بەم سیناریۆیە قایلە بۆ ئەوەی پارسەنگی هێزی نێوانتان تێکنەچێت. بـە ڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشا هەمو قسەکان نەکراون.

ئەمڕۆ نەوەیەک بەڕێوەیە، وەک شاعیری بەرزی میللەتەکەمان بەڕێز جەمال غەمبار لە قەسیدەی «پەڕینەوە بە فرمێسکەکانی زێوانێکدا..» دەڵێت:

پایزێک دێت، لەناکاو نیشتمان وەک غەزەب هەڵئەکاو
وەک گریان کوڵ ئەیگرێو
وەک قیامەت تورە ئەبێ...
فەسڵێک بەڕێوەیە تیایدا نیشتمان لە هەمومان زویر ئەبێتو ...

## بەڕێزان:

مەبەستی سەرەکیم لـەم نامە کراوەیە بریندارکردنی هیچ هەستێک نیە، یا کەمکردنەوەی خەباتو قوربانی لایەنێک، بەڵکە پەیامێکی ڕاشکاوە بۆ ئێوەی بەڕێز کە سەرکەوتنی تەواوی ئەم دۆزەمـان پابەندە بە گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ خۆشەویستی خاکو وەفاداری بۆ میللەتێک کە هیچ درێغی نەکردوە لەوەی بزافەکەیو ئێوە داواتان لێکردوە.

هەروەها پەیامێکە بۆ بەڕێزتان کە سەردەمی بەڕێوەبردنی خاکو میللەت بەو شێوە کلاسیکیەی ئێوە بەسەرچوەو تاسەر بەڕێوە ناچێت.

ڕەنگە بەدوقوڵی بتوانن دەسە ڵاتو حوکمو پایەو پلەو دەسکەوت مسۆگەر کەن، بە ڵام هەرگیز ناتوانن بەم شێوە حوکمڕانیە تینیویەتی میللەتو خاکێکی بریندارو تورە بشکێنن.

## بەڕێزان:

لە کۆتاییدا من هەمو هیواو ئاواتەکانم لە پرۆسەی گۆڕاندا دەبینم، گۆڕانێک کە پێویستە هەمو کوردێکی دڵسۆزو ماندوو بەوەفا خاوەنی بێت. گۆڕانێک سەروەری یاساو بەها بەنرخەکانی کوردایەتی بەرز ڕابگرێتو سەروەریو قوربانی کەسیش نەسرێتەوە. ناکرێت کەس لەو جۆرە گۆڕانە دلگران بێت کە خزمەت بە ئامانجو ماندوبونو قوربانی نیو سەدەی میللەتو بەڕێزیشتان دەبەخشێت.

لەگەڵ سلاو وحورمەتم...

# هەڵبژاردنی ئێران کوردەکان دابەشدەکات




سۆران پاڵانی

هەفتەی داهاتوو دەیەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران بەڕێوەدەچێت، لەم خولەدا چوار کاندید (مەحمودی ئەحمەدی نەژاد، موحسین رەزایی، مەهدی کەڕوبی، میر حوسەین موسەوی) کێبرکێ دەکەن، ئەوەش دوای ئەوەی لەنێوان چوارسەد کەس کە خۆیان پاڵاوتبوو لەلایەن (شورای نیگابانەوە) هەڵبژێردران بەهۆی ئەوەی، کە مەرجەکانی خۆپاڵاوتنیان تێدایە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆماری وڵات.

ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران کە بارەگاکانیان لەباشووری کوردستانە (هەرێمی کوردستان) لێکدانەوەیان لەسەر ئەم هەڵبژاردنە جیاوازەو هەندێکیان داوای بەشداریو هەندێکی دیکەش داوای بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستان دەکەن لەوهەڵبژاردنەدا.

هەریەک لەکۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەن کە بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە بکەن، بەپاساوی ئەوەی «ئەم هەڵبژاردنە بەتەواوی نادیموکراتیکەو هیچ دەسکەوتێکی بۆ گەلی کورد تێدانییەو قازانجەکەی تەنیا شەرعیەتدانە بەدەسەڵاتی ئێران».

سالار پاشایی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کە ئەندامی لیژنەی هاوبەشی نێوان حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە بووە لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هۆکاری بەشدارینەکردن بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەپێی ئەزموونی ئێران «هەڵبژاردن تەواو بەشێوەیەکی نادیموکراتی بەڕێوەدەچێت، هەروەها کورد ڕێگەی پێنەدراوە لەپرۆسەی سیاسیدا بەشداربێت، هەم زوڵمی نەتەوەییو هەم مەزهەبییان لێدەکرێت، هەروەها سیستمی دەسەڵاتداریێتی ئێران بەهیچ شێوەیەک ریفۆرم هەڵناگرێتو سەردەمی هەشت ساڵەی خاتەمیش ئەمەی نیشانداین».

لەلایەکی دیکەوە هەریەک لەحیزبی دیموکراتی کوردستانو پارتی ئازادی کوردستان لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا وەکو دوو پارتی سیاسی داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەن کە بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەنو دەڵێن، باهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بکەینە دەرفەتێک بۆ بەرەوپێشبردنی ویستو داخوازییە نەتەوایەتییەکان.

لەبەشێکی ئەو بەیاننامەکەدا هاتووە: «ئێستا کە دەرەتانێک بۆ هەڵبژاردنی بەرنامەی کاندیدەکان لەئارادایەو هەرنەبێت لەهەندێکیاندا ئاوڕ لەبەشێکی داخوازییە نەتەوەییەکانیان دراوەتەوە، هەم ئەم دەرفەتە بۆ دەربڕینی ویستەکانیان دەقۆزنەوەو هەمیش دەستیان ئاوەڵا دەبێت بۆئەوەی لەدواڕۆژدا فشار بۆ کاندیدەکان بێنن تاوەفاداربوونی خۆیان بەبەڵێنەکانیانو جدیبوون لەسەر بەجێگەیاندنی بەرنامەکانیان نیشانبدەن».

حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم هەڵبژاردنە هەلو دەرفەتێکی سیاسیەو جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە، ململانێکان لەنێو کاندیدەکاندا شەخسیو رواڵەتی نین، بەڵکو بەرنامەیین، ستراتیژییەتی ئێمە ئەوەیە وەکو پارتی ئازادی کە ستراتیژییەکی سەربەخۆییانەیە لەبواری هەڵوێستو بەرژەوەندییەکانی خۆمانەوە لێکیدەدەینەوەو بەبەشداری دەبێت لەوکەشو هەوایەی کە پێکهاتووە سوودو بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدەستبێنێت».

سەبارەت بەبەرنامەی کاندیدەکانیش چییان بۆ کورد تێدایە، یەزدانپەنا وتی: «ئەحمەدی نەژادو موحسین رەزایی لەباڵی ئوسولگەران، بەڵام میر حوسەینی موسەویو مەهدی کەڕوبی لەباڵی ریفۆرمخوازانن، ئەو دوو ریفۆرمخوازە بەڕادەیەک قبوڵی داخوازییەکانی کوردیان کردووە ئەمەش لەئاکامی گفتوگۆیان لەگەڵ ریفۆرمخوازانی کورد هاتووەتە کایەوە کە بەر لەڕاگەیاندنی بەرنامەیان لەگەڵیان وتووێژیان کردووەو هەربۆیەش هەستدەکەین بەشێک لەداخوازییەکانی کورد لەبەرنامەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە».

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەرنامەی کاندیدەکان لەئێراندا مەهدی کەڕوبی لەبەیاننامەیەکی حەوت خاڵیدا باسی لەمافی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان لەئێران کردووە.

حزبی دیموکراتی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا پشتیوانی لەوبەرنامەیە دەکاتو هەڵوێستو بەرنامەی مەهدی کەڕوبی بەکارێکی باش دەزانن، چونکە پێیانوایە «دان بەپێشێلکردنی مافی نەتەوەکانو جیاوازییە ئایینیەکاندا دەنێت کە لەماوەی (٣٠) ساڵی رابردوودا لەئێران پشتگوێخراوە».

سەبارەت بەهۆکارەکانی داواکردنی بەشداری خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان وتی: کورد دەبێت بچێتە ئەو یارییەوە بەدەنگدانی بەمەهدی کەڕوبی سوربوونی لەسەر داخوازییەکانی خۆی رابگەیەنێتو بەدەنگدانی بەکەڕوبی بەکاندیدی رەسمیی عەلی خامنەیی رێبەر کە ئەحمەدی نەژادە بڵێت نا.

قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە داوامانکردووە کە ئەودەرفەتەی کە لەئێران هاتووەتە کایەوە سوودوەربگرن، بەتایبەت کە هەندێک لەکاندیدەکان داوای مافی نەتەوەکان دەکەنو کورد دەبێت بەبەشداری گۆڕان بکات لەم هەلومەرجە.

پاشایی لەبارەی ئەو هەڵوێستەی پارتی ئازادیو حیزبی دیموکراتی کوردستان کە داوای بەشداری هەڵبژاردنو دەنگدان بە مەهدی کەڕوبی دەکەن وتی: «ئەم هەڵوێستە ساکارو ناتەندروستە، کەڕوبی ناتوانێت ئەوقسانەی دەیکات جێبەجێی بکات».

دەربارەی ئەوەی کە ریفۆرمخوازەکان لەسەردەمی خاتەمی باشتر نابن، قادر وریا وتی: ئێمە ئەوە دەزانین کە «نەهەڵبژاردن لەئێران ئازادەو نەکاندیدەکان، کاندیدی خەڵکن، بەڵام بۆ ئەوەی کە گۆڕان دروستبێت لەم هەلومەرجەی کە حکومەتی ئەحمەدی نەژاد هێناویەتیە کایەوەو بۆئەوەی چالاکانی بواری مەدەنی بتوانن لەو ئاڵوگۆڕە سوود وەرگرن».

ئەندامەکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوەی نەشاردەوە، کە ئەو کاندیدانەی کە داوای مافی نەتەوەکان دەکەن، «ناتوانن ئەو بەرنامە بەئاسانی جێبەجێبکەن». بەڵام وتی: دەبێت لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرین.هەروەهاهەریەک لەرێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران «کۆمەڵە»و یەکێتی دیموکراتی کوردستانو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، داوادەکەن کە خەڵکی کوردستان بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا نەکات، چونکە «ئەم بەشدارییە شەرعیەتدانە بەدەسەڵاتی ئێستای ئێرانو خەباتی (٣٠) ساڵەی خەڵکی کوردستان دژی ئەو دەسەڵاتە دەباتە ژێر پرسیارەوە».

# ڕاستڕەوەکان دەچنە پەرلەمانی ئەوروپا




جەمال ئیختیار

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا رۆژی پێنجشەممە لە بەریتانیاو هۆڵەندا دەستیان پێکرد، لەگەڵ ئەوەدا کە بەشداری خەڵک لەهەڵبژاردنەکانداکەمبووە، پرۆسەکە بە وردی لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە دەچێتە پێشەوە، ئاکامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکە وا پیشاندەدەن کە دەنگدەران دەرگای پەرلەمانی ئەوروپایان بۆ حیزبە راستڕەوەکان واڵاکردەوە.

ئاژانسی هەواڵی (چاینا نیوز) بڵاویکردووەتەوە، کە رۆژی پێنجشەممە سەعات حەوتی سەرلەبەیانی، بە کردنەوەی نزیک بە (١٠ هەزار) ناوەندی دەنگدان لە بەریتانیا، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپی دەستیان پێکرد.

نزیکەی (٣٧٥) ملیۆن هاوڵاتی ئەوروپی دەتوانن دەنگ بدەنو (٧٣٦) نوێنەر بۆ ماوەی (٥) ساڵی داهاتوو بۆ پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێرن، ئامارە رەسمییەکان وا پیشاندەدەن کە لە ١٩٧٩-وە رێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەوروپادا بە بەردەوامی روو لە دابەزین بووە، تائێستا ٦٠٪ گەیشتووەتە ٤٥٪و بەبەردەوامیش روو لە دابەزینی زیاترە، لە ئەڵمانیا رێژەی بەشداری خەڵک ٤٠٪ تێناپەڕێت.

لە دەستپێکی هەڵبژاردنەکاندا سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی ئەوروپا (هانس گێرت پۆتێرینگ)، داوای لە هاوڵاتییانی ئەوروپا کرد کە بچن بەدەم دەنگدانەوە، هۆشداریی ئەوەیدا کە لەوانەیە بەهۆی بەشداری کەمی خەڵک، «توندڕەوەکان» دەستکەوتیان هەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوە کاردەکاتە سەر ژیانی هەموو کەسێکو پێویستە ئەوان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن.

رۆژنامەی (کریستیان ساینس مۆنیتەر) دەنووسێت پەرلەمانی ئەوروپا وەکو گەورەترین پەرلەمانی چەند نەتەوەیی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا کە لە (٢٧) وڵات بەڕێوەچوو، باوەشی کردووەتەوە بۆ حیزبە پۆپۆلیستە دژە ئەوروپییەکان.

ساینس مۆنیتەر باس لەوەدەکات، کە ئەو پارتانەی دژی کۆچبەران، بیانییەکانو یەکێتی ئەوروپان، لەسەرەتای هەڵبژاردنەکاندا لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی وەکو بەریتانیاو هۆڵەندا ئاکامی باشیان بەدەستهێناوە.

لە هولەندا (گیرت ویلدەر)، پۆپۆلیستێک کە دژی ئیسلامە، (١٥) کورسی بەدەستهێناوە کە تەنیا کورسییەکی لە حیزبی دەسەڵاتداری (دیموکرات مەسیحی) کەمترە، لە بەریتانیاش چاودێرانی بێلایەن کە بەشێوازێکی زانستیی لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن کاردەکەن، پێشبینییان کردبوو کە حیزبی نەتەوەیی بەریتانیاو پارتی سەربەخۆیی بەریتانیا کە دژی یەکێتی ئەوروپان، ٥٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنن، گیرت ویلدەر پێشتر فیلمێکی سازکردبوو کە تێیدا کتێبی مسوڵمانان (قورئان)ی بە توندوتیژیی تۆمەتبارکردبوو، کە نارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە.

شارەزایان پێیانوایە، کە ئابووری بەشێکە لەو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی وەرچەرخانی دەنگدەران بەلای حیزبە توندڕەوەکاندا، لەبەرئەوەی کە قەیرانی ئابووریی جیهانی لەئەوروپا کاریگەریی زۆر هەبووەو رێژەی بێکاریی گەیشتووەتە ١٠٪، هەندێک لە خەڵکی ئەو وڵاتانە، بیانییەکان بە هۆکاری بێکاریی خۆیان دەزانن، ئەو پارتانە ئاکامی باشیان بەدەستهێناوە.

لە بەریتانیا پارتی کرێکاران بەسەرۆکایەتیی گۆردن براون ئاکامێکی باشی بەدەست نەهێناوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پلەی ئەو پارتە دابەزێتو براون بە هۆکاری دابەزینی پارتەکەی بزانرێت، کە بە توندی لەلایەن ئەندامانی حیزبەکەیەوە کەوتووەتە ژێر رەخنەو داوایان لێکردووە دەست لەکار بکێشێتەوە.

لە ئەڵمانیا ناوەندەکانی دەنگدان رۆژی یەکشەممە کرانەوەو رێژەی دەنگدەرانی ئەو وڵاتە زیاتر لە (٦٤) ملیۆن کەسە، راوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنجێلا مێرکڵ لە دواساتەکانی وتاردان بۆ لایەنگرانی، داوای لە هاوڵاتییانی ئەڵمانیا کردبوو کە بەشداریی لە دەنگداندا بکەن.

ئەڵمانیا لە پەرلەمانی ئەوروپا (٩٩) کورسی هەیە، بەوەش خاوەنی زۆرترین کورسییە لەو پەرلەمانەدا، هاوکات سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا داوای لە گەنجەکانی ئەو وڵاتە کردبوو کە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان، روو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپادا کۆمەڵێک کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتانە کە بەشداریی پرۆسەی سیاسیو ژیانی حیزبایەتییان کردووە، لە رێگای پارتەکانیانەوە کە زیاتر لە پارتە (چەپەکان، سۆسیال دیموکراتەکانو سەوزەکان) پێکدێن، لە هەوڵی رۆشتن بۆ پەرلەمانی ئەوروپان، کە دەتوانێت دەرفەتی زیاتر بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە ناوەندە سیاسییەکانی ئەوروپا فەراهەم بکات.

# هەڵبژاردنو ئەخلاقیەتی حیزبو دەسەڵات



خدر مەرەسەنە

**لەمڕۆوە دەبێت سیستم بگۆڕدرێتو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیستمی حیزبایەتیو دەسەڵاتداری کوردیدا پێکبهێنرێت، ئەوکاتە هەم حیزبەکان دەکەونە سەر رەوتێکی نوێی خەباتو هەم کۆمەڵگای کوردیش گەشە دەکات**

ماوەیەکە دەنگی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆک بۆ هەرێمی کوردستان لە میدیای حیزبەکانو سەر شەقامو کۆڕو کۆبوونەوە حیزبیو حکومییەکاندا هەڵوەستەیەکی بەرچاوی لەسەر دەکرێت، کەشوهەوایەکی ئازادی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دروستکردووە، ئەو کەسانەی کە مووچە لە حیزب یان لە حکومەت وەرناگرن، دەتوانن بە ئاشکرا لەسەر شێوازی دەنگدان بە لیستی گۆڕان بدوێنو بۆچوونو تێڕوانینەکانی خۆیان دەرببڕنو ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیان بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێچەوانەی ئەمە دەبینین کە کارمەندانو مووچەبگیرانی حیزبیو حکومیی لە ترسی لێسەندنەوەی پلەو پۆستو بڕینی مووچەکانیان، بێدەنگیان هەڵبژاردووەو ناوێرن سەبارەت بە دەنگدانەکان، ئازادانە بۆچوونەکانیان ئاشکرابکەن، بەمجۆرە دەنگە راستییەکان لەلایەن دەسەڵاتی دوو حیزبی هاوپەیمان خەفە دەکرێنو ناوی ئەو هەڵبژاردنەش دەنێن هەڵبژاردنێکی ئازادانەو دیموکراسیانە!

ئەگەر سەرنج لە چۆنێتی هەڵبژاردنەکانو پێشبڕکێی حیزبە کوردییەکانو دابەزینی لیستی گۆڕان بدەین، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد ناتوانێت پرۆسەی دیموکراسی لە خۆیدا هەزم بکات، لەبەرئەوەی کە دەسەڵات بە گشتیو یەکێتی نیشتمانی بەتایبەتی، رەوشێکی توندوتیژی بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە ریزەکانی یەکێتیدانو تای تەرازووەکەیان بەلای لیستی گۆڕاندا شکاوەتەوە، گرتووەتەبەر، بەمجۆرە سەرکردایەتیی یەکێتی هەر رۆژەو تاقمو دەستەیەک لە ئەندامانی خۆی لە پۆستە حیزبیو حکومییەکان دووردەخاتەوە، لە هەمانکاتیشدا باس لە پرۆسەی دیموکراسیو هەڵبژاردنی ئازادانە دەکەن، بەرپرسانی ئەم حیزبەش خۆیان بە سۆسیال دیموکرات دەزانن!؟ کە ئەمەش جۆرێک لە رێزنەگرتنە لە فەزای ئازادییو ئیرادەی خەڵکی کوردستان.

سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەئەنجامدانی ئەوکردەوانە، هەم بێحورمەتیی بە ئەندامانی خۆی دەکاتو هەم خەڵک چاوترسێن دەکات، خوێندنەوەی جەماوەریش بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی بەگشتیو سکرتێرەکەی بەتایبەتی، لە هەمبەر بەرپرسانو ئەندامانی خۆیدا نەک هەر دوورن لە ئسولڵو پرەنسیپە سیاسیو تەشکیلاتییەکانی حیزبێکی سیاسی، بەڵکو جۆرێک دیکتاتۆرییەتی حیزبیو تاکی سیاسییە، کە لە رێگای زۆرەوە دەیەوێت بە قازانجی خۆی سیاسەت بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم شێوازی حیزبایەتییە کە عەقڵانیەت تێیدا نامۆیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عەشیرەتگەریی، کە ئاغایەک یان شێخێکو مەلایەک بۆ قازانجو بەرژەوەندیی خۆی شۆڕشێکی بەنێوی داکۆکی لە مافەکانی کورد وەڕێدەخست، بەمجۆرە بە رێگای ئاساییو بە شارەزایی دەیانتوانی بە فرتوفێڵ لە خەڵک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، دەسەڵاتی خۆیان

ئەم هەڵسوکەوتە ئەوەیە کە دەنگی خۆیان بە دوو لیستی هاوپەیمانی نەدەن، ئیتر نانیان دەبڕدرێتو ناتوانن لە مافە سیاسیو ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بەشدارو بەرخورداربن، ئەمەش بەو واتایەیە کە دیکتاتۆریەتیو حیزبیبوون، لەسەرووی ئەمەشەوە دەسەڵاتی تاکی سیاسیی زاڵ بەسەر ئۆرگانە سیاسییەکانی یەکێتیدا. ئەو یەکێتییەی کە دوێنی خۆی بە تەنیا حیزبی لیبراڵ دیموکراتی کوردستان دەزانی! ئەمڕۆ چەند کەسێک لەسەرووی یەکێتی، کە دەزانن لە هەڵبژاردنەکاندا کورسییەکانیان لەق دەبێت، ئازادییو دیموکراسی لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا بەدەستی خۆیان دەنێژن!؟ فرمێسکی تیمساحیش بۆ دیموکراسی هەڵدەڕێژن!؟ ئەم هەڵسوکەوتو رەفتارو کردارانەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن، ئەم شێوازە هەڵبژاردنو دەنگدانانە لەکاتی دیاریکردنی سەرۆک بۆ وڵاتو سەرۆک وەزیران، لە خۆرهەڵاتی ناویندا باویان هەیە کە پڕن لە تەڵەکەو درۆ، تەنانەت زۆردارانیش وا ئەمڕۆ بەچاوی خۆیان دەبینن کە ئەم گەندەڵیانە بە حیزبە کوردییەکانیشەوە دیارە، هەرکام لەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە کوردستان، رێبازی دیموکراتیەت دەخەنە پەراوێزەوەو گەندەڵیی خۆیان درێژە پێدەدەن، هەروەک حیزبە خۆرهەڵاتییەکانی کوردستانیش بە گشتیو پارتی دیموکراتو کۆمەڵە بەتایبەتی، لە رادەی بێشەرمیش تێیانپەڕاندووە، بەمشێوەیە دوژمنان توانیان گورزی خۆیان لە بزووتنەوەی کوردایەتی بوەشێنن. هەروەک ماکیاڤیلی لە بەشی هەژدەیەمی کتێبی شەهریاردا رایگەیاندووەو دەڵێت :(لەو دیدەوە بۆچی دەبێت رژێمێک هەر زیاتر لە رژێمێکی دیکە، یان حیزب زیاتر لە حیزبێکی دیکە لەمبارەوە رەخنەی لێبگیرێت، کە هەر هەموویان گەندەڵن)، حیزبە کوردییەکانی ئێمەش هەرکام بە نۆبەی خۆیان کەم یان زۆر لە هەموو بوارەکاندا گەندەڵن، کەواتە گەندەڵیی لەنێو حیزبەکاندا وەک فەرهەنگ بووەتە کلتووری سیاسیی حیزبە کوردییەکانو بە فەرمی پەیڕەوی لێدەکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو رەوشە نالەبارەی کە حیزبە کوردییەکان پێیدا گوزەر دەکەن.

لەمڕۆوە دەبێت سیستم بگۆڕدرێتو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیستمی حیزبایەتیو دەسەڵاتداری کوردیدا پێکبهێنرێت، ئەوکاتە هەم حیزبەکان دەکەونە سەر رەوتێکی نوێی خەباتو هەم کۆمەڵگای کوردیش گەشە دەکات. بەداخەوە حیزبە کوردییەکان بە چەپو راستو بە عەلمانیو ئیسلامییەوە، هەموویان بە هەندێک جیاوازیی میکانیزمیو ستراتیژیکو ئامانجەکانیانەوە، رێبازێکی چەوتیان گرتووەتەبەر، کە ئەویش یەکتر قبوڵنەکردنو پێکەوە نەسازانیانو دەسەڵاتخوازییە، ئەم رەوشو رەفتارەی ئەوانیش زیانی گەورەی بە بزووتنەوەی کوردو کۆمەڵگای کوردیش گەیاندووە. لەڕاستیدا کردارو رەفتاری ئەوانە لەپشت پەردەوە هەڕەشە لە پرۆسەی ئازادییو دیموکراسی دەکەن، لە هەمانکاتیشدا خۆیان بە پێستی دیموکراسیەت رووپۆش کردووە، کە ئەمەش بە واتای فێڵبازییو دەغڵکاریی، کە گیان توانای مرۆڤی رووناکبیرو خاوەن ئەخلاقی سیاسی دەخاتە شکو گومانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمجۆرە رەفتارو کردارانە نیشانەی ترسنۆکیو بێباوەڕیی خۆیان بەخۆیانو ستراتیژیکو ئامانجەکانیانە. ئەرێ ئەم شێوازە سیاسەتکردنە بەشێکە لە گەمەی سروشتی سیاسەت، کە تەنانەت لە ژیانی رۆژانەی ئەوان دەژمێردرێت، لەلایەکی دیکەوە دژایەتی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ لیستی گۆڕان، بەواتای دژایەتی لەگەڵ پێشکەوتنو گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردییە، کە ئەمەش فەرهەنگو کلتورێکی کۆنەپەرستانەی سەردەمی کۆیلایەتیو بەندەییە، کە بە میرات بۆ رێبەری حیزبە کوردییەکان جێماوە، لەولاشەوە دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستان لەم کەشوهەوا ناسالمو ئاڵۆزەی نێوان حیزبە کوردییەکان، بە قازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووەو وەردەگرنو پیلانی هاوبەش لەدژی حکومەتی هەرێم دادەڕێژن.

لەورووەوە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی رێگا بە خەڵکی کوردستان بدات دەنگی خۆیان بدەن بە کەسانێک، کە جێگای بڕواو متمانەی خۆیان بێتو لە پەرلەماندا نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە بکات، واتا حکومەتی خەڵک بەسەر خەڵکدا حوکم بکات، بەڵام ئێستا لە کوردستانی ئێمە حکومەتێک بەسەر خەڵکدا حوکم دەکات، کە دەسەڵاتی دوو حیزبی هاوپەیمانییەو زۆربەی خەڵکی کوردستان لە مافەکانی خۆیان بێبەشکراون، کەوابوو پێویستە دەسەڵاتی سیاسی رێگا بە خەڵکی کوردستان بدەن کە ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن بە نوێنەرانێک بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە جێگای متمانەی خۆیان بێت، بۆئەوەی لەوێدا ویستو داخوازییە رەواکانیان جێبەجێ بکرێن.

ئەوەی کە لەم سەردەمەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵسوکەوتی خراپو نەشیاوی سیاسی لەگەڵ ریفۆرمخوازانو لیستی گۆڕان دەکات، کە دەیانەوێت هەموو گەندەڵییەکان لەنێو بزووتنەوەی کوردو دەزگا حیزبیو حکومییەکاندا بۆ دواوە راوبنێن، کارێکی ناشۆڕشگێڕانەیە، چونکە کاری ئەوان ئەرکێکی بوێرانەی نەتەوەیی بەجێدەگەیەننو دەیانەوێت مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییو رووناکو گەورە لە خەباتو تێکۆشانی گەلەکەماندا تۆماربکەن، نەهامەتییەکان لەسەر رووپەڕەکانی مێژووی ئێستاو رابردووی پڕ لە شورەیی حیزبەکان بسڕنەوەو نەهێڵن خوێنی شەهیدانی گەلەکەمان بەفیڕۆبچێت، کەواتە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە لە هەر بەشێکی کوردستانو هەندەرانیش، بە هەموو توانایانو بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەئاست گەلو نیشتمانەکەیاندا، هاوکاریی هاوفیکری باڵی ریفۆرمخوازان لەنێو بزووتنەوە نەتەوەییەکان، بەتایبەت لیستی گۆڕان بکەن، هەتا هەموو کوردێک بتوانێت بە ئازادییو بە مافی یەکسانییەوە لەژێر چەتری دادگەریدا مومارەسەی دیموکراسیەتو ژیانێکی بەختەوەر بکەن، نەک لەژێر ئیحساساتێکی وشکی حیزبایەتی نێو بەتاڵو دوور لە ئازادییو دیموکراسیی مافی نابەرابەریدا بژینو وەڵامی داخوازییەکانیان نەدرێتەوەو لە دامێنی حکومەتدا بمێننەوە.

**ئەو یەکێتییەی کە دوێنی خۆی بە تەنیا حیزبی لیبراڵ دیموکراتی کوردستان دەزانی! ئەمڕۆ چەند کەسێک لەسەرووی یەکێتی، کەدەزانن لە هەڵبژاردنەکاندا کورسییەکانیان لەقدەبێت، ئازادییو دیموکراسی لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا بەدەستی خۆیان دەنێژن!؟**

---

# دەنگدان = شایەتیدان

ئەنوەر عەرەب



پرۆسەی هەڵبژاردن لە کایەو بواری سیاسەتی ئەمڕۆی جیهاندا، تاکە فۆرمو رێگای سەرەکیو شەرعیەت پێبەخشینی هەر دەسەڵاتو سیستمێکی فەرمانڕەوایە، بە پرۆسەیەکی چارەنووسسازو یەکلایی کەرەوە هەژماردەکرێت بۆ دەستنیشانکردنو هێنانە سەر تەختو لەکارخستنی هەر دەسەڵاتێک.

گرنگیو واقیعیەتی هەڵبژاردن وایکردووە تەنانەت وڵاتە دیکتاتۆریو بەناو دیموکراتییەکانیش ئەگەرچی بۆ چاوبەستکردنو خۆدزینەوە بێت، بۆ هێشتنەوەو شەرعیەت پێدانیان، هەڵبژاردن ئەنجامبدەن، بەوپێیەی دەسەڵاتو حکومەت لە وڵاتو سیستمی دیموکراسیدا بۆ حزمەتگوزارییو بەرژەوەندیی گشتیو تێکڕای جەماوەرە، دەبێت ئەو شەرعیەتەش هەر لەوانەوە وەربگرێت، لێرەوە ئیتر گرنگیی رۆڵی جەماوەرو گرنگیو گرانیی بەهای دەنگەکەی دەردەکەوێتو لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ دەنگدانیدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات، ئەگەر دەنگی جەماوەر سەنگی مەحەکو تەرازووی پێوانی رکابەرەکان بێت، دەبێت جەماوەریش هۆشیارییەکی تەواوو بێئەندازەی بەرامبەر بە سەنگینی خۆیو دەنگەکەی هەبێت، شەرعیەتی دەنگەکەی لەدەست نەدات بەوەی نەزانێت بۆچیو بۆ کێو چۆنو لەژێر بڕیارێکی عاتیفیانەو بە هەندێک بەڵێنی بێبنەماو دوور لە واقیعو خەیاڵیو ناشی، بەمەبەستو مەرامی هەڵبژاردن دەنگبدات، چونکە ئەوە دەسەڵاتو حکومەت نییە ئەو دەخەملێنێتو بڕیاردەداتو بیردەکاتەوە، بەڵکو ئەوە خودی جەماوەرو بەرئەنجامو زادەی دەنگەکەیەتیو ئەوانە تەنیا نوێنەرایەتیی کۆدەنگی ئەوان دەکەن، دواتریش پەشیمانیو بەهەڵەداچوون دادی نادات، چونکە کاری هەڵە ئەنجامی هەڵەی دەبێت، **جەماوەر دەبێت لای روونبێت ئەوە هەر ئەوە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا رێزو گەورەیی بۆ دەنوێنرێتو شا لەئاستی شوانو سەپاندیە، کە دەشبێت هەروابێت نەک دوای هەڵبژاردنو نەمانی بەهای کاتی دەنگ تا هەڵبژاردنێکی دیکە، بچووکو بێبەها تەماشا بکرێتو نێوان ئەوو دەسەڵات کورد واتەنی حەوت فەرسەخ بێت.**

کەواتە دەنگدان شایەتیدانەو کارێکە تەواو پەیوەستە بە ویژدانو هەقبینییەوەو نابێت چاو لەئاست هەقدا نوقاوو نابینابێت، مرۆڤ دەبێت هەقبێژ بێت گەرچی لەسەر خۆشی بێت، دەنگدان شایەتیو گەواهیدانە بە هەقو دڵسۆزییو لێهاتوویيو لێوەشاوەیی، کەواتە جەماوەر پێویستە زۆر کراوەترو رۆشنبیرترو بەراوردکارانەتر بێت لەو لیستانەی تەراتێنی مەیدانەکە دەکەنو رابردوو و ئێستاو کارکردنیان بۆ داهاتوو بخوێننەوە، بزانو لەبەرچاوی بگرنو بەرنامەو کارنامەی هەڵبژاردنیان تەتەڵە بکەنو بزانن تا چەند لەگەڵ پێویستییە هەنووکەییەکانی جەماوەردا کۆکو گونجاونو چارەسەری بەهەقو بانگەشەکە توانستی جێبەجێکردنی لەسەر زەمینەی واقیعدا هەیە، بۆ هەڵبژاردن دەبێت لیستەکان پرۆژەی نوێو خزمەتگوزاریی تازەو چاکسازیان پێبێت، بە بەرنامەیەکی پێشوەخت بخرێتە بەردەستی جەماوەر بۆئەوەی بزانرێت شایستەی دەنگپێدانە نەک کۆمەڵێکی زۆر دروشمی گەورەو قەبە بەرزبکرێتەوەو هیچ پلانێکی ئامادەکراویش نەبێت بۆ جێبەجێکردنی.

Anwar_arab@yahoo.com

# هیچ نییە، بانگەشەی هەڵبژاردنە!



**سامان بەشارەتی**

وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیکبووەتەوەو لیستی گۆڕانیش یەکێکە لەو لیستانەی کە ململانێی پارتیو یەکێتی دەکات، بەڵام ئەوەی لای من وەک ڕۆژنامەنووسێک جێگای هەڵوێستەیە، ئەوەیە کە لۆژیکێکی نەگونجاوو باوەڕپێنەکراوە هەر کارێکی پیشەی ڕاگەیاندن لە کۆمپانیای وشە لەئێستادا بچێتە چوارچێوەی پڕوپاگەندەوە، لەڕاستیدا کارەکانی کۆمپانیای وشە بە سایتو ڕۆژنامەوە لە چوارچێوەی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسیدا بووە، زۆر هەوڵدراوە تا ئاستێکی بەرز لە کارەکاندا پرۆفیشناڵیی ڕەچاو بکرێت، هەروەها لەئێستاو ڕابردوودا ئاراستەی ئیشکردنی ڕۆژنامە لەیەک چوارچێوەی دیاریکراودایە، ئەویش گەیاندنی زانیاریی ڕاستو دروستە بە هاوڵاتییان، بۆیە هەست بە نیگەرانی دەکەم کە لەئێستادا بەرپرسانی وڵاتەکەم بەوجۆرە هەموو کارە سپییەکان بە ڕەش ببینن، هەروەها تۆمەتی ئەوە بخەنە پاڵ کارەکانمان کە گوایە ئەو کارانە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنن، لەکاتێکدا هەر ئەو بەرپرسانە بوون کە لە ڕابردوودا بەهۆی کارە جدییەکانی ڕۆژنامەو کۆمپانیای وشە سەرسامو بێدەنگ بووبوون.

لەماوەی مانگی ڕابردوودا لە چوارچێوەی ئەو کارە ڕۆژنامەنووسیانەی کە بۆ ڕۆژنامەم ئەنجامداوە، تۆمەتی ئەوەم بۆ دروستکراوە لەلایەن بەرپرسە حکومییو حیزبییەکانەوە، کە گوایە من بانگەشە بۆ لیستی گۆڕان دەکەم، لەکاتێکدا هەموو ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامەدا بڵاومکردوونەتەوە، لە چوارچێوەی ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسیدا بووە، کەچی بەلای ئەم بەڕێزانەوە وەک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن تەماشای دەکەن، هەڵبەتە بەندە وەک هەواڵسازێکی ڕۆژنامە لە شاری هەولێر کاردەکەم، بۆ نموونە چەند جارێک بەشداریم لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی بەرپرساندا کردووە، ئەوەی جێگای نیگەرانیی من بووە هەر پرسیارێکم کردووە ئەو بەرپرسانە بە پێکەنینەوە دەڵێن هیچ نییە پڕوپاگەندە بۆ لیستەکەی خۆیان دەکەن، یاخود ئەو هەواڵە ڕاستانەی کە بووەتە جێگای نیگەرانییان، بە هاوڵاتییان ڕادەگەیەنن کە ئەو هەواڵە ڕاست نییەو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە، منیش دەپرسمو دەڵێم بەڕێزانی پارتیو یەکێتی ئێمە چی بڵاوبکەینەوە کە لەلای ئێوە نەبێتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن؟ لەکاتێکدا هەموو قسەو ڕۆژنامەکانی ئێوە پڕبووە لە هێرشکردنە سەر لیستە سەربەخۆکانو پڕوپاگەندەکردن بۆ لیستەکانی خۆتان، یان بۆ دەبێت لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا کاتێک دەپرسین بۆ لەماوەی (١٨) ساڵدا نەتانتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەربکەن، بۆ ئەم پرسیارە لەلای ئێوە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە، لەکاتێکدا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا وەزیری کارەبا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی سازکردو ڕایگەیاند کێشەی کارەبا خەریکە چارەسەر دەبێت، بۆ ئەم هاوینەش (١٦) کاتژمێر کارەبا دەدرێت، منیش دەڵێم هیچ نییە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە! یان کاتێک دەپرسین بۆ گەندەڵی چارەسەرناکەن کە ڕۆچووەتە ناو ناخی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە، بۆچی دەبێت پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بێت، یان کاتێک دەڵێن بۆچی بازاڕێک تێک دەدەنو زەوییەکەی دەدەنە بەرپرسێک، بۆ دەبێت ئەمەش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بێت، کاتێک لە کوردستان سەروەریی یاسا نییەو کۆنفرانسی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە قسە لەسەر نەبوونی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا بکەین، بۆچی بەلای ئێوەوە دەبێتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، کاتێک دەپرسین بۆ تائێستا بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمان پەسەندی نەکردووە، یەکسەر ئێوە ڕایدەگەیەنن هیچ نییە پڕوپاگەندە بۆ لیستەکەیان دەکەن، یان لە سێ مانگی ڕابردوودا هاوڵاتییان دەیانناڵاند بەدەست خراپیی‌شەقامەکانەوە، کەس بەدەم ناڵینەکەیانەوە نەدەهات، کەچی ئێستا بە شەوو ڕۆژ خەریکی قیرتاوکردنی شەقامەکانن، ئایا ئەمەش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نییە، منیش دەپرسم کاتێک ئێوە پرۆژەکانی حکومەت لە ڕێگای کەناڵەکانتانەوە وەک دەستکەوتێکی حیزبیی پیشانی هاوڵاتییانی دەدەن، ئایا ئەمەش پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نییە؟! ئێستا دەستانکردووە بە دامەزراندنی هاوڵاتییان، کەچی پێنج مانگ پێش ئێستا چەندان خۆپیشاندان کرا بەمەبەستی دامەزراندن لەلایەن قوتابیانی دەرچووی کۆلێژەکانەوە، ئەسڵەن هەر وەڵامتان نەدانەوە، کاتێک دەپرسین بۆچی زیندانی نهێنی، ئەوەش بچێتە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، کەچی ئەمە لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا پشتڕاستکراوەتەوە. بۆ دواجار خوێنەر سەربەست دەکەم بۆئەوەی ڕاستگۆیانە بڕیاربدات ئاخۆ کارەکانی ئێمە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنن یاخود دەهۆڵو زوڕناکەی ئەوان.

samanbesharety@yahoo.com

# یاسای فەرمانبەرانو هەڕەشەکانی دەسەڵات

**بەختیار شێخ عوسمان**

(مووچەی کەس نابڕدرێت کە لە حکومەت مووچەی هەبێت) ئەمە وەڵامی سەرۆکی هەرێمە لەناو هۆڵی پەرلەماندا بۆ پرسیاری ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان. ئەم وەڵامە تا ئەو ئاستە باشە کە مافو ئەرکی فەرمانبەران ڕێکدەخات، بەمانایەکی دیکە لە وەڵامەکەی جەنابی سەرۆکدا ڕوون نییە ئایا (مووچە نەبڕین بەهۆی دەنگدانەوە)، لەبەرئەوەیە کە یاسایەک هەیە ڕێگا دەگرێت لەو کارە ناشارستانییە، یاخود سەرۆکایەتیی هەرێم ڕەحمو بەزەیی خۆی دەخاتەکار بۆ ناسراو بە (یاسای ئینزیباتی فەرمانبەری دەوڵەت) دەرچوو لەساڵی ١٩٩١دا لەلایەن دەوڵەتی عێراقی ئەو کاتەوە، ئەو یاسایەیە کە لە هەرێمیش تائێستا کاری پێدەکرێتو لە (مادەی ٨- فەسڵی ٣)دا سزای فەرمانبەر دیاریکراوە، سەرلەبەری ئەو یاسایە ئەم سزا تازانەی تێدانییە (سزای فەرمانبەر

> **ئەم هەڕەشانەی دەسەڵات پێچەوانەی ئەو چاکسازییەیە کە جارجار باسدەکرێتو ڕاستەوانەی ئەو پاکسازییەیە دەسەڵات (بە حیزبو حکومەتەوە) بیری جیاوازی پێ پاکتاودەکات**

ئەو دڵەڕاوکێیەی فەرمانبەرانی حکومەت دەرەوێنێتەوە لە بەرامبەر دەنگدانو دەنگنەدانیاندا، بەڵام لەم دایەلۆگەی ناو پەرلەماندا، یاسا وەک خۆی نابینرێت، بەتایبەتی ئەو یاسایەی بەخشینی ئەو کەسانەی مووچەو بژێویی ژیانیان لە حکومەتەوە سەرچاوە دەگرێت، لەملاشەوە دەنگ بە لیستی جیاواز دەدەن.

خۆ ئاشکراو زانراوە کە تەنیا یاسای ژمارە چواردەی لەسەر دەنگو ڕەنگی جیاواز).

کەواتە شوێنی پرسیارە ئایا وتەکەی سەرۆکی هەرێم کە دەڵێت: مووچەی کەس نابڕدرێت لە حکومەت، (هەرچەندە دەقی ئەو یاسایەشی لەپشتەوەیە) تا کوێی ئەم هەرێمە بڕدەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کە دەکاتە وەڵامی پرسیاری ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستانیش. با پێکەوە چاوپێکەوتنەکەی وتەبێژی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتمانی بخوێنینەوە لە ژمارە (١٧٢)ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا کە دەڵێت: هەر پۆستێک گەورەو بچووک لە بەڕێوەبەری ناحیەوە، لە پۆلیسێکەوە تا ئاسایشو پێشمەرگەو تا گەورەکان، مادام کاندیدی یەکێتین، یەکێتی بۆی هەیە ئاڵوگۆڕیان پێبکاتو سزایان بداتو متمانەیان لێبکێشێتەوە.

ڕاستی ناشێوێنین ئەگەر بڵێین: ئەم لێدوانە نەک هەر دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێم، بەڵکو ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێت کە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت هەوڵی نەزۆکەو دەبێت کەسی ناو حکومەت بۆ هەتاهەتایە کەسی زەلیلی دەستی حیزب بێت. ماوە بڵێین ئەم هەڕەشانەی دەسەڵات پێچەوانەی ئەو چاکسازییەیە کە جارجار باسدەکرێتو ڕاستەوانەی ئەو پاکسازییەیە دەسەڵات (بە حیزبو حکومەتەوە) بیری جیاوازی پێ پاکتاودەکات.

# سەنگی پەرلەمان؟

**هیوا دۆمان**

دەسەڵاتی پەرلەمان لە وڵاتە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی جیهان کاتێک بوونی خۆیان دەسەلمێننو بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنی لیستو کاندیدی حیزبەکانیان بە چینو توێژەکانی کۆمەڵی خۆیان دەدەن، هەمیشە وەک هەستیکی ڕاستگۆیانە لەلایان دەبێتە کاری سەرەتاو هەوڵی دابینکردنی بۆ دەدەن، ئەم هۆکارەش لەبەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوویانو دەسەڵاتی ڕەهای پەرلەمانیو سەلماندنی بەڵێنەکانیان، چونکە هەمیشە ئەوان کە کاردەکەن، کار بۆ ئاییندەیەکی درێژخایەنو خزمەتی مرۆڤایەتیی خۆیان دەکەن تا وەک بەرنامەیەک چواردەوریان چاویان لێبکەنو چی باشە بۆ دەرەوەی خۆیانی ڕەوانە بکەن، تا وەک دەستکەوتێکی سیاسی بۆخۆیانی فەراهەم بکەن. بوونی هەیمەنەی پەرلەمانو سەنگو قورسایی خۆی، متمانەدان بە سەرۆکو کابینەی حکومەتو هەموو دەسەڵاتەکانی لەلایەن پەرلەمانەوە، چاودێریی دەکرێن، هەمیشە وەک زوومی نزیککەرەوە لە کارو چالاکیو داهاتی کەسێتی خۆیان لەپێشەوە دەبن، چونکە ئەوان گەڵ متمانەی پێداونو دەبنە دەمڕاستی خەڵکی بۆ کارو تەواوکردنی ناتەواوییەکانیان، سەرۆکی وڵاتیش ئەگەر لەلایەن گەلەوە یان پەرلەمانەوە هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، دەسەڵاتێکی تا ئەندازەیەک هەیە کە دەستوور بۆی دیاریکردووە، بەپێچەوانەوە دەرگای دەسەڵات واڵانییە، تەنانەت ئێستا بە ویلایەتەیەکگرتووەکان دەوترێت گەورەترین سەرمایەداری جیهانیی، بەڵام کاتێک سەرۆکی وڵات پێویستی بە هەر پێداویستییەکی مادیی هەبێت یان هەر کارێکی کابینەی وەزارەتییەکانی هەبێت، لە ڕێگای ڕاوێژی ئەنجومەنی پیرانو نوێنەرانەوە بڕیاری بۆ دەدرێت، نەک ئەوەی سەرۆک دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو حکومەتی هەبێت، بەڵکو دەستوور ڕێگاکانی بۆ نیشاندەکات، نزیکترین ڕووداوی گەرماوگەرم ئەو کارە نەشیاوەی پەرلەمانی بەریتانیایە، کە زۆرینەی لە حیزبی کرێکارانە، سەرۆکی پەرلەمان بە ڕاشکاوانە دان بە شکستو خەمساردیی ئەندامانی پەرلەمانو وەزارەتەکاندا دەنێتو داوادەکات هەندێک لەو وەزارەتانەی کە تایبەت پەیوەستن بەو ڕووداوەوە، دەبێت متمانەیان لێ بسەننەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ بدۆزنەوە، ئەمەش لەپای ئەوەی بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە متمانەی خەڵکو تەنانەت ئەندامانو لایەنگرانی حیزبەکەیان نەدۆڕێنن، بەڵام لە کوردستانی باشووردا سەرۆکی هەرێم بێ بوونی سەنگ بۆ پەرلەمان، خودی خۆی بڕیارەکان دیاریدەکاتو دەستنیشانی ڕۆژی هەڵبژاردنو چۆنێتی هەڵبژاردن دەکاتو لە هەمان کاتو شوێنی دیاریکراودا دەستنیشانکردنی سەرۆکی هەرێمیش لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دیاری بکرێت، ئایا حیکمەتی ئەم بڕیارە لە چیدایە؟ خەمخۆری وڵاتو کۆمەڵی کوردییە یان خەونی کیمیابارانی هەڵەبجە؟ گیانی (١٨٢٠٠٠) ئەنفالکراون؟ سوتماککردنی کوردستانو هەڵتەکاندنی لە بناغەوە کلتوورو شارستانێتی کوردستان؟ یان خەمخۆری نەبوونی دەستوورو لێپرسینەوەی وەزارەتو گەندەڵییەکان؟ بەهەدەردانی سەروەتو سامانی وڵاتمان؟ یان ڕێگا خۆشکردنە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات هەتا ئەوکاتەی میللەتو کۆمەڵگای کوردی لە خەوە قوڵی بێئاگاییەکەیان خەبەریان دەبێتەوە، تەماشا دەکەن کوردستانیش بووەتە دوبەیو لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا کوڕ لە باوک بێزاردەبێتو لە گەشتێکیدا ئاگاداری دەکاتەوە دەگەڕێتەوە، چونکە دەسەڵاتی تۆکۆتاییهاتووە، ئیتر پشتاوپشت لەبەرچاومان دەبنو خۆشەویستیی خۆمانیان نیشاندەدەین. ئەی بۆچی ئەم بڕیارەیانداوە، من دەڵێم لە قەوارە سیاسییەکانو لیستە سەربەخۆکان دەسڵەمینەوە، چوار حیزبی بچووک لەلای ئەوانو لیستێک بە هێزێکی نەمرو نەفەسێکی درێژەوە لە کێبڕکێی هەڵبژاردندان، کۆمەڵی کوردی تەنانەت بە کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانیشەوە تا سەر ئێسک لە خەمساردیو بێبەهابوونی ئەم دوو حیزبە بەدەسەڵاتو زلهێزەی کوردی خۆیان پڕن، هەروەک چۆن موسڵو دیالەو کەرکویان لەدەستدا بەهۆی ململانێ حیزبییەکانیانو خۆخەریککردن بە شتە لاوەکییەکانەوە، لەوە دەترسن ئەمانیش وەک (مجلیسی اعلی ئیسلامی) (عەبدولعەزیز حەکیم) کە چۆن دەستکەوتی هەڵبژاردنی لە ناوجەرگەی شیعەنشینو نفوسی خۆیدا لەدەستدا، بەڵام ئەو زۆر بە ڕاشکاوییەوە دانی بە شکستی خۆیدا ناو خەمساردیی حیزبەکەی لە بەرامبەری نفوسی خۆیاندا دەربڕی، ئەم دوو هاوپەیمانەش لەهەمان ئەنجام دەترسن لە بەرامبەری کۆمەڵگای کوردی، بۆیە بڕیاری ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە بێتو هاوپەیمانێتی ستراتیژیی ماوەیەکی درێژ بۆ ئەم دوو حیزبە تۆماربکرێت، تۆ بڵێیت ئەم هاوپەیمانێتییە لەپای چییە، کام لەم دوو حیزبە لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەترسنو حەزناکەن لەبەردەم سەروەرییەکانی خۆیانداو ئەندامانی خۆیاندا شکستی خۆیان ببینن، هەربۆیە هەردووکیان بە نەنگییەکانو خوارییەکانی یەکتری ڕازین، بۆیە هەیمەنەی دەسەڵاتی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بسەنرێتەوەو وەک ڕەقیبێک دەسەڵاتی خۆی لە بەرامبەری پەرلەمان پیشانبدات، ئەگەر دەنگی نارەزایی ناو پەرلەمانو حکومەت زیادیکردو لە خزمەتی هاوپەیمانێتی ئەواندا نەبوو، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو حکومەت بە ڕەوای خۆی دەزانێت، هەروەک چۆن ئەمیری وڵاتی کوەیت لەماوەی ئەمساڵدا دووجار بڕیاری هەڵوەشاندنەوەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی دا، چونکە ئەنجامی تاک دەسەڵاتی نەبوونی دیموکراتیبوونو دەسەڵاتی بنەماڵەییە، چونکە لە دەستووری خۆیاندا بەو ڕێگایە ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام لەلای خۆشمان ئەنجامی نەبوونی دەستوورە، کێش دەڵێت لە ڕەشنووسی دەستووردا ئەو خاڵە دیارینەکراوە، پەرلەمان تا ئەم ماوەیەی کە دەسەڵاتی بۆ خۆیو سەرۆکی هەرێم درێژکردەوە، بڕیار لەسەر دەستوور نادەنو لەپشت دیواری پەرلەمانەوە چەندین بڕیاری سەیروسەمەرەی تێدا نەچەسپیوە، خۆ ناخرێتە دەنگدانی خەڵکییەوە، هەروەک چۆن دەستووری پەرلەمانی عێراق بۆ متمانەی ڕاپرسیی هەموو عێراقی وەرگیراو ئینجا چەسپی، بەڵام ئێستا جارێکی دیکە خەریکی هەموارکردنینو ڕاستکردنەوەی هەڵەکانن، ئێمەش ڕەنگە بە هەمان ئاقاردا بڕۆین. ئەمانەی ئێمە دەیڵێین حەزدەکەین ڕاست نەبێتو بە دیالۆگو گفتوگۆ چارەسەربکرێتو ببینە نموونە لە ناوچەکەدا، دەسەڵاتو سەروەریی یاساو حکومەتو دادوەرییو فرەمینبەری لەلای ئێمەوە بەرەو چواردەورمان پەرەبسەنێت.

# سوپاس بۆ لیستی جیاواز



جاسم محەمەد

نزیکەی دوو مانگە بـــاس باسی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بێگومان هێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی، ئەوانەی حکومەتیان بەدەستەو ئەوانەی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندان، سەرقاڵی ئامادەباشین بۆ هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردن.

من لێرەدا قسەم لەسەر ئەو خروقاتانە نییە، کە لەلایەن حکومەتەوە دەکرێن، بەڵکو قسەم لەسەر ئەو پەلەپروسکێ و شپرزەییەیە، کە هەموو حکومەتی سلێمانی گرتووەتەوە، ببوورن کە دەڵێم حکومەتی سلێمانی، چونکە هێشتا دەسەڵاتی (هێز، بڕیارو پـارە) هەر بەدەستی ئیدارەی پێشووی سلێمانییەوەیە.

شپرزەیی کادیرانی باڵای (ی.ن.ک) لەنێو حیزبو حکومەتدا، دوو پاڵنەری سەرەکی هەیە، یەکەمیان ترسی لەدەستدانی جەماوەری ئەو ناوچانەی بە هی خۆیان زانـیـوە، لەدەستدانی جــەمــاوەر واتە لەدەستدانی بیانووی حوکمڕانی، چونکە لە قۆناغی ئێستای هەڵبژاردنی پەرلەمانو لە ئایندەیەکی نزیکدا کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان ئەنجامدەدرێت، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنو دانانی پۆستەکانی دیکە دەکەوێتە دەستی ئەو ئەنجومەنانە.

دووەمیان، کە ئەمەیان خەمی هەرە گەورەیە، ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی ڕەهاو ڕاستەوخۆو تاکڕەوانە، کورد وتەنی (بکوژو ببڕ خۆیەتی).

بێگومان لەدەستدانی دەسەڵاتی ڕەها، لەدەستدانی قاسە گەورەکەی حکومەتیشی بەدواوە دێت، کە مەگەر هەر بۆ خۆیان بزانن، خەزێنەکە چەند قاسەی تێدایەو هەر قاسەیەی چەند بە چەندە؟ چەند پارە دەگرێت؟ چەند کونی تێدا کراوە؟ ڕۆژانە لەو کونانەوە چەندی لێ دەردەهێنرێت بۆ کیسەی حیزبو چەندی بۆ شتی دیکەو شتی دیکە...؟!

زۆر سەرسامدەبم کاتێک کە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت دەبینم لەگەڵ نوێنەری گەڕەکەکانی ناو شاری سلێمانیدا دادەنیشێتو دەڵێت (دەزانم داواکاریتان زۆرە.. هــەمــووی جێبەجێدەکەین...) وەک ئــەوەی پایتەختی کوردستان لە (چین و ماچین) بێت و ئەمە یەکەمجارە بەرپرسێکی باڵا ڕێی بکەوێتە ئەم شارەو بــۆی دەربـکــەوێـت داواکــــاری ڕەوای جێبەجێنەکراو هەنە!!

ئای هەڵبژاردن چەند داناو حەکیمی چەند بەهێزو بە ئیرادەی، لە سایەی جەنابی عالیتا، حکومەت لە کۆشکو تەلارە بڵندەکانی، کە ئەوانیش هەر موڵکی گەلن، دێتە خـــوارەوە، بەرپرسەکانی دەنێرێتە سەر جادەو نێو کۆڵانەکان، نێو جەماوەر، چونکە تۆ، ئەی هەڵبژاردن، بیری هێنایەوە، کە زامنی مانەوەی ئەو بەڕێزانەی بۆ چوار ساڵی دیکە، لە حوکمی ئەم وڵاتەدا.

لێرەدا هێڵێکی چەپو ڕاست ناهێنین بەسەر ئەو کارانەی، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەنجامدراون، بەڵام دەپرسین، ئەگەر دڵنیان کاری باشو پێویستتان کــردووە، چ پێویست بەم شپرزەییو تەشەنوجاتە دەکــات؟ ئەگەر ئێوەی بەڕێز لە ماوەی ڕابردوودا سەرکەوتوو بوون لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانتان، ئەی بۆچی لەم ماوە کەمەی ماوتانە هێندە بەلێندەدەن، لەوانەیە چەندین ساڵی بوێت بۆ جێبەجێکردن.

کە لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا، قیرتاوی شەقامێک نۆژەندەکەنەوە، بێئەوەی بزانرێت کەی تەندەر بۆ ئەم کارە لێدرا؟ کەی بانگەوازی بۆ کرا؟ کێ تەندەرەکەی بۆ دەرچوو، ماوەی پرۆژەکە چەندە؟ ـ ؟ ـ ـ ؟ ئەی نەدەکرا پێشتریش بەو نەفەسە کار بکرایە، بۆ نموونە (١٦)کم-ی جادەی سلێمانی عەربەت (١٤٦٠) شەوو ڕۆژی پێ نەچوایە؟!

پاشان بەستنەوەی مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو هەڵبژاردن، بەو خزمەتگوزارییە سەرەتاییانەی کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە، کارەساتێکی سیاسی ئەم هەرێمەیە، چونکە خزمەتگوزارییەکان بەشێکی بچووکی دۆزی کوردستانە، کەلێنێکی بچووکە لە کەلاوەیەکی هەزار بەهەزار.

**بەستنەوەی مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو هەڵبژاردن، بەو خزمەتگوزارییە سەرەتاییانەی کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە، کارەساتێکی سیاسی ئەم هەرێمەیە، چونکە خزمەتگوزارییەکان بەشێکی بچووکی دۆزی کوردستانە، کەلێنێکی بچووکە لە کەلاوەیەکی هەزار بە هەزار**

لەو کەلاوەیەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێکنەخراوەتەوەو بە نیزامی نەکراوەو هەر بەدەستی حیزبەکانەوەیە، تەنانەت مووچەیەکی سەربەرزانەشی پێ ڕەوا نەبینراوە.

لەو کەلاوەیەدا دێهات هەر وێرانەو ئـــاوری پێویستی لـێـنــەدراوەتــەوە، ئاوەدانەکراوەتەوە! کەس نازانێت ئەو پارەیەی لەبەغداوە هاتووە، دێت، بۆ ئاوەدانکردنەوەی، چەندە چۆن خەرج دەکرێت.

هــەر لــەو کــەلاوەیــەدا، سوپایەکی گەنجمان هەیە، زەمینەی کارکردن هەیە، بەڵام بێکاریی هەڕەشە لە ژیانی ئێستاو ئەوەی ئایندە دەکات. جیاوازی چینایەتی بە ڕادەیەکە کە کەسێک خەمی دابینکردنی نانی ئێوارەیەتیو کەسانێکی زۆریش خەمی ئەوانەیە لە کوێ نان بخۆن و چی بخۆن، نەوەک قەڵەویی دووچاری جەڵتەیان بکات.

خەمەکان هێندە زۆرن باشترین نووسەر لە وتارێکدا ناتوانێت پوختی بکاتەوە، بەڵام جێگەی دڵخۆشییە، لە سایەی بوونی دەنگ و ڕەنگی جیاوازەوە، هەڵبژاردنی ئەمجارە، هەموو لایەکی بەئاگا هێنایەوە، گەلێ بیرهێنایەوە کە دەسەڵات لای ئەوە، حکومەتیشی ناچارکردووە پەنا بۆ دەسەڵاتی گەل ببات.

دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی والێکردووە، پرۆژەو بەرنامەیان هەبێت بۆ ئایندە، نەک خەوتن و خەوبینین بە دەستکەوتەکانی ڕابردووەوە.

کەواتە با هەموومان سوپاسی لیستە جیاوازەکان بکەین، کە هەڵبژاردنیان زیندووکردەوەو ڕزگاریان کرد لە مردن، چونکە هەڵبژاردن بە تەنیا لیستێک دەبێتە ڕاپرسی، لە ڕاپرسییەکەشدا ناڕاستەوخۆ نووسراوە (دەتەوێت ئەم لیستە هەڵبژێرە ناتەوێت هەر ئەم لیستەت هەڵبژاردووە).

Jasm lowiz@yahoo.com

## ونبوون

باجێکی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەشی کارەبا بەناوی (ئالان تەها کەریم) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٤٢٧٣٨٤)

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسێتی لە ڕانیە

ژمارە: ٤٢/ش/٢٠٠٩
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٥/٣١

بۆ داوالێکراو/ عثمان محمد عبدالله/ ڕانیە/ بۆسکێن
ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
لەبەر ڕۆشنایی داوای ژمارە ٤٢/ش/٢٠٠٩ کە لەلایەن هاوسەرەکەت داواکار (لیلی علی چوکل)ەوە لە دادگای باری کەسێتی لە ڕانیە تۆمار کرابوو دادگا لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ بڕیارێکی نائامادەیی دەرکرد کە تیایدا بڕیاردراوە بە سەلماندنی ژنو مێردایەتی نێوانو تۆو داواکارو سەلماندنی ڕەچەڵەکی بەهارو دڵنیا وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئەگەر هەڵنەستیت بە تانەگرتنو پێداچوونەوەی داواکە لە ماوەی یاساییدا ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**سامان فتاح حسن**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای باری کەسێتی سلێمانی

ژمارە: ١٠٩٣/ش/٢٠٠٩
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٦/٢

**(ئاگانامە)**

داواکار: ڤیان عبدالله محمد حسن
داوالێکراو: خسرو محمد غریب رحمان / کە ئێستا ناونیشانت نادیارە
داواکار (ڤیان عبدالله محمد حسن) داوایەکی بە ژمارە (١٠٩٣/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لە سەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە جیابوونەوە بەهۆی جێ هێشتنی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری (٢٠٠٩/٧/١٥) سەعات (٩)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
داوا لەسەرکراو/ خسرو محمد غریب رحمان
ڕۆژی دادبینی/ ٢٠٠٩/٧/١٥

**دادوەری یەکەم**
**محمود محمد محمود**

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسی ڕواندز
ڕقلیم کوردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسە محکمە استئناف منطقة اربیل
محکمە الاحوال الشخصیە رواندز

ژمارە/ ٢٩/ش/٢٠٠٩
ڕێکەوت/ ٢٠٠٩/٦/٣

**جاردان**

بۆ/ داوالێکراو (حسن سلێمان فقی ابراهیم) کە شوێنی دانیشتنت نادیارە داواکـار (حلیمە مامل حسین) داوای ژمـارە (٢٩/ش/٢٠٠٩) لەسەر تۆ تۆمارکردووە داوای پەسەندکردنی (تەڵاقدان) دەکات، کە لە ڕۆژی ١٩٥٢/٣/٥ تەڵاق دراوە، بۆیە پێویستە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٠٩/٦/٢٣ بە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادەبیت، بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە لە دژت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

**قازی**
**محی الدین عبدالرحمن مصطفی**

## ونبوون

پێناسێکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرێتی چاودێری کەمئەندامان بەناوی (ریان جەمال ئەحمەد) لەدایک بووی (١٩٩٨) بە ژمارە (٤٣٦) هەرکەس دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٥٦٧٢٠٠)

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
**سامان بەشارەتی** ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

www.netewe.com



# جینۆسایدی فیکریی

هێمن زاهیر

تازەترین شێوازی دیموکراسی کە یەکێتیو پارتی بونیادی فیکرییو مەعریفیی خۆیانی لەسەر دادەڕێژنەوە (جینۆسایدی فیکرییە)، کە دەکرێت لە دونیای فیکری ئەواندا جێگایەکی فراوانی بۆ تەرخانکرابێت.


هەموو پارتێکی سیاسی شانبەشانی دونیای عەولەمەو سەردەمی گۆڕانکاریی لە سیاسەتو فەلسەفەی سیاسیاندا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر چەمکی تازەو شێوازی نوێی دیموکراتی، بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن، ئەوان دەتوانن لە ڕێگای باوەڕبوون بە دیدی تازەوە کە هێناویانەتە گۆڕێ، خزمەت پێشکەشی کۆمەڵگا بکەن، کۆمەڵگاش لە بەرامبەردا متمانەی پێکهێنانی حکومەتو سەرۆکایەتیی وڵاتیان پێی ببەخشێتو دەنگیان دەداتێ.

دەکرێت ئێمە لەنێوان پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانو پارتەکانی دیکەی دنیادا، جیاوازییەکە لەوەدا چڕبکەینەوە کە ئەوان بەردەوام لە هێنانەکایەی بیری خزمەتکردندان بە هاوڵاتییان، بەڵام لە کوردستان لەسەر لێدانی بیری جیاواز کاردەکرێت کە تەواو پێچەوانەی دیدی دیموکراتیانەو خزمەتکردنە بە هاوڵاتییان.

بۆ نموونە پارتی کرێکارانی بەریتانیا کە دوانزە ساڵە متمانەی هاوڵاتییانی بەدەستدەهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ئەم پارتە بانگەشەی پاراستنی ژینگە دەکات کە خزمەت بە بەردەوامیی ژیان دەکات، بەڵام پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانیش تا پێناسە لە بەردەوامبوونو دوانەکەوتنیان بکەن لە بەرامبەر سروشتی ژیانی سیاسی لە دونیادا، لەسەر جینۆسایدی فیکریی کاردەکەنو رایدەگەیەنن کە ئەوان بیروڕای جیاواز لەناو پارتو حکومەتەکەیاندا قبوڵناکەنو لە ڕێگای ئەم شێوازە تازەیەی دیموکراتی، هەڕەشە لە ژیانو گوزەرانو ئارامیو قوتی ڕۆژانەی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەویان دەکەن، تا لە بەرامبەردا متمانەی خەڵکی بەدەستدەهێننەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەیان.

ئەم پارتە بەناو پارتە سۆسیال دیموکراتە، (جینۆسایدی فیکریی) دەکاتە فۆرمی نوێبوونەوەی خۆی تا لە ڕێگای ئەم فۆرمە تازەیەوە بە ڕێکخراوی (SI) رابگەیەنێت کە حیزبێکی چەقبەستوو نییەو توانای گۆڕانکاریی لە دیدو بۆچوونیدا هەیە، دەتوانێت بەرهەمی تازەی فەلسەفیو شێوازی دیموکراتی نوێ بهێنێتە گۆڕێ، کە تەنیا خۆی باوەڕی پێی هەیە.

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەکرێت هەڵوەستە لەسەر دوو خاڵ بکەینو ئەو پرسیارە لە پارتە سۆسیال دیموکراتەکەی هەرێمی کوردستان بکەینو بڵێین: ئایا (جینۆسایدی فیکریی) تەنیا ڕێگاچارەتانە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا؟ لە سۆنگەی بڕوابوونتان بەم شێوازە تازەیەی دیموکراتی دەتوانن خزمەتی ئەم نیشتمانەو خەڵکەکەی بکەن؟



# مۆزەخانەی حیزب

ڕەووف محەمەد ئالانی

ئەوەی بە وردی لە ڕووداوو هەواڵە سەیرەکانی ئەم هەرێمەی ئێمە وردببێتەوە، تووشی شۆک دەبێت، کاتێک زۆر شتی ئەنتیکەو ناوازەی دێتە بەرچاو، ئەگەر کەسانی تایبەتمەند لەوبوارەدا هەبوونایە مۆزەخانەیەکیان بۆ ئەو بابەتو شتە ئەنتیکانە دادەمەزراندو ناویاندەنا (ئەنتیکەخانەی سیاسی)، ڕۆژانە دەیانو بگرە سەدان کەس دەچوونە سەردانیو بە خەندەو بزەو خۆشی کاتەکانیان بەڕێدەکرد، لەجیاتی ئەوەی جێگایەک نەبێت بۆ چێژی دەروونو ئارامیی ڕۆح، ئەو شوێنە ئەو بۆشاییەی پڕدەکردەوە، ئێستا ئەگەر ئەم دەسەڵاتە یەکێک لەو وەزیرە بێ ئیشانەی خۆی بۆ ئەوە تەرخانبکات، بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژێت بە مەرجێک مۆڵەت لە پۆلیسی دارستان وەربگرێت، چونکە ڕاوی ئەو دوو چۆلەکە بەسەزمانە دەچێتە بابی سزای ژینگەیی (ئەگەر یاساکە بۆ بەرپرسانیش هەبێت)، یەکەمیان ئیشێک بۆ وەزیرێک دەدۆزێتەوەو لەو بێکارییو پشووە درێژە دووری دەخاتەوە، دووەم خزمەتێکە بەو خەڵکە داماوو هەژارەی کورد کە تۆزێک ئاسودەیان بکاتو خۆشیو شادییان پێ ببەخشێت، لەناو هۆڵەکانی مۆزەخانەدا لە دەرگاوە تا هەموو دیوارەکان، بەشی سەرەوەی بۆ وێنەی سەرۆکی حیزبەکان دیاری بکرێت، پاشان شیعاری حیزبەکان بە خەتی فارسیو عەرەبیو تورکی هەڵواسرابێتو بەشێوازی زەخرەفە کە هیچ کوردێک بۆی نەخوێنرێتەوە، ئینجا وێنەی هەڵەبجەی زامی کیمیاییو وێنەکەی عومەری خاوەر بە سەرەوخوار هەڵواسراوەو فڕۆکەوانێک کە هەڵەبجەی نوقمی تەمی کیمیایی کرد، لە ژووری زینداندا کلیلی بەدەستەوەیەو پاسەوانەکان سڵاوی لێدەکەن، لە بەشێکی دیکەی دیواری مۆزەخانەکەدا شاعیرێکی کورد خەوی لێکەوتووەو دەیەوێت کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، دیوانە شیعرییەکەی ناوی (دەوڵەتی کوردییە)، لەپشتییەوە کەسێک تەورێکی بەدەستە خەوەکەی دەزڕێنێت، لە بەشێکی دیکەی دیواری مۆزەخانەکەدا وێنەی شاری کەرکوکو بۆڕی نەوتی بابە گوڕگوڕ هەڵواسراوەو عەگال بەسەرێک بەدەم قاقای پێکەنین دەڵێت ڕاست دەکەن کەرکوک شاری برایەتییە.

لە بەشێکی دیکەدا وێنەی ئەنفالکراوەکان هەڵواسراوەو دەڵێن شەرمەزاربن ئاوا زوو بیرچووینەوە...

لە بەشێکی دیواری مۆزەخانەکەدا وێنەی قەندی هەولێر کێشراوە کە لولەی دەبابەیەک بەشێکی خاپوورکردووە، لەکاتی سەردانی مۆزەخانەکەدا خوێنەر لەوانەیە بڵێت ئەمانە هەموو هێمای گریانن نەک پێکەنین، چۆن پێکەنینمان دێت؟ منیش دەڵێم کە ئەو وێنانە دەبینیو ڕاستییەکان دەردەکەون، لە دەمی سەرکردەکانیش پێچەوانەکەی دەبیستی، دڵنیام هێزە بەقسەو بەڵێنیان پێدەکەنیت کە شایەنی گاڵتەوگەپێکی سەیری سیاسی بێت.



# خۆزگە هەموو مانگێک هەڵبژاردن بوایە

ئاوارە حەمید

ئەم وتەیەی سەرەوە لای هەموومان سەیرەو شتێکی حەتمییە، هەرگیز شتی واش نابێت کە هەموو مانگێک هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام هەڵبژاردنێک ئۆپۆزسیۆن هەبێت، لیستێک لەدەرەوەی پارتیو یەکێتی، لە تواناشیاندا نەبێت بارەگاکانی بسووتێنن، ئەندامانی بکەنە ژوورە تاریکە نایاساییەکانو بوختانی بۆ هەڵبەستن بەوەی سەر بە فڵان دەوڵەتە، لێم مەگرن کە خۆزگە بەوە بخوازم تەنیا کاتی هەڵبژاردنەکان زیندوو ببمەوەو کاتەکانی دیکە بچمەوە بارەگای یەزدانو بۆشم ناچێتە سەر، زۆریش حەزدەکەم؟ لەبەرئەوەی ئەگەر لەناو خەڵکدا بویت، لەپێش هەڵبژاردنەکان دەزانی چ باسە باس باسی دزی، گەندەڵی، نادادپەروەریی، سەروەرنەبوونی یاسا، هەراسانبوون لەم دەسەڵاتە لەبەر کارە ناشیاوەکانی. لە بەرامبەر ئەمەدا لەکاتی هەڵبژاردن بەتایبەتی ئەم هەڵبژاردنە پارلەمانییە، بەهۆی بوونی لیستی جیاوازو سەربەخۆ لەوکاتەوەی کۆمسیۆن دەستیکردووە بە کاری پراکتیکی، یەکێتیو پارتیش (حکومەت) دەستیانکردووە بە پڕۆژەی خزمەتگوزاری، زەوی دابەشکردن وەستابوو، دەستی پێکردەوە، دامەزراندن نەبوو، دەستپێکردەوە، حکومەتو هاوڵاتی کەلێنیان کەوتبووە نێوان، ئێستا حکومەت وا خەریکی خۆنزیککردنەوەیە لە هاوڵاتی، کۆڕو کۆبوونەوەکانی حکومەتو خەڵک، حیزبو خەڵک گەرموگوڕییان تێکەوتەوە، جارێکی دیکە پڕۆژەی خزمەتگوزارییو دامەزراندنو زەوی دابەشکردن دەستپێکردەوە، تومەزانە کاتی هەڵبژارنە هەست بەوەدەکەنو بەدیلیان دروستبووە، خەڵکیش هەراسانبووەو چیتر بە بەڵێنی بریقەدارو قسەی سواکراوە فریونادرێن، ڕۆژ ڕۆژی خزمەتکردنو سەروەریی یاساو شەفافی بودجەیە، لەم ماوەیەدا چەند جارێک برادەرەکانم دەیانوت خۆزگە زوو زوو هەڵبژاردن بکرایە، بەڕاستی حکومەت خەڵکی بەبیر هاتووەتەوە، **ئەگەر هەڵبژاردن نەبوایە ئۆپۆزسیۆنیش نەبوایە، چاومان بەم پڕۆژانە نەدەکەوت، بەڵام ڕاستە ئەگەر هەڵبژاردنو بوونی لیستی جیاواز نەبوایە، بەرپرسانمان دەچوون لەگەڵ خەڵکی گوندنشینان کۆببنەوەو خانوو بۆ گەرمیانیان بکەنو زەوی بدەنە بنەماڵەی شەهیدانی بالیسان، هەر هەفتەی لەگەڵ گەرەکێکی شاری سلێمانی کۆبینەوەو سەرۆک بێتە ناو خەڵک؟** بۆیە ناهەقم مەگرن خۆزگە بخوازم هەموو مانگێک هەڵبژاردن بوایە.



# ڕۆژی پاش هەڵبژاردن چی ڕوودەدات؟

لاوک سەڵاح

ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییەیە کە هەموومانی تووشی نیگەرانیو ترسو دڵەڕاوکێ کردووە، لە خۆمان دەپرسین تۆ بڵێی لەپاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن چی ڕوووبدات؟ سیناریۆکان چین؟ شەڕو پێکدادانو تۆمەتبارکردنو چوونە سەر ماڵانی هەڤاڵە دێرینەکانو هەڕەشەکردنو سڕینەوەی یەکتری، یاخود بەخشینی ڕەوایەتی بە پرۆسەی پەرلەمانو ملکەچکردن بۆ ئیرادەی هاوڵاتییانو ڕێزگرتن لە ڕای گشتییو بونیادنانی دەزگاکانو نەهێشتنی گەندەڵی، پێداچوونەوەو چاککردنی یاساکانو هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانو دەرخستنی دارایی لایەنەکانو سیاسییە قەبەکان.

بەداخەوە لە کۆمەڵگا ئاسیاویو ئەفریقییەکاندا کەم ئەزموون هەن پێمان بڵێن کە هەڵبژاردن یاساییانەو بێ کەموکوڕییو بێ ساختە ئەنجامدراوەو لەلایەن یارانو نەیارانەوە قبوڵکراوە، تەنانەت ئەگەر باوەڕیشیان پێ هێنابێت، زۆری نەخایاندووە زیندەبەچاڵکراوە. چی وادەکات ئەزموونی کوردستان جیاوازبێتو وانەبێت! بەتایبەتی هەموو یاساکان لە کوردستاندا لەسەر لاقێکی لەرزۆک ڕاوەستاوەو لە کەناری هەرەسدا لەنگەری گرتووە.

هەر خۆی ئەم پرسیارکردنە ترسناکو توقێنەرە، زۆر کەس نایانەوێتو هەر ناوێرن بیری لێبکەنەوە، من پێم باشە خۆمان بۆ کارەساتی لەوجۆرە ئامادەبکەین، ئەگەر ڕووش نەدات، ئاخر خۆ ئێمە خۆمان بۆ هیچ کارەساتێک ئامادەناکەین، نە بۆ لافاوێک، نە بۆ بومەلەرزەیەک، تەنانەت نە بۆ ڕووداوێکی هاتوچۆش، هەر کارەساتە دەماندات دەست کارەسات، ئێمە هەر لە هاتەهاتی کارەساتداین، چێژی لێوەردەگرین!

هەموو ئەو ڕووداوانەی لە مێژووی ئێمەدا چارەنووسسازبوون، چەند هێماو نیشانەی سەرکەوتن بوون، ئەوەندە لەگەڵ خۆیانداو لە هەناویاندا هۆکارەکانی شکستیو نەهامەتیو لاوازیان هەڵگرتووە، پاشان زەمەنێکی درێژو تەمەنی چەندان نەوەی ویستووە بۆ سارێژبوون. ڕووداوەکان هەروەک خۆیان، خۆڕسکانە دەچنە ناو ئەرشیفو کەشکۆڵی مێژوومانەوە.

چی زامنی ئەوەیە کە ڕۆژی پاش هەڵبژاردن لە کەرنەڤاڵێکی نەتەوەییەوە ناگۆڕێتە سەرابێکی تەمتومانو تونێلێکی تاریک؟ چی زامنی ئەوەیە ڕۆژانی پاش هەڵبژاردن ڕۆژانی نەمانی لێبووردەییو گۆڕینەوەی خۆشەویستی نابێت بە ڕقو کینەو ئیرەی کۆمەڵگا دواکەتووەکان؟ چی زامنی ئەوەیە هەموو ئەو وشە بریقەدارانەو دروشمە هاندەرەکانی بەر لەوادەی هەڵبژاردن، کە وێردی سەر زمانیان بوو، هەڵناوەرێن، چی زامنی ئەوەیە هەموو لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، هەموو باڵۆرەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤو مافەکانی ئافرەتو گەنجانو هەموو مافەکانی دیکە، لە جولەیەکی خامۆشو بێدەنگو سینەماییدا ناسڕێننەوە، هەروەک ئەوەی ئێمە نەهاتبینەگۆ، هەروەک ئەوەی ئێمە نەبووین کە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانمان بەو هەموو وتارو ڕاڤەکردنو قسە زلانە ڕەشکردەوە.

بمبەخشن من نەوەی شارێکم زۆر بەئاسانی باوەڕ بە گفتەکان ناکەم، بەداخەوە ڕووداوەکانی بەردەرکی سەرا بەرهەمی رابردووی ئێمەیە، تۆماری مێژووی ئێمەیە، نەوەک چەمکە مرۆڤایەتییەکانی فۆکۆو زاناو بلیمەتەکانی دیکەی دونیا. لە دووریی چەندان وڵاتو دەریاو کیشوەرەوە گوێم لە ترپەی نیشتمانە، ڕووداوەکانی مێژوومان، ڕووداوە دوورو نزیکەکان، دێوەزمەکانی ئەمڕۆن، هێشتا هێورنەبوونەتەوە خەریکە سەرهەڵدەدەنەوە، هەندێکجار ئەوەندە گەشبینبووم بەو ڕووداوانەی لە ساتە دەگمەنەکانی مێژوودا لە بەرژەوەندیی نیشتمانو وەرزەکانی نیشتمانو نەتەوەو خاک بووە، دە ئەوەندە ڕەشبینبووم بەرامبەر مامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕووداوەکانو ئاراستەکردنو چارەسەرکردنی کێشەکانو ڕاپەڕاندنی کارەکان. زۆرجار هەموو باشییەکانی ڕووداو بوونەتە قوربانیی خراپەکانی ڕووداو، زۆرجار ئەوانەی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا لە یادەوەرییو لەماوەیەکی دیاریکراودا مەزن دەردەکەوتن، ئێستاکە زۆر بچووکبوونەتەوە، دەپرسم بۆ؟ ئەوسا نە میدیاو نە تەلەفزیۆنو نە کۆمپیوتەرو نە سەتەلایت هەبوون، بەڵام زۆر نزیکتربوون لە ئێمە، خەڵکی تامەزرۆبوون وێنەکانیان بکڕن کە لەسەر شەقامەکان دەفرۆشران، چەند گرانە کۆمەڵگایەک لە پاڵەوانەکانی بەتاڵبێتەوە، کۆمەڵگایەکی شەکەت هەست بە کەلێن بکات لەنێوان خۆیو ئەو ئەفسانانەی کە سەرمایەی زیندوویێتی هەر میللەتێکە. هەر میللەتێک پاڵەوانەکانی خۆی لەدەست بدات، ئەو بەهایانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەپێناویدا جەنگاونو کە بەرجەستەکردنی ئازایەتیو مەردایەتییە، لەدەستدەداتو هەموو ئەو حیکایەتانە دەسڕێنەوە کە پێکەوە میللەتێک دەبەستنەوە، ئەو پاڵەوانانەی لە ڕۆژگاری نەبوونی یاسادا چاوەڕوانی (سبەی)مان دەکرد، تا ئەوان یاسا سەروەربکەن نەوەک پێشێلی بکەن. تۆ بڵێی ئێمە نەماننناسیبن یان ئەوانەی دەمانناسین ڕۆیشتن، ئەوانەی ماون هەوڵی بەدەستهێنانەوەی زەمەنێکی ونبوو لە تەمەنی شەخسیاندا دەدەن، ئەمان خۆیان یەکەم کەسن مێژووی سەروەریی میللەتێک دەسڕنەوەو پەیامێک بە خەڵک دەدەن کە چیدی ئەوان لە ئێمە ناچن، ئێمە ئەوان نین.

ڕۆژی پاش هەڵبژاردن ڕۆژی یەکلایی بوونەوەیە، یان بەردەوامدەبین لە درێژبوونەوەی هەمان مێژووی پڕ لە دراماو کارەسات یان شەبەقی ڕۆژێکی ڕووناکو سەرەتای کلتوورێکی نوێ.

با چاوەڕوانبین بزانین چی ڕوودەدات..










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

- سەرۆک کۆمارەکانی ئێران تا ئێستا — ل٣
- ئەحمەدی نەژاد تێکەڵەیەک لە بوشو......... — ل٤-٥
- عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ پرد: دەبێت خەباتێکی بەربڵاوی مەدەنی بەڕێوەخەین — ل٨



رۆژنامە پرد PIRD
دووشەممە

دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسیی‌و رووناکبیری

ژمـارە (485) دووشەممە 2009/6/8 — ٨ لاپەڕە — prd@rozhnama.com


سەروتار

# هەڵبژاردن‌و جەوهەری دەسەڵاتی سیاسی (ئێران)

مەحمود شێرزاد

هانا ئارێنت دەڵێت: (ئەگەر ناچار بویت لە نێوان خراپ‌و خراپتردا، خراپ هەڵبژێری، لە بیرت نەچێت کە «خراپ»ت هەڵبژاردووە.)

چەند رۆژێکی دیکە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری ئێران ئەنجامدەرێت، لێرەوە کورد لەسەر چ بنەمایەک دەبێت ئەم پرۆسە سیاسییە لێکبداتەوەو هەڵوێست بگرێت؟ ئێستا دەکرێت بڵێین هەڵوێستی کورد لەسەر بنەمای ئەم ئەخلاقە مێژووییەی کە هەیەتی هەڵوێستێکی پارچە پارچەی ئاشکرایە.

کێشەی کورد لە ئێران بە هیچ سەرکۆمارێک چارەسەر نابێت، جگە لەوەش کورد ئەگەر لە دەنگدانەکانیش بەشداربیکات ( بەشداری کەرەستەیی، تەنیا وەک دەنگدەر) بەو مانایە نیە دەتوانێت بەشێک لە مافەکانی بەدەست بێنێت، چونکە ئامادەیی کورد لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا ئامادەییەکی کەرەستەییە لە دامودەزگا لاوەکییەکانداو هەرگیزیش لەم جۆرە بارو دۆخانەدا ناتوانێت بچێتە ناو سیستەمەوە. ئەوەی لە ئێرانی ئێستا چارەسەری بەشێک لە کێشەکانی ئێمەی لێدەکەوێتەوە پەیوەندی بە دامـەزراوەی سەرۆک کۆمارییەوە نیە، بەڵکوو پەیوەندی بە دامەزراوەی رێبەریی‌و بە هەڵوەشانەوەی یاساو بە کورتی پەیوەندی بە گۆرانی بنەرەتییەوە هەیە.

دەسەڵاتی سیاسیی ئێران هەر بە تەنیا لە رووی نەتەوەیی‌و کلتورییەوە نامانچەوسێنێتەوە، بەڵکوو مرۆڤبوونی ئێمەشی تووشی قەیرانێکی گەورە کردووە، چونکە وەک هەموو دەسەڵاتێکی توتالیتاری دیکە بەر لە هەر شتێک مرۆڤبوونی ئێمەی زەوتکردووە، هانا ئارێنت دەڵێت:( تۆتالیتارییەت هەر بە تەنیا چاوەدێری جەستەو هەڵسوکەوتەکانی دەرەوەمان ناکات، بەڵکوو لە ناوەوەش ئیرادەو هەڵسوکەوتە تایبەت‌و شەخسی‌و دەروونییەکانمان کۆنترۆڵدەکات.) لێرەوە دەسەڵات پرۆژەکانیشیدا سەرکەوتوو بووە:

یەکەم: توانیوێتی خۆی لە پانتایی سیاسیدا بکات بە ئەمری واقیع‌و ئێمە نەتوانین سنوورەکانی ببەزێنین، بۆ نمونە لە بەدامەزاوەیکردنی خۆیدا بە تەواوی سەرکەوت‌و لە هەمان کاتیشدا توانی ئێران بکات بە زیندانێکی نەبینراو، ئێمە لە ماڵەوەین‌و لەگەڵ ماڵ‌و منداڵمانین، لە دەرەوەین‌و لە ناو شەقام‌و کۆڵانەکان لە گەڵ هاورێ‌و هاونیشتمانەکانمانین، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەو یەکێک لە هاورێ‌و هاونیشتمانەکانمان پیاوی ئەوبن ناوێرین بجولێن، کەواتە ئەو ئەمری واقیعەو ئێمەش نەتەنیا تەسلیم بەڵکوو بووین بە پارێزەری ئەمری واقیع.

دووەم: توانیوێتی ئەوە بسەپێنێت کە لەبەردەم دوو هەڵبژاردنداین، واتە هەڵبژاردن لە نێوان خراب‌و خرابترداو هەڵبژاردنی سێیەم بوونی نیە، لە حاڵێکدا چارەسەری کێشەکانی ئێمە کەم‌و زۆر پەیوەندی بە هەڵبژاردنی سێیەمەوە هەیە، واتە ئیشکردن بۆ گۆرینی جەوهەری دەسەڵات‌و سیستەمی سیاسی لە ئێراندا.

سێیەم: توانیوێتی بەرە بەرە روانگە رەخنەییەکان لە سیستەم‌و دامەزراوەی رێبەری دوورکاتەوەو لە بازنەی کاندیداتۆرەکاندا سەرقاڵی گەنگەشەیەکی بێهودەیان بکات، واتە کێبەرکێ‌و گەنگەشەی کاندیداتۆرەکان هەموو جارێک وادەکات خەڵک بابەتە سەرەکییەکە فەرامۆش بکەن، یانی کەس قسە لەسەر جەوهەری دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا ناکات، لە حاڵێکدا بابەتی سەرەکی دەسەڵاتی رێبەرییەو هەموو رێگاکانیش لای ئەو کۆتاییان دێت. بۆیە تا ئەم دامەزراوەیە هەبێت ئێمە هیچ مافێکی جەوهەری بە دەست نایەنین. تەنانەت لە منازەرەکانیشدا خودی کاندیداتۆرەکانیش تەنیا دەیانەوێت سەرنجی رێبەری رابکێشن نەک بە بەشداری بزانن لە کێشەکاندا.




چـــوارەم: سیستمی سـیاسـی لـە ئـێرانـدا سیستمێکی(جامع‌و مانع)ە، یانی لە رووی ئایدۆلۆژیی مەزهەبییەوە تەنیا مەزهەبی شیعە، لە رووی شوناسی نەتەوەییەوە تەنیا شوناسی فارسی بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە، لە رووی دابەشکردنی دەسـەڵاتـەوە تەنیا دەسەڵاتی ناوەندی، هیچ یەک لەم دیوارانە ناروخێن‌و هیچ سەرۆک کۆمارێکیش نە بەرنامەی روخاندنی هیچ کامیان‌و نە دەشیەوێت بیانروخێنێت، لە حاڵێکدا لانی کەمی دەستەبەر بوونی مافەکانی ئێمە لە نەمانی ئەم (جامع‌و مانع)بوونەی دەسەڵاتی سیاسیدایە.

لـێـرەوە نـە بـەشـداریـکـردن دروسـتـەو نە بەشدارینەکردنی دانەیی، واتە هەندێ کەس‌و لایەن چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن تەحریم دەکەن‌و هەندێکی دیکەش چوارساڵ جارێک بەشداریدەکەن. یەکەمیان ئەگەر بەشداریکردنەکەی نەکاتە بەشداریی نەکردنی پێکهاتەیی بەردەوامی نەتەوەیی(تحریم ساختاری مستمر ملی) هیچی لێشین نابێت‌و دووەمیشیان بەدوای لێکدانەوەیەکی سادەوە بووەو لە داهاتووشدا بۆمان دەردەکەوێت. بە تایبەت ئەم منازەرانەی ئێستا بڵاو دەبنەوە وەهمی گۆرانی سیاسی قوڵتر دەکەنەوەو خەڵک لە بابەتە جەوهەرێ‌و سەرەکییەکان دوور دەکەنەوە، چونکە لە ئێراندا واقیعی سیاسی شتێکەو گەنگەشەو رێکلامی هەڵبژاردنەکان شتێکی دیکەیە.


www.iktewe.com

# سەرۆک کۆمارەکانی ئێران تا ئێستا

ئا: پرد

ئەم سەرۆک کۆمارانەی لە خوارەوە باس دەکرێن، سەرجەم سەرۆک کۆمارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. سەردەمی هەر یەک لەوانە لە روانگەی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانەوە خوێندنەوەی خۆی بۆ دەکرێتو هەر یەک لەوانە لە چوار چێوەی واقیعی سیاسی ئێرانو یاسای بنەرەتی ئەم دەسەڵاتەدا مامەڵەیان لەگەڵ ئەوانی دیکەو دنیای دەرەوەشدا کردووە، بەڵام ئێمە تەنیا ویستمان بە کورتی بیاناسێنینو راڤەیان نەکەین.


### ١. ئەبولحەسەن بەنی سەدر



بەنی سەدر لە ١٩٣٣/٧/٢٢دا لە هەمەدان لەدایکبووە، ناوبراو ئابووریزانو سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئێرانییە، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٠دا وەک یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت لەگەڵ دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی (روح الله خومەینی)، کەوتە کێشەو گەنگەشەوە، لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا بە بیانووی بێ توانایی سیاسییەوە لەلایەن پەرلەمانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرۆک کۆمارێتی لێ سەنرایەوە. شایانی باسە (بەنی سەدر) لە دۆسیەی تیرۆری میکۆنوسدا بەشداریی کردو لەدژی کۆماری ئیسلامیی شاهیدی دا، کە لەم دادگایەدا لە ئەڵمانیا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بە تیرۆری د.سادقی شەرەفکەندیو هاورێکانی لە میکۆنوس تاوانبارکران. ناوبراو ئێستا لە شاری ڤێرسای لە فەرەنسا نیشتەجێیەو گۆڤارێک بڵاودەکاتەوە بەناوی کۆماری ئیسلامیی لە تاراوگە، هەروەها چەندین کتێبیشی لەبارەی ئیسلامەوە بڵاوکردووەتەوە.

### ٢. محەمەد عەلی رەجایی


رەجایی لەساڵی ١٩٣٣دا لە شاری قەزوین لەدایکبووە، ناوبراو لە تەمەنی (٤)ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکاتو لەگەڵ دایکیو براکەی دەمێنێتەوە.



رەجایی خوێندنی سەرەتایی لە قەزوین تەواودەکاتو دواتر بەهۆی هەژارییەوە روودەکاتە تارانو لە باشووری شار خەریکی کرێکاریی دەبێت، لە (١٧) ساڵیدا دەچێتە فێرگەی پلەداری هێزی دەریاییو هاوکات لەگەڵ خوێندن، لەگەڵ حیزبو گروپە سیاسییەکانی دژی (شا) ئاشنا دەبێتو لە کۆرەکانی (ئایەتوڵا تاڵەقانی)شدا بەشداریی دەکات، ناوبراو ئەوکات لایەنگری تاڵەقانی بوو، هاوکات لەژێرەوەش لە گەڵ فیدایانی ئیسلام هاوکاریی دەکرد، ناوبراو دوای ئەوەی بەنی سەدر لە پۆستی سەرۆک کۆمارێتی لادرا، وەک دووەمین سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردرا. رەجایی پێش ئەوە هەم پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەبوو، هەمیش ماوەیەک وەزیری کاروباری دەرەوە بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە کەمتر لە مانگێک سەرۆک کۆمار بوو، لەگەڵ (محەمەد جەوادی باهونەر)و کۆمەڵێک لە بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی لەلایەن رێکخراوی (موجاهیدینی خەڵقی ئێران)ەوە کوژران.

### ٣. سەید عەلی خامنەیی

عەلی خامنەیی لە ١٩٣٩/٧/١٦دا لە شاری (مەشهەد) لەدایکبووە، بنەماڵەکەی، بنەماڵەیەکی بەناوبانگی ئایینی ئەم شارەن، ناوبراو دوایی عەلی رەجایی لەساڵی ١٩٨٠ەوە تا ساڵی ١٩٨٨ بۆ دوو دەورە سەرۆک کۆماری ئێران بوو، بەڵام دوای ئەوەی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا رێبەری کۆماری (خومەینی) کۆچی دوایی کرد، لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە (مجلس خبرگان) بە رێبەری



کۆماری ئیسلامیی هەڵبژێردراو تائێستاش رێبەرو فەرماندەی گشتیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

### ٤. ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی

رەفسەنجانی، ئاخوندو سیاسەتمەداری ئێرانی، بەرپرسی ئەنجومەنی پیران، بەرپرسی ئەنجومەنی دیاریکردنی



بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتو چوارەمین سەرۆک کۆماری ئێرانە.

رەفسەنجانی لە ١٩٣٤/٨/٢٥دا لە بەهرەمان لەدایکبووە، ناوبراو بە یەکێک لە کاریگەرترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران دەناسرێت، لەساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٦ بۆ دوو دەورە سەرۆک کۆماری ئێرانو پێش ئەوەش سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بوو، ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٥دا جارێکی دیکە هەوڵیدا پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران بەدەستبهێنێت، بەڵام لە کێبڕکێ لەگەڵ (مەحمود ئەحمەدی نەژاد)دا دۆڕاندیو ئێستاش سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانو سەرۆکی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە.

### ٥. سەید محەمەد خاتەمی

محەمەد خاتەمی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣دا لە شاری (ئەردکان)ی سەر بە پارێزگای (یەزد) لەدایکبووە، باوکی ئاخوندێکی بەناوبانگ بوو، خۆشی لە سەردەمی مێردمنداڵیدا روویکردە خوێندنی حوجرەییو بوو بە فەقێ، بەڵام دواتر لە بەشی کارناسی باڵای فەلسەفەی خۆرئاوا لە زانکۆی ئەسفەهان درێژەی بە خوێندندا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو لە ساڵی ١٩٧٩دا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێراندا بەشدارییکردو وەک نوێنەری خەڵکی ئەردەکان هەڵبژێردرا، لەساڵی ١٩٨٢دا بە دەستووری خومەینی کرا بە سەرپەرشتیاری دامەزراوەی رۆژنامەوانی کەیهان، دوای ساڵێک لە کابینەی میر حوسێن موسەویدا (سەرۆک وەزیرانی ئەوکات بۆ ماوەی (٨) ساڵ)، بوو بە وەزیری فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامیو هەمان پۆستی لە کابینەی سەرۆک کۆماری رەفسەنجانیشدا هەر هەبوو.

لەسەرەتای دەیەی ١٩٩٠وە راوێژکاری سەرۆک کۆمارو بەرپرسی کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران بوو، هاوکات لە هەندێک لە زانکۆکاندا (هزری سیاسی، فەلسەفەو بیرۆکەی سیاسی لە ئیسلامدا) دەوتەوە. لەساڵی ١٩٩٥دا بە دەستووری خامنەیی بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگیی.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی ١٩٩٧ی ئێرانداو وەک نوێنەری ریفۆرمخوازانی ئێران بەشدارییکرد، بە بەدەستهێنانی زیاتر لە بیست ملیۆن دەنگ، بە



سەرۆک کۆماریی هەڵبژێردرا، ناوبراو دوای تەواوبوونی دەورەی یەکەم جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠١دا بۆ هەمان پۆست هەڵبژێردرایەوە. بۆ خولی سەرۆکایەتی ئەمجارەش ویستی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمجارەش هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام دواجار بە قازانجی میر حوسێن موسەوی خۆی کێشایەوەو ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە.

### ٦. مەحمود ئەحمەدی نەژاد

مەحمود سەبورجیان (مەحمود ئەحمەدی نەژاد)، لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی (ئارادان)ی نزیک شارستانی (گەرمسار)ی سەر بە پارێزگای سمنان لەدایکبووە، باوکی ئاسنگەربووەو (٧) منداڵی هەبووە، لە تەمەنی یەک ساڵییەوە هاتوونەتە تارانو تائێستا لەوێ



دەژینو دواتر ناوی بنەماڵەییان بۆ «ئەحمەدی نەژاد» گۆڕی. ناوبراو قۆناغەکانی خوێندنی لە تاران تەواوکرد، خوێندنی باڵای لە زانکۆی زانستو پیشەسازیی تەواوکرد، پاشان لە بەشی (ئەندازیاریو پلاندانانی هەڵگرتنو گواستنەوەو هاتوچۆ)، بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا.

ناوبراو توانی لە دەورەی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لەساڵی ٢٠٠٥دا لە کێبڕکێ لەگەڵ هاشمی رەفسەنجانیدا، پۆستی سەرۆک کۆماریی بەدەست بهێنێت، شایانی باسە ناوبراو جگە لەم پۆستە، پێشتر سەرۆکی شارەوانیی تارانو پارێزگای ئەردەبیل بووە، ناوبراو لە بەرەکانی جەنگ لە کوردستانو لە سەردەمی جەنگی ئێران-عێراقیشدا بەشداریی چالاکانەی هەبووە.

مەحمود ئەحمەدی نەژاد بە کاندیدای رێبەری ئێران دادەنرێتو ئێستاش بۆ خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکان جارێکی دیکە خۆی هەڵبژاردووەتەوە، لەگەڵ (میر حوسێن موسەوی)و (مەهدی کەروبی) کاندیداتۆری ریفۆرمیستەکانو (موحسین رەزایی) کاندیداتۆری هاوباڵی خۆی، لە کێبڕکێدایە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەم پۆستە بۆ جاری دووەم.

# هەڵوەستەیەک لەسەر بایکۆت یان بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئێران

هەژیر عەبدوڵلاپور

وا بڕیارە لە (١٢)ی حوزەیرانی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی بۆ جاری دەیەم لە ئێراندا بەڕێوەبچێت، ماوەیەکە چوار بەرئەندامی پاڵێوراو لە فیلتەری شورای نیگەهبانەوە کەوتوونەتە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە، هەر بەرئەندامەی هەوڵدەدات کە کۆمەڵە پرسێک بوروژێنێتو بۆ بردنەوەی لە هەڵبژاردندا مانۆڕی پێوە بدا، هەڵبەتە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە ئەو چوار بەرئەندامە هیچکامیان نوێنەری راستەقینەی خەڵک نینو سەر بە هیچکام لە حیزبەکانی بەرهەڵستکاری رژێمیش نین، بەڵام بەو حاڵەش لە هەندێک گوتارو کرداردا لێک جیاوازن.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بەدوای راگەیانراوە (٨) مادەییەکەی کەڕوبیدا کە خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە مافی کەمەنەتەوەو ئایینییەکاندا بوو، رەنگو روویەکی جیاوازتری بەخۆوەگرتووە، پێویست بە وتنە کە هەرلەسەر داواو پێداگریی چالاکانو بژاردەکانی ناوخۆو بە گشتی لایەنی کوردستانی بوو کە کەڕوبی ئامادەبوو بەرنامەکەی سەبارەت بە کەمە قەومیو ئایینییەکان لە بەیاننامەیەکدا بڵاوبکاتەوە، کە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کەڕوبی لە هەڵبژاردنەکاندا بیباتەوە یان نا، خۆی جۆرێک دانپێدانانە بە پرسی کوردو کەمەنەتەوەکانی دیکەدا.

ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆن، چالاکانی سیاسیو مەدەنیو بە گشتی خەڵکی کوردستان (بەتایبەت کوردانی پارێزگاکانی سنەو ورمێ)، لەماوەی تەمەنی رژێمی ئیسلامیدا بە چەکی بایکۆتو «نا» وەڵامی هەڵبژاردنەکانیان داوەتەوە (جگە لە هەڵبژاردنی شوراکانو هەڵبژاردنی دەورەی شەشەمی پەرلەمان)، یان بەشداریی کەمیان کردووەو یاخود دەنگیان بە کاندیدێک داوە کە سەر بە باڵی «ولی فقیه» نەبووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەداو بە هاتنەگۆڕی بەشێک لە داخوازییەکانی کورد، چالاکانی سیاسی، مەدەنیو فەرهەنگی ناوخۆو چەند حیزبێکی تاراوگەنشینو یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەیاننامەکەی کەڕوبیان بە پۆزەتیڤ هەڵسەنگاندو لە ئەنجامدا خوازیاری بەشداریی لە هەڵبژاردندا بوون، بەم پێیە ئۆپۆزسیۆنیش بەسەر دوو بەرەی بایکۆتکارانو خوازیارانی بەشداریدا دابەشبوو، لە پێشدا من پێموابێت دوو جۆر هەڵوێستگیری پێچەوانەی یەک لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە



بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی بە نزیکبوونەوەی حیزبەکانو ئەنجامی کاری هاوبەش لەنێوانیاندا ناکات، تەنانەت کەلێنو دووبەرەکی زیاتر دەخاتە ناو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردەوەو لەوەش خراپتر جۆرێک سەرلێشێواویی لەناو خەڵکیشدا سازدەکات.

**دەلاقەی یەکەم:**

هەرچۆنێک بێت بەرەیەک پێیانوایە کە ئەم حکومەتە هیچ بوارێکی بۆ ئاڵوگۆڕو چاکسازیی تێدانییەو دەبێت هەڵبژاردنەکان وەک پێشوو بایکۆت بکرێن، دەڵێن کە ئەو هەڵبژاردنەش وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو سیناریۆو شانۆگەرییەک زیاتر نییە، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک کە لەڕاستیدا کۆپیکردنی بەیاننامەکانی پێشوویانەو تەنیا رێکەوتەکەیان گۆڕیوە، خوازیاری نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدانن. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە ساڵانێکی زۆرە ئەو حیزبانە تاکتیکی بایکۆتیان رەچاوکردووەو ئەوجۆرە هەڵوێستانەش لە بنەڕەتدا را دەستکەوتو خێروبێرێکی بۆ کورد بەدواوە نەبووە، دەسەڵاتی زاڵیش نە تەنیا بەهێندی نەگرتوون، بەڵکو بە روانگەی ئەمنیەتی زیاترەوە روانیویەتییە کوردستانو جوڵانەوە بەرهەقەکەیو ویستەکانی گەلی کوردیشی زیاتر دیزە بە دەرخۆنە کردووە.

ئەم خاڵەش جێی تێڕامانە کە ئەو حیزبانەی کە سیاسەتی بایکۆتیان رەچاوکردووە، هەمیشە ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژ لەگەڵ رژێمی تاران دەربڕیوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر رژێمی تاران وەڵامی ئەرێنی بۆ دانیشتن بداتەوە، بە کەمتر لەو (٨) مادەیەی کەڕوبیش رازی دەبن بە مەرجێک کە بتوانن بگەڕێنەوە ناوخۆو لەوێ چالاکیی بکەن! لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بەشداریی لە هەڵبژاردن بە خیانەت دەزانن، بەڵام ئامادەن لەگەڵ رژێم دانیشنو هیچ بە خیانەتیشی نازانن!!

لەوەی کە هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەش وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو لەگەڵ پرەنسیپە دیموکراتیکەکاندا مەودای زۆری هەیە، هیچ گومانی تێدانییە، بەڵام داخوا جەختکردن لەسەر نادیموکراتیکبوونی هەڵبژاردنەکانی رژێمو بایکۆتکردنی تائێستا کارسازبووەو لە بەرەوپێشبردنی دیموکراسیو خەباتی مەدەنیو جەماوەریدا کاریگەر بووە؟ داخوا بایکۆتەکانی پێشوو رۆڵێکی لە بەجەماوەرترکردنی خەباتدا هەبووە تا ئەم بایکۆتەشی بێتە سەر؟! باشە مەگەر خوازیارانی بایکۆت پانتایی کارو تێکۆشانیان خۆرهەڵاتی کوردستان نییە، خۆ ئەوان شایەتی ئەوەن کە زۆربەی هەرەزۆری (NGO)کانو رێکخراوو کەسایەتیو چینو توێژە سیاسیو مەدەنییەکان، بە هێنانە بەرباسی کۆمەڵێک ویستی سیاسییەوە خۆیان تێکەڵ بە پرسی هەڵبژاردن کردووەو دەیانەوێت لە فرەڕەهەندی خەباتداو لەو هەلو دەرفەتەی هاتووەتە پێش، چەند دەستکەوتێک بە قازانجی کورد هەڵکرێنن. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بۆ جارێکیش بێت بە تێڕوانینو میتۆدێکی دیکەو بە هەڵوێستێکی جیاوازەوە هەلێک بقۆزرێتەوە بۆ هێنانەئارای هەلومەرجێکی لەبارتر؟

نابێت لەبیرمان بچێت کە بایکۆتکردن ئاسانترین کارەو هەر حیزبو لایەنێک دەتوانێت بە دەرکردنی بەیاننامەیەکو هێنانەوەی کۆمەڵێک پاساو (وەک ئەوەی پێشوو دەیانکرد)، لەو پەیوەندییەدا پاڵی لێبداتەوەو لەڕاستیدا لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو لایەن (یان لایەنگەلێک) بە هەڵسەنگاندنو شرۆڤەیەکی وردو بابەتییەوەو بە سەنگو سوککردنی بارودۆخەکە، لەو دەرفەتە بۆ چەسپاندنو لانیکەم دەربڕینی ویستەکانی کورد کەڵکوەرگرێتو بە هێنانە بەرباسی ویستو داخوازییەکانی ئەم نەتەوە بەشخوراوە، ئەو سیگناڵە بە تاران بدات کە کێشەو پرسی کورد هەروا لە رۆژەڤدایەو کورد هەروەک پێشوو لەسەر داواکانی سوورەو دەیەوێت لە هەر رۆچنەو دەلاقەیەک کە رۆشناییەکی تێدا بەدیبکرێت، بۆ هێنانەئارای ویستەکانی کەڵک وەربگرێت، من پێموابێت لە وەها دۆخێکدا پرسی کورد بەرەو ئاقارێکی جیدیترو جێی سەرنجتر دەچێت.

**دەلاقەی دووەم:**

ئەوانەی کە پێیانوایە هەڵبژاردنەکان بایکۆت نەکرێت (بەتایبەتی حدک)، هەر لەئێستاوە کەوتوونەتە بەر تانەو لۆمەی بایکۆتکارانو تەنانەت مۆرکی خیانەتکاریشیان لێدەدەنو پێدەچێت بۆ ماوەیەکی زۆر هەروا لەژێر تەوژمی لۆمەو سەرزەنشتی ئەو لایەنەدابن، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم هەڵوێستە هەوڵێکی پێکهاتەشکێنە (ساختار شکن)، تێگەیشتنو تێڕوانینێکی دیکەیە لە گۆڕانکارییو هەورازو نشێوە سیاسیو فەرهەنگییەکانی ناوخۆی کوردستان.

ئەم بەرەیە لایانوایە کە دەبێت رێگا بە چالاکانی ناوخۆ بدرێت تا لەگەڵ کاندیدەکان بکەونە مامەڵە، بەو مەرجەش بەشداریی بکەن کە کاندیدایەک مەرجگەلێک یان بەشێک لە مەرجەکانیان قبوڵ بکات، بە گشتی پێیانوایە کە دەبێت لەم هەلومەرجەدا لەگەڵ چالاکوانانی ناوخۆ هاوئاهەنگ بنو بەو هەنگاوەیان گوڕوتینێکی زیاتر بەوان ببەخشنو بە گوتارو کرداری لێکنزیک، قورساییەکی زیاتر بدەن بە سەنگو خواستەکانی کورد.

ئەوە کە داخوا دەکرێت بە رێنوێنیو ئاراستەکردنی خەڵکو گرتنەبەری یەک ئاخێوی (گفتمان واحد) دەرەوەو ناوەوەی کوردستان لە هەڵبژاردندا، قورسایی سیاسیی کوردان لە پێداگریی لەسەر داخوازییەکانیانو پەرەدان بە رەوتی چاکسازییو گەشەی ئابووری زیاتر بچێتە سەرێ، روانگەی ئەمنیەتی کاربەدەستانی ناوەند بۆ کوردستان کەمڕەنگ بکرێتەوەو دیواری بێمتمانەیی نێوانیان تێک برمێنرێت، تەنیا بە کوردەکانەوە نەبەستراوەتەوەو دەبێت سەرۆک کۆماری جێپەسەندی ئەو بەرەیەش بڕوای تەواوی بە جێبەجێکردنی قەولو بەڵێنەکانی هەبێتو بەکردەوە هەنگاویان بۆ بنێت.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەگەر بێتو کاندیدی جێپەسەندی خوازیارانی بەشداری لەو چوار پارێزگا کوردنشینەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا دەنگ بهێنێتەوە، ئەوە ئەو حیزبانەی کە خوازیاری بەشداریی خەڵکی بوون، دەتوانن ئەو کاندیدە تووشی ململانێ بکەن (بە چالش کشیدن)، بە کوردییەکی بیکەن بە ماڵ بە سەرییەوە، لە کاناڵی جۆراوجۆرەوە گوشار بخەنە سەری بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی، بۆ وێنە دەتوانن بەو چەشنە بە دونیای دەرەوە بڵێن کە لەو چوارچێوە بەرتەسکەشدا، دوای مافو ئازادییەکانی گەلی کورد کەوتوونو ئەو رەهەندەشیان تاقیکردووەتەوە، بەڵام دەرئەنجامەکەی ئەوە بووە. ئەگەریش نەبووە سەرۆک کۆمار، ئەوا سەرۆک کۆماری داهاتووش تەنانەت ئەگەر ئەحمەدی نەژادیش بێت، تووشی جۆرێک رامانو تەکان دەکات کە بۆچی لەو پارێزگایانە دەنگی نەهێناوەتەوەو بە بینینی سووربوونی کوردان لەسەر داواکانیان، بە ناچاریش بێت دەبێت ئاوڕێک لە داخوازییەکانیان بداتەوە.

لەئاستی سەرانسەریشدا بە بەشداریکردن، درزو کەلێنی نێوان قوڵەکانی رژێم زیاتر دەبێتو رێگا لە هاتنە سەرکاری مۆرەیەکی سەر بە خامنەیی دەگیرێت، «نا»یەکی باشە بە دەسەڵاتی باڵادەستو دەتوانێت پاشەکشەی زیاتر بە رژێم بکات، باڵێک لە حکومەت بێتە سەرکار کە بڕوای بە کردنەوەی (هەرچەند بەرتەسکو سنوورداریش بێت)، فەزای سیاسیی کۆمەڵگا هەبێت.

**ئەنجام**

با بۆ جارێکیش بووە سیاسەتکردنیش لە کوردستان رووی لە دەستکەوتەکان بێت، نەک تێچووهەڵگر (هزینەبردار) بێتو لە رێگای ئەو رەهەندو رۆچنانەی کە خودی رژێم لە ناچاریدا دەیکاتەوە، رژێم ناچار بە ململانێو رووبەڕووبوونەوە بکرێت.

# و هۆگۆ چاڤێز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؟!

هۆگۆ چاڤێزو رۆبێرت موگابی دوو وێنەی بەرچاو لە مۆدێلی پۆپۆلیستی دەخەنە بەرچاو، چاڤێز لە ساڵەکانی سەرەتاوە هەندێک ئاڵوگۆڕی گەورەی کرد کە لە سەرەتادا بە قازانجی چینەکانی خوارەوە دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕانە بە هۆکاری نەبوونی کاری پسپۆڕانەو بیرلێنەکردنەوەی تەواو لە دەرئەنجامەکانی، هەر خێرا وڵاتی تووشی قەیرانو جیرەبەندی زۆربەی پێداویستییە سەرەکییەکانو هەڵاوسانی سەرسوڕهێنەرو بازاڕێکی رەشی گەورەتر لە بازاڕی فەرمیی، بۆ دەوڵەمەندە کۆنو نوێکان کرد، لەدوای ئەوەوە ئاغای چاڤێز هەمیشە هەوڵیداوە تا بەشێک لە کۆمەڵگا لەدژی بەشێکی دیکە لە کۆمەڵگا تەیاربکات، راگەیەندنە سەربەخۆکانی بەرتەسک کردووەتەوە، بەشێک لە ناوەندە مەزهەبیو پیشەییەکانی داخستووە، هەوڵیداوە بە خۆی دژی جۆرج بوشو زەقکردنەوەی هەڕەشەی ئەو لەگەڵ ئەم قەیرانانە رووبەڕوو بێتەوە. تائێستا تەنیا داهاتی نەوت بووەتە هۆکارێک کە ڤەنەزۆێلا نەبێتە زیمبابۆیەکی دووەم.

رۆبێرت موگابی وێنەیەکی دیکەی ئەمجۆرە هەڵسوکەوتەیە، رابێرت موگابە بەپێچەوانەی رێبەرانی ئەفریقای باشوور، کە بە کاری پسپۆڕیی‌و لەبەرچاوگرتنی هەموو کۆسپەکانی بەردەم، بۆ وێنە دەرئەنجامەکانی بایکۆت‌و سزادانی وڵاتە خۆرئاواییەکان لە پشتیوانی لە مافی خاوەن زەوییە سپی پێستەکان، کاتێک لەکایەی هەڵبژاردندا کەوتە دواوە، بە پەنابردنەبەر پۆپۆلیزم‌و کۆکردنەوەی رەش پێستە بێ زەوی‌و تووڕەکان، هەم پرۆسێسی هەڵبژاردنی دیموکراتیکی تووشی کێشە کرد، هەم بووە هۆکاری لەناوبردنی ئابووری‌و ژیانی بەشێکی بەرچاوی خەڵک، ئەو تەنانەت لەبیریکرد کە بەپێچەوانەی ئاغای ئەحمەدی نەژادو چاڤێز لە چانسی بەرمیلە نەوتی (١٥٠) دۆلاری ساڵی ٢٠٠٨ بێبەشە.



## بوێریی لە سیاسەتی دەرەوەو وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا

ئاغای ئەحمەدی نەژاد بێ دوودڵی خاوەنی هەڵچوونی سیاسییە، ئەگەر هەڵچوونی سیاسی نەبوایە، ئەو هەمووە پرۆژەی ناوەکی‌و ئاسایشی نەتەوەیی لە قۆماری سیاسیدا لەگەڵ رکابەرەکانی بە گاڵتە نەدەگرت، هەموو رۆژێک هەڕەشەی لەناوبردنی ئیسرائیلی نەدەکرد، بەپێچەوانەی ئەو، تائێستا نەک رێبەری ئێران، بەڵکو فەرماندەرانی نیزامیش لەبارەی لەناوبردنی ئیسرائیل قسەیەکیان نەکردووە، ئەوەی کە ئەوان دەیلێن پێداگریی لەسەر هێزی بەرگریی ئێران‌و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی لەناکاوی ئیسرائیلە. لە سیاسەت‌و بەڕێوەبەری دەوڵەت لە سەردەمی مۆدێرندا، زۆربەی کاتەکان هەڵچوون بێهودەو مەترسیدارە.

شکستی تابۆی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکاو ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بۆ باراک ئۆباما لەلایەن ئاغای ئەحمەدی نەژادەوە، کارێکی ئازایانەو دروست بوو، بەڵام بەداخەوە ئاغای ئەحمەدی نەژاد بە هۆکاری پۆپۆلیزم، تایبەتمەندیی‌و لێهاتوویی پێویست نییە بۆ رێبەریکردنی دانوستانێکی ئاڵۆزو درێژماوە لەگەڵ ئەمریکادا، زۆربەی کاتەکان لەجیاتی ئەوەی بۆ وڵاتە خۆرئاواییەکان قسەبکات‌و هەوڵبدات نیگەرانییەکانی ئەوان بکاتە ئامانجی روونکردنەوەکانی، دەڵێی بۆ خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی ئێران قسە دەکات، هەروەها ئەو لە توانایی دیپلۆماتیک‌و سیاسەتکاریی پێویست بێبەرییە، نموونەگەلی زۆر هەن کە ئەو کەموکورتییەی ئاغای ئەحمەدی نەژاد دەخەنە بەرچاو، بۆ وێنە قسەکردنی لە زانکۆی کۆلۆمبیا هەلێکی بێوێنە بوو بۆ ئەو، بەڵام ئەو لە وەڵامی پرسیارەکاندا لەجیاتی روونکردنەوە، پەنای دەبردە بەر درۆکردنی ئاشکرا، بۆ وێنە لەجیاتی ئەوەی وەکو زۆربەی بەڕێوەبەرانی وڵاتانی ئیسلامی بڵێت کە لەسەر بناغەی یاسا ئیسلامییەکان کە ئێران لەسەر ئەم یاسایانە بەڕێوەدەچێت، هاوجنسگەراکان ئەو مافانەی کە لە خۆرئاوادا هەیانە، لە ئێران نیانەو ئەم یاسایانەش دەرئەنجامی بیروڕای خەڵکە، بەڵام ئەو بە حاشاکردن لە هەموو بابەتەکە تەنیا بووە هۆکاری پێکەنینی گوێگران. یان کاتێک کە لە ئەمریکا باسەکانی کۆنگرە لە پەیوەندی لەگەڵ چوونە دەرەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق، ئاغای ئەحمەدی نەژاد لەناکاو لە عێراق دەردەکەوێت‌و بە وتنی «خەمتان نەبێت لە ئەگەری چوونە دەرەوەی ئەمریکا، ئێمە هێزمان هەیە کە جێگای ئەوان بگرێتەوە»، دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی توندڕەوە ئەمریکییەکان‌و ترسانی عەرەبستانی سعودی‌و وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس. لە کۆتاییداو لە هەمووان گرنگتر هەڵچوونی ئەو لە سیاسەتی دەرەوە بووەتە هۆکاری گرێپووچکەی بەرنامەی ناوەکیی ئێران، کە بەردەوام لەلایەن رێبەرانی وڵاتەوە وەکو بەرنامەیەکی ئاشتیخوازانە نیشاندراوەو ئاژانسی نێونەتەوەیش بەڵگەیەکی بەدژی ئەمە پەیدانەکردووە، بە لەناوبردنی ئیسرائیل‌و ئەمەش وایکردووە کە هەمووان لە دەوری ئیسرائیل‌و بەدژی ئێران یەک بگرن، ئەمەش سەرتاپای بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران دەخاتە مەترسییەوە، ئەم ئاراستەیە وێنەیەکی نادڵخواز، ناخۆشەویست‌و ناجێگیری لەلای دەوڵەت پیاوان‌و رای گشتیی خۆرئاوا لە ئاغای ئەحمەدی نەژاد دروستکردووە، کە دەبێتە هۆکاری بێهێزیی ئەو لە هەر چەشنە وتووێژێکی چاوەڕوانکراودا، ئەمەش لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێراندا نابێت، هەربۆیە تەنانەت ئەگەر ئاغای ئەحمەدی نەژاد بیەوێت کرانەوەیەک لە پەیوەندییەکانی لەنێوان خۆرئاواو ئەمریکادا سازبکات، وەکو بەرگێکی سووتاو توانای ئەم کارەی نییە.

## بەهێزکردن‌و پاراستنی پلانی ناوەکیی ئێران پەیوەستە بە شکستی ئاغای ئەحمەدی نەژاد!

بێگومان تەواوکردنی بازنەی وزەی ناوەکی‌و بەردەوامبوونی پێشڤەچوونە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی، ئێستا بووەتە ئامانجێکی نەتەوەیی‌و خەڵک پشتیوانیی لێدەکەن، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی مەترسیی تاڵیبانی پاکستان، کە هەندێک دەستبەسەراگرتنی پاکستان لەلایەن تاڵیبانەوە بە دوور نازانن، دەست پێڕاگەیشتنی ئێران بە توانای ناوەکی بەشێوەیەک کە بتوانێت خێراو تەنانەت لەکاتی پێویستدا چەکی ناوەکی بەرهەم بهێنێت،، ئێستا لە هەموو کاتێک پێویستترە. ئێستا بەرنامەی ناوەکیی ئێران لەگەڵ ناوی ئاغای ئەحمەدی نەژاد، وەها لێک گرێدراون کە هەندێک ئەو روانینەیان بۆ دروستبووە کە دەستکەوتە ناوەکییەکانی ئەمدواییەی ئێران دەرئەنجامی هەوڵ‌و پلاندانانی ئەو بووە، ئەم روانینە دەرئەنجامی دوو هۆکارە:

**یەکەم:** ئاغای ئەحمەدی نەژاد زیاتر لە هەر بەرپرسێکی سیاسیی دیکە لە ئێراندا بەرنامەی ناوەکی هێناوەتە نێو گەمە سیاسییە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانەوە، بەهەمان رادە کە شکستی پلانەکانی دیکەو سیاسەتەکانی ئاشکرابوو، بەهەمان رادە کە هەڵئاوسان‌و بێکاریی زیاتربوو، بەهەمان رادە کە گروپە جیاوازەکان، چ ریفۆرمخوازو بناژۆخواز، رەخنەیان لێگرت، ئەو زیاتر پەنای بردە بەر بەرگی ناوەکی، هەروەها بە بیرتیژی خۆی لەوە تێگەیشت کە گرێدانی ئیسرائیل بە سیاسەتی ناوەکی‌و سەرۆک کۆماربوونییەوە، دەتوانێت رەخنەگرانی بەتایبەت لەنێو بناژۆخوازەکاندا، زیاتر تووشی دوودڵی‌و ناکۆکی بکات.

**دووەم:** ناڕوونی لە هەڵوێستی بەشێک لە گروپە ریفۆرمخوازەکان سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکی لەلایەک، وەهمی بەشێکی دیکە لە ریفۆرمخوازانی گۆڕانخواز لەبارەی بەرنامەی ناوەکیی ئێران‌و هەڵوێستەکانی وڵاتانی خۆرئاوا لەم بارەیەوە، بووە هۆکاری دەرکەوتنی ئاغای ئەحمەدی نەژاد وەکو بەرگریکەرێکی راستەقینەو پێداگریی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژی ناوەکی، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، راستییەکان پێچەوانەی ئیدیعای ئاغای ئەحمەدی نەژادە. ئەو نە تەنیا لە سەرۆک کۆمارەکانی پێشوو گرنگییەکی زیاتری بە بەهێزکردنی بناغەی بەرگریی‌و زیادکردنی لێکۆڵینەوە ناوەکییەکان نەداوە، بەڵکو بە هێنانی بۆ نێو گەمە سیاسییەکان‌و گرێدانی بە مافی ژیانی ئیسرائیل، بەرنامەی ئاشتیخوازانەی وڵاتی، بەرنامەیەکی چەکداریی خستووەتە بەرچاوو ئەو بەرنامەیەی خستووەتە مەترسییەوە، لە دەرئەنجامدا گرێخواردنی بەرنامەی ناوەکی لەگەڵ روانین‌و ئاراستەی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بۆ ئیسرائیل‌و هۆلۆکاست، کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و بەرنامە ناوەکییەکەی دەخاتە بەر گەورەترین مەترسی ئەگەر ئاغای ئەحمەدی نەژاد جارێکی دیکە هەڵبژێردرێتەوە. بۆ پشتیوانی لە دەست پێڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژی ناوەکی‌و کەڵکوەرگرتن لە هەلە نێودەوڵەتییەکانی پێکهاتوو بۆ بە فەرمی ناسینی دەوری ناوچەیی ئێران، شکستی ئاغای ئەحمەدی نەژاد لە هەمبەر هەرکام لە سێ بەربژێریی دیکە، لە هەموو کاتێک پێویستترە.

**وەگێڕانی کەریم محەممەدی**

www.rozhnama.com

## گفتوگۆ نوێکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران

# ئەحمەدی نەژاد تێکەڵێک لە جۆرج بوشو

ن: تەهمورس کیانی

کێبرکێی هەڵبژاردن لە ئێراندا تا هەنووکە روونیکردووەتەوە کە ئاغای ئەحمەدی نەژاد تەنیا لەئاستی نێونەتەوەییدا سەرۆک کۆمارێکی کێشەخولقێن نییە، بەڵکو لەئاستی ناوخۆشدا بە هەمانشێوەیە، لەکاتێکدا کە زۆر کەس ئەو وەکو کەسێکی بنەرەتخوازو کۆنسێرڤات ژمێرە دەکەن، هەندێکیش بە سومبولی نیوکۆنسێرڤاتیزمی ئێرانی دەزانن‌و بەشێکیش لەپاڵ راستڕەوە پراگماتیستەکاندا پۆلێنبەندی دەکەن. هەر چۆنێک بێت ئەو کاندیدێکی بەهێزەو تا هەنووکەش لەنێو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی هەژاری شارو گوندە بچووکەکاندا، پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەمە ئەگەر بخرێتە سەر پوانی سەرۆک کۆماربوون‌و کارتێکەری‌و بەهێزیی بەشێک لە گروپەکانی پشتیوانیی ناوبراو، دەتوانێت جارێکی دیکە بە سەرۆک کۆماری هەڵبژێرێتەوە، لێرەوە وا دێتە پێش چاو کە لایەنگرانی ئاغای ئەحمەدی نەژاد لەوە ئاگادارین کە ئەو لەبوارەکانی ئابووریدا، بەتایبەت هەڵاوسان‌و بێکاریی، کەڵکوەرگرتن لە داهاتە نەوتییەکان، مێژوویەکی شایانی بە پشتگیریکردن نییە، هەربۆیە بۆ پشتگیریی لە ناوبراو ئەو سێ بابەتە لە هەمووان زیاتر زەق دەکەنەوە:

**یەکەم:** نارەزایەتی دەربڕین بە نسیبەت هەندێک سیاسەتی پراگماتیستی سەبارەت بە دەستێوەردانی رۆحانیەت لە کاری دەوڵەتیدا، دەستەبەرکردنی سووبسیدەکان بۆ وێنە نرخی بەنزین، تێکەڵکردنی رێکخراوەی حەج‌و رێکخراوی گەشتوگوزار بە یەکەوە.

**دووەم:** بوێریی ئەو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانداو شکاندنی تابۆی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا.

**سێیەم:** پەرەپێدان‌و بەهێزکردنی وزەی ناوەکیی وڵات‌و تەواوکردنی بازنەی تفاقی ناوەکییە.

ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەم روانینانە لە هەرسێ بوارەکەدا بخاتەڕوو.

### پۆپۆلیزم لە جێگای کردەخوازیی

ئەوەی کە پراگماتیستە راستڕەوەکان لە گروپە تۆتالیتاریست‌و شێوە تۆتالیتاریست‌و پۆپۆلیستەکان جیادەکاتەوە، هەمیشە جیاوازیی لە نەیارەکانیان یان جیاوازیی لەوەدا کە هەرکامیان دەیەوێت ئەویتر لاواز بکات نییە، ئەم جیاوازییە لەو بابەتەدایە کە هەرکامیان دەیانەوێت پێکی بهێنن‌و دروستی بکەن، واتە جیاوازییان لە شێوازو روانگەیەکدایە کە بۆ ئەم ئامانجە هەڵیدەبژێرن. لەسەر ئەم بنەمایە هەریەکیان لەگەڵ بەشێک لە دامەزراوە سوننەتییەکان‌و هێزە بان یاساییەکان کێشەیان هەیە، بەڵام هۆکاری دژایەتی تۆتالیتاریزم یان پۆپۆلیزم لەگەڵ دامەزراوە مەدەنییەکان‌و هەوڵدان بۆ یەکدەستکردنی کۆمەڵگاو کۆنترۆڵی هەموو ناوەندەکانی بڕیاردان‌و ناوەندگەرایی‌و دژایەتی بەشێک لە دامەزراوە سوننەتییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارتێکەرییە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم ناوەندانە هەیانە. باڵی راستی پراگماتیست، هەوڵدەدات کارتێکەری دامەزراوە مەدەنییە مۆدێرنەکان‌و ئەو دامەزراوانەی کە بە میکانیزمی یاسا کاردەکەن، لە جێگای ئەو ناوەندو دامەزراوانە دابنێت کە هەوڵدەدەن بە پەنا بردنەبەر نەریت‌و ئایین، کارتێکەری بێ سنوورو پیرۆز بۆخۆیان دروستبکەن، لەسەر ئەم بنچینەیە هەوڵدانی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بۆ بێهێزکردنی رۆحانیەت وەکو دامەزراوەیەک، بەتایبەت دوای ئەوەی کە هەموو هەوڵەکانی بۆ راکێشانی پشتوانیان بێئاکام مایەوە، بەهێزکردنی بەشی رادیکاڵ‌و لاوو دنەدانیان بەدژی گروپە سوننەتییەکان، نە بەربەرەکانێیەکی روون‌و ئاشکرایە لەگەڵ دەسەڵاتخوازیی‌و بەرتیلخۆری بەشێک لە رۆحانییەکان، بەڵکو هەوڵدانێکە لەسەر بنچینەی ئینتمایەکی توندی تۆتالیتاریی بە پشتبەستن بە پۆپۆلیزم‌و داکۆکیکردن لە مافی بێبەشەکان، ئەمە پرۆسێسێکە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە بڕگەیەکی زەمەنیدا دەسەڵاتداری رژێمە تۆتالیتێرەکان یان بزاڤە تۆتالیتێرەکانیان ئەزموون کردووە، روویداوە. ئەوروپای خۆرهەڵات لە ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی‌و دوابەدوای جێگیربوونی رژێمگەلی تۆتالیتێری چەپ لە جێگای تۆتالیتێری راست‌و شۆڕشی فەرهەنگی چین، باشترین نموونەکانن لەم بارەیەوە.

لە هەموو ئەم وێنانەدا گروپە تۆتالیتێرەکان بە چەکدارکردنی لاوان‌و لایەنگرانی خۆیان بۆ شەڕی دامەزراوە سوننەتییەکان، چ دینی‌و چ غەیرە دینی، ناوەندە ئیدارییەکانی وەکو ناوەندی پلاندان‌و داهات، لادانی رۆشنبیران‌و لابردنی پسپۆڕان، کردووە. لە هەموو ئەمانەشدا دروشمەکانیان نوێخوازیی، بەرەوپێشچوون، بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەمەندەکان‌و بیانییەکان، یارمەتی بە هەژارەکان بووە، لە زۆربەی ئەوانەشدا ئەو کێشانەی کە ئەوان باسی لێوەدەکەن، راستەو بەربەرەکانی لەگەڵیان ویستی زۆربەی خەڵک بووە، بەڵام لە دواجاردا لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا هەڵمەت بۆ سەر دامەزراوە مەدەنییە ناحوکمییەکان، لە بەرگی بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆنەپەرەستی‌و بە زمانێکی پراگماتیستی، نەبووەتە هۆکاری هاتنەئارای دامەزراوەی مۆدێرن‌و سەربەخۆو ناحوکمی، بەڵکو بووەتە هۆکاری کۆبوونەوەی هێز لە ناوەندو لەدەستی حیزب یان دەوڵەتداو لادانی هەموو ناوەندە مەدەنی‌و سەربەخۆکانی لێکەوتووەتەوە، کە کۆنترۆڵی ناوەندیی تووشی کێشە کردووە. نموونەگەلی زۆر هەن کە بەربەرەکانێی ئێستای دەوڵەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ ناوەندی رۆحانیەت دەخەنە خانەی وەها روانینێک، گرنگترین هۆکار ئەوەیە کە ئاغای ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی کۆتایی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا بەهۆی زیاتربوونی رەخنەکان، بە هۆکاری چوونە سەرەوەی هەڵاوسان‌و پەیوەستبوونی بەشێک لە رۆحانییە بەرچاوەکان بە باڵی رەخنەگر، دژایەتی لەگەڵ کارتێکەری رۆحانییەت دەستپێکردووە. دامەزراوەی رۆحانییەت وەکو هەموو دامەزراوەیەکی دیکە، نە زۆرترو نە کەمتر، پێویستیی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێزە، نابێت بکرێتە قوربانیی باندگەلی کاریگەر کە بەهۆی ریشە داکوتین لەنێویداو بە کەڵکوەرگرتن لە بەرتیل لە دەوڵەتێکی دینیدا، توانیویانە ئەو ناوەندە لە تایبەتمەندییە پۆزەتیڤە مەدەنییەکانی خۆی وەکو تایبەتمەندیی پۆزەتیڤی هەر ناوەندێکی مەدەنیی دیکە، بێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی چینایەتی‌و سیاسیی ئەوان، خاڵی بکەنەوە، هەروەها دژایەتی پێویست لەگەڵ هەوڵدانە شێوە تۆتالیتێرییەکانی دەوڵەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بۆ بێهێزکردنی وەها ناوەندێک، نابێت بکرێتە قوربانیی دژایەتیی پێویست‌و بەجێ لەگەڵ هەندێک لە حەزە دەسەڵاتخوازو بان یاساییەکان لەنێوان هەندێک لە رۆحانییەکاندا.

کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکە کە لەودا هەر توێژو گروپێکی کۆمەڵایەتی بتوانێت بە ئازادیی تەواوو لەژێر رۆشنایی یاسادا، دامەزراوە مەدەنی‌و سیاسییەکانی خۆی پێکبهێنێت. دەسەڵاتی تۆتالیتێر یان پۆپۆلیست خوازیاری کۆنترۆڵی هەموو دامەزراوە مەدەنییەکانە لە رێگای سڕینەوەی بەشێکی بەرچاویان‌و کردنی بەشێکی دیکەیان بە بەشێک لە دەوڵەت یا حیزب، ئەوانە هەموو کاتێک هێرشی خۆیان بۆ لەناوبردنی ناشیرینترین دەستپێدەکەن‌و بە بەردەوامی ئەمە لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ پێگەی هەندێک لایەن‌و پشتیوانی لە ژێردەستەو چەوساوەکان، بەڕێوەدەبن.

### لویز دێسیلوا لولا ئاری هۆگۆ چاڤێز نا!

هەروەها شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشە ئابوورییەکان، بۆ وێنە لەناوبردنە یارانەکان، لابردنی ناوەندە هاوتەریبەکان وەکو ناوەندی حەج‌و ئەوقاف لە ناوەندی گەشتوگوزاردا، پێکهێنانی ماڵیات لەسەر بەهای زێدە، ئەوە نیشاندەدات کە ئەم دەوڵەتە بەشێوەگەلی پۆپۆلیستی هەوڵدەدات هەندێک کاری شیاو ئەمجامبدات، ئەم شێوەیە لەڕاستیدا دەبێتە هۆکاری خاڵیکردنەوەی ئەم هەنگاونانانە لە ناوەرۆکی دروست‌و پێکهێنانی پەشێویی بە هۆکاری نەبوونی کاری پسپۆڕیی، لە دەرئەنجامدا شکستهێنان‌و پەراوێزکەوتنی ئەو بیرۆکانەی لێدەکەوێتەوە. بە لەسەرکار لابردنی سەرۆکانی بانکی ناوەندیی، دەستنیشانکردنی بەهای قازانجی بانکیی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە، دەرکردنی وەزیرەکانی ئابووری بە هۆکاری رەخنەگرتنیان، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێک ئەنجوومەنی کارناسی بە بیانووی ئەوەی بوونەتە «ژینگەی هەندێک دەوڵەمەند»، تەنیا بەشێک لە بەرچاوترین شێوەکانی ناپراگماتیستی‌و شێوەی تۆتالیتێری دەخەنە بەرچاو.



# کوردو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ئێران

## (وەلانانی سیاسەتی بایکۆت)

عەبدوڵڵا بەهرامی

سەنگی کـورد لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا لە هەڵبژاردنەکاندا دیارنەبووە، چونکە هەڵبژاردنو بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێراندا بەوپێیە کە هەمیشە لە کەشێکی داخـراوی سیاسیدا بەڕێوەچوون، هیچکات ئەو دەرفەتە نەبوون کە کورد بتوانێت تێیاندا بە قازانجی بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسیو نەتەوایەتییەکانی، لەوان کەڵک وەرگرێت، جگە لەمە شەڕی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کـوردو سەرکوتی سیستماتیکی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانیش، بووەتە هۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی کورد زۆربەی هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن، یان ئەگەر بایکۆتیشی نەکەن لەواندا بەشوێن ئامانجێکی روونی سیاسییەوە نەبن، کۆی ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئـەوەی بەشداریی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانو بەتایبەت هەڵبژادنی سەرۆک کۆماریدا، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکە زۆر لە خوارەوە بێت، لەڕاستیدا ئەوەش بووەتە هۆی ئـەوە کە دەورو سەنگی کـورد لە هەڵبژاردنەکاندا دیارنەبێت، یان لە باشترین حاڵەتدا بە قازانجی فلان یان فیسار کاندیدا کەڵکی ئامرازیی لێوەرگیرێت.

ئـەوەی پەیوەندی بە کـوردو حیزبە سیاسییەکانەوە هەیە، ئەوەیە کە سیاسەتی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن حیزبو رێـکـخـراوەکـانـی خـۆرهـەڵاتـی کوردستانەوە، نەک هەر نەیتوانیوە دەستکەوتێکی سیاسیی هەبێت، بەڵکو پێ بەپێی دوورکەوتنەوەی ئەو هێزانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانو ئێران، بەم پێیەش راستییەکانی کۆمەڵگاو بەهۆی لاوازیی رێکخستنە جەماوەرییەکانی ئـەم هێزانە، کاریگەریی کەمترو لاوازتری هەبووە. بە چەشنێک کە بەتایبەت لە (١٢- ١٠)ساڵی دواییدا ئەو چەشنە بایکۆتکردنە کەمترین کـاردانـەوەی هەبووە، تەنانەت جاری واش بووە بێئاگایی تەواو لە راستییەکانی کۆمەڵگای پێوە دیاربووە، بۆیە دەکرێت ئەم چەشنە بایکۆتکردنانە بەجۆرێک خۆتەریک خستنەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستانو ئێران لەقەڵەم بدرێت.

لایەنێکی نەرێنیی ئەم چەشنە روانینە کلاسیکە، ئـەوەبـووە کە ئۆپۆزسیۆنی تاراوگەنشین بە چاوێکی گوماناوییەوە لە چالاکانی سیاسیی ناوخۆیی وڵات بڕوانێتو نەتوانێت تواناو پوتانسیەلی ئەوان بە قازانجی خەباتی جەماوەرییو وەگەڕخستنی بزاڤێکی بەرینی کۆمەڵایەتیو شوناسخوازانە کەڵک وەرگرێت.

ئەم راستییە تاڵەیە کە بەشێک لەم هێزانەی هێنایە سەر ئەم باوەڕە پێداچوونەوەیەک بە روانینەکانیاندا بـکـەنـەوە، ئـەگـەر هـەر نـاچـارن هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن، دەبێت بە چەشنێک کاری بۆ بکەن کە لەودا سەنگی کورد دیاربێت، ئەگینا دەبێت سیاسەتێکی دیکە بگرنەبەر.

ئەم روانگە نوێیەی بەشێک لە حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان (بەتایبەت حدک)، کە لە خوێندنەوەی راستییەکانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتی کوردستانو ئێرانو لە خەسارناسیی میتۆدەکانی پێشووی خەباتەوە سەرچاوە دەگرێت، لەماوەی چەند مانگی بەر لە هەڵبژاردنەکاندا توانیویەتی کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر چالاکانی سیاسیو مەدەنیو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو مەدەنییەکانی کـورد، تەنانەت لەسەر بەشێک لە کاندیداتۆرەکانی سەرۆک کۆماریش هەبێت، بەچەشنێک هەندێک لە کاندیداتۆرەکانیش ئەگەر بەشێوەی تاکتیکیش بووە، پرسی نەتەوەکان لە بەرنامەکانیاندا رەنگ بداتەوەو دان بـەو ستەمە هەمەلایەنانەدا بنێن کە سی ساڵە دەرحەق نەتەوە بندەستەکانی نێو جوگرافیای ئێران پەیڕەو دەکرێت.



دەتوانین بڵێین ئەم روانگە نوێیە لـەو بـۆچـوونـەوەش سـەرچـاوەی گرتووە کە پێیوایە بزووتنەوەی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستان، پێویستییەکی ژیـانـەکـیـی بە وەگەڕخستنی بزاڤە کۆمەڵایەتیو جەماوەریو مەدەنییەکانو گەڕانەوە بۆ نێو گەمە سیاسییەکان هەیە، ئێستا کە یـەک دوو کاندیدای سـەرۆک کۆماریی، هەرچەندە بە لاوازیش بێت، باسیان لە مافە نەتەوایەتییەکانمان کردووەو بەتایبەتی تابۆی بڤەبوونی هێنانەگۆڕی پرسی ستەملێکراویی گەلانی ئێرانیان شکاندووە، پێویستە سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی وەلابنرێت.

ئەگەرچی چـاوەڕوان ناکرێت ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانێکی سیاسیی گەورەی لێبکەوێتەوە، بەڵام بایکۆت نـەکـردنو بەشداریی مەرجدارو ئامانجداری کـورد دەتوانێت ئەم ئامانجانە بپێکێت:

– دەکرێت ئەم هەڵبژاردنە بکرێتە دەرفەتێکی سیاسی بۆ هێنانەئارای داواکارییە سیاسیو نەتەوەییەکانی کوردو شکانی تابۆی باسکردن لە پرسی نەتەوەییو وەگەڕخستنی وزەو پۆتانسیەلی سیاسیی دەنگدەرانی کورد.

– ئامانجدارکردنی بەشدارییو بـەشـداریـنـەکـردنـی کـورد لـە هەڵبژاردنەکاندا.

– دروستکردنی پردێک لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی تاراوگەنشینو چالاکانی ناوخۆ.

a.behrami@yahoo.com

# ...ـــژاردنی ئەمجارە ســـــوودمـــــەند دەبن؟

نەتەوەییەکان، بە هەمانشێوە کۆمەڵێک پێشێلکاریان تۆمارکردووە، هەر هەمان راپۆرتیش باسی لە پێشێلکاریی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران کـردووە کە بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن.

پـێـشـێـکـاریـی مـافـی کـەمـە نەتەوەییەکان لە شێوازی جۆراوجۆری سیاسی، کلتوری، ئایینی، کۆمەڵایەتیو ئابووریدا بەڕێوەدەچێت، بە نموونە هەموو ساڵێک راپۆرتەکانی رێکخراوو بەشەکانی چاودێریی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان، لێبوردنی نـێـودەوڵـەتـی، هیومەن رایـتـزۆچو رێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، باس لەو پێشێلکاریانە دەکـەن کە لەوبوارانە لە ئێراندا روودەدات.

هەر هەمان راپۆرتی کۆنگرێسی ئـەمـریـکـا بـاس لـەوەدەکـات کە کەمایەتییەکان لەبواری دامەزراندنو ئیشکردن، پـەروەردەو خانووبەرەدا لـەگـەڵ هـەڵاواردن بـەرەوڕوو دەبـن، کـە بـووەتـە هـۆی ئـەوەی ناوچەکانیان دوابکەوێت، ئەگەرچی لە دەستووردا هەندێک لە مافەکانی کەمایەتییەکان پـاریـزراوە، بەڵام حکومەتی ئێران بە کردەوە نەتەوەی فارسو مەزهەبی شیعەی زاڵکردووە، هەڵسوڕاوانی سیاسی، مافی مرۆڤو رێکخراوەکانی چاودێریی نێودەوڵەتی لە دەرەوە بوونە هۆی ئـەوەی کە ئەو پێشێلکاریانە لەچاوی کۆمەڵی نێودەوڵەتیو میدیای جیهانیی ون نەبێت، زۆرجـار ئەو پێشێلکاریانە بوونە هۆی ناسەقامگیرییو هەڵچوون لە ناوچەکانی وەکـو کوردستان، بەلوچستانو.. هتد.


پێشتر باسی ئەوە کرا کە هەندێک لە مافەکانی کەمایەتییەکان لە دەستووردا باسکراوە، بەڵام ئەوان بە کردەوە لەو مافانە بەهرەمەند نەبوونو شارەزایانی ئێران دەستوور بە نموونە وەردەگرن بـۆ باسکردنی ئـەو هـەڵاواردنـەی کە لـەدژی کەمایەتییەکانی ئێران ئەنجامدەدرێت، بـاس لـەوەدەکـەن کـە دەسـتـوور فـەرزی کـردووە کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکایەتیی ئێران، شیعەی دوانـزە ئیمامی بنو ئـەوە جگە لە هـەڵاواردن لـەڕووی ئایینییەوە، بە کـردەوە زۆرینەیەکی زۆری خەڵکی ئێران کە سـەر بە کەمایەتییەکانی کورد، بەلوچ، عەرەبو ئەوانی دیکەن، لە خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بێبەش دەکاتو بەمەش سروشتی دیموکراتیبوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەوەی ئێستاشەوە، دەکەوێتە ژێر پرسیارو ناکرێت بە دیموکراتییەکی تەواو دابنرێت، بـەدەر لـەوەش دەسەڵاتی تەواو لەدەستی سەرۆک کۆماردا نییەو تەواوی مەسەلە چارەنوسسازەکان لە دەسەڵاتی رێبەری باڵادایە.

چـــاودێـــران پـێـیـانـوایـە کە نارەزایەتییەکانی کەمینەکان لەپشت تەقینەوەو پێکدادانەکانی ئەمدواییە بووە، کە لە ناوچەکانی بەلوچستان (زاهدان)، دانانی بۆمب لە تەیارەیەکدا لە ئەهوازو شوێنەکانی دیکە روویداوە، ئەگەرچی لەوانەیە بەهۆی ئەوەی کە موسەوی خۆی ئازەرییەو لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا لە ناوچە ئازەرییەکان بە زمانی ئـازەری قسەی کـردووە، وتوویەتی کە ئەو کوڕی ئازەربایجانە، ئەوان دەنگ بە موسەوی بدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنەکە ناتوانێت نە لەئاستی چاوەڕوانیو داواکاریی کەمینەکاندا بێت، نە بەپێی پێویست ئەوان لە رکابەریو پرۆسەی دانانی سەرۆکی داهاتووی وڵاتەکەیان بەشداریی پێبکات.

لەگەڵ ئـەو کەموکوڕیانەدا کە لە سیستمو شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێراندا هەیە، هەرکام لە کاندیدەکان لە هەوڵدان کە سەرنجی کەمینەکان رابکێشن بۆئەوەی کە دەنگیان پێبدەن، وەکو پێشتر باسکرا هەردوو کاندیدی ریفۆرمخواز باسیان لە مەسەلەی کەمینەکان کـردووە، سەرۆکی ئێستا مەحمود ئەحمەدی نـەژاد هەوڵیداوە کە بە کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکان، لەبەرکردنی جلوبەرگی کـوردی یان عەرەبی سەرنجی ئەو کەمینانە بۆخۆی رابکێشیت، بەڵام ئاگایانی سیاسی پێیانوایە کە مەسەلەی کەمینە نەتەوایەتییەکان لە ئێران لەوەگەورەترە کە بتوانرێت بە کۆمەڵێک بەڵێنی وەرزی هەڵبژاردنو لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی چارەسەربکرێت، لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنەکان لە ئێران بەو رادەیە دیموکراتیک نین کە بکرێت چاوەڕوانی گۆڕانی باشیان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی هاوڵاتییانی ئێراندا لێبکرێت، مەسەلەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران تەنیا کۆمەڵێک مافی هاوڵاتیبوون نییە، بەڵکو پێویستە دەرفەتی ئەوە بدرێت شوناسە جیاوازەکانیش هەناسە بدەن، نەک تەنیا زمانی دەسەڵاتی ناوەندی کە لەم قۆناغەی مێژووی ئێراندا خۆی لە باڵادەستی نەتەوەی فارسو مەزهەبی شیعەدا دەبینێتەوە، بسەپێنرێت.

## ئه‌بوبه‌كر موده‌رسی، ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان:

# ریفۆرمخوازانی كورد ده‌بوایه‌ پشتگیری كه‌ڕوبییان بكردایه‌



سازدانی: سۆران پالانی

**به‌شداریكردن له‌هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆكایه‌تی ئێراندا بیروڕای جیاوازی لای كورده‌ نه‌یاره‌كانی ئه‌و وڵاته‌ دروستكردووه‌و هه‌ندێك پێیانوایه‌ پێویسته‌كورد بایكۆتی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ بكات‌و هه‌ندێكی دیكه‌ به‌لایه‌نه‌وه‌ باشتره‌ كورد پشتگیریی ئه‌و كاندیده‌ بكات كه‌ لانیكه‌م داواكارییه‌كانی كورد فه‌راهه‌م بكات. له‌و باره‌یه‌وه‌ ئه‌بوبه‌كر مودەرسی، ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران، ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كات له‌گه‌ڵ حیزبی دیموكرات له‌ به‌یاننامه‌یه‌كدا داوایانكردووه‌ كورده‌كانی ئێران بایكۆتی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ بكه‌ن.**

**رۆژنامه‌: ده‌ركردنی به‌یاننامه‌ی هاوبه‌ش به‌ به‌شدارینه‌كردنی خه‌ڵك له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كاندا بۆچی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌؟**

*بڕیاری ده‌ركردنی به‌یاننامه‌یه‌كی هاوبه‌ش كه‌ تێیدا هه‌ڵبژاردنه‌كانی سه‌رۆك كۆماری ئێران ته‌حریمكراوه‌، سروشتییه‌، ئێمه‌ له‌گه‌ڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران یه‌ك هه‌ڵوێستمان هه‌بوو به‌رامبه‌ر ئه‌و بابه‌ته‌، ده‌مانتوانی هه‌ریه‌ك به‌ جیا هه‌ڵوێستی خۆمان رابگه‌یه‌نین، به‌ڵام پێمان باش بوو هاوبه‌ش بێت، بۆئه‌وه‌ی ئه‌م یه‌ك هه‌ڵوێستییه‌ ده‌نگدانه‌وه‌ی باشی هه‌بێت له‌نێو كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستاندا، كه‌ ده‌مێكه‌ ئاره‌زووی ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ حیزبه‌ كوردییه‌كان له‌وجۆره‌ كاره‌ هاوبه‌شانه‌ بكه‌ن، دیاره‌ ئه‌و هه‌ڵویسته‌ش زیاتر رووده‌كاته‌ هه‌ردوو حیزبی سه‌ره‌كیی كۆمه‌ڵه‌و حیزبی دیموكرات، كه‌وابوو وه‌ڵامدانه‌وه‌یه‌كیش بوو بۆ ویستی خه‌ڵك.

**رۆژنـامـه‌: هۆكاره‌كانی داوای به‌شدارینه‌كردنی خه‌ڵك له‌لایه‌ن ئێوه‌وه‌ له‌ هه‌ڵبژاردن بۆچی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌؟**

* كـورد خـوازیـاری ئه‌وه‌یه‌و ده‌یه‌وێت له‌ پرۆسه‌ی سیاسی له‌ ئێراندا به‌شداربێت، ته‌نانه‌ت ده‌توانم بڵێم ئه‌وه‌ به‌شێكه‌ له‌ ئامانجی خه‌بات، واتـه‌ بارودۆخێك بخوڵقێنێت تا بتوانێت به‌قه‌د هێزی خۆی‌و قه‌واره‌و قورسایی خـۆی وه‌ك یه‌كێك له‌ پێكهاته‌كانی ئێران، كاریگه‌ریی هه‌بێت، ئه‌گه‌ر تائێستا ئه‌وه‌ نه‌هاتووه‌ته‌دی، هۆكاره‌كه‌ی بێبه‌شكردنی كورده‌ له‌لایه‌ن كۆماری ئیسلامیی، خه‌باتی گه‌لی كورد له‌ ئێران هێشتا نه‌هاتووه‌ته‌ قۆناغی خه‌باتی په‌رله‌مانی‌و خه‌باتی خه‌ڵكی كورد له‌ به‌شی هه‌ره‌زۆری هێشتا له‌ ده‌ره‌وه‌ی سیستمی سیاسیی ده‌سه‌ڵاته‌ له‌ ئێران، بۆیه‌ هه‌رجۆره‌ به‌شدارییه‌ك له‌و هه‌ڵبژاردنه‌داو له‌و هه‌لومه‌رجه‌ سیاسییه‌دا، ته‌نیا بوون به‌ سوپایی له‌شكری كۆماری ئیسلامیی ئێرانه‌.

**رۆژنامه‌: به‌ڵام ده‌ستكه‌وته‌كانی به‌شدارینه‌كردن بۆ كورد چین؟**

*گه‌لی كورد له‌ ئێران سی ساڵه‌ له‌ خه‌باتێكی به‌رده‌وامدا بووه‌ له‌دژی ئه‌و رژێمه‌ بۆ ده‌سته‌به‌ركردنی مافه‌كانی خـۆی، ئاستی خه‌باتی خه‌ڵك‌و داخوازییه‌كانی زۆر به‌رزتره‌ له‌وه‌ كه‌ به‌شداریی له‌م شانۆیه‌ی هه‌ڵبژاردندا، بتوانێت گه‌شه‌ی پێبدات، پرسیاره‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ به‌شداریكردن له‌ هه‌لومه‌رجی ئێستاداو له‌ نه‌بوونی هیچ ده‌رفه‌تێك بۆ ده‌ربڕینی ئازادانه‌ی بیروڕا ته‌نانه‌ت له‌ ره‌وتی كه‌مپه‌ینی هه‌ڵبژاردنه‌كاندا، چ سه‌رۆك كۆمار یان په‌رله‌مان، ئایا به‌شداریكردن ده‌بێته‌ به‌شێك له‌و خه‌باته‌و گه‌شه‌ی پێده‌دات، یان ده‌بێته‌ هۆی له‌باربردنی ئه‌و خه‌باته‌؟ وه‌ڵامی ئێمه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ به‌شداریی‌و پشتگیریی له‌ هه‌ركام له‌ كاندیده‌كانی سه‌رۆك كۆمار، ده‌بێته‌ هۆی لاوازكردنی ئه‌و خه‌باته‌، راستییه‌كه‌ی مه‌سه‌له‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ چۆن خه‌باته‌كه‌ درێژه‌ پێبده‌یت، بایكۆت یان به‌شداریكردن ته‌نیا تاكتیكه‌ بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌، له‌و هه‌ڵوێسته‌دا كه‌ له‌ به‌یاننامه‌كه‌ی ئێمه‌و حیزبی دیموكراتدا خۆی ده‌نوێنێت، لێكدانه‌وه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ بایكۆت به‌شداریی به‌و مه‌به‌سته‌ یارمه‌تی ده‌دات.

**رۆژنـامـه‌: ئێوه‌ له‌گه‌ڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا داوای به‌شدارینه‌كردنی خه‌ڵك ده‌كه‌ن، به‌ڵام هه‌ندێكی دیكه‌ له‌ لایه‌نه‌كان داواده‌كه‌ن خه‌ڵكی كورد به‌شداریی بكات، ئایا ئه‌مه‌ له‌ چییه‌وه‌ هاتووه‌؟**

* هۆكاری ئـه‌م جیاوازییه‌ له‌ هه‌ڵوێستدا، هه‌م ده‌توانێت جۆرێك لێكدانه‌وه‌ی هه‌ڵه‌بێت له‌بارودۆخه‌كه‌وه‌، هه‌م ده‌توانێت به‌رژه‌وه‌ندیش بێت، بۆ وێنه‌ به‌شێك له‌ ریفۆرمخوازانی كورد چوونه‌ته‌ پشتی موسه‌وی، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ته‌نانه‌ت به‌ حیسابی خۆشباوه‌ڕیی‌و لێكدانه‌وه‌ی هه‌ڵه‌ش بێت، ده‌بوایه‌ پشتیوانیان له‌ كه‌ڕوبی بكردایه‌، به‌ڵام چونكه‌ خۆیان به‌ به‌شێك له‌ ره‌وتی ریفۆرمخوازیی له‌ئاستی سه‌رتاسه‌ری ئێران ده‌زانن، كه‌ مه‌سه‌له‌ی یا بۆیان گرنگ نییه‌ یان جێگایه‌كی ئه‌وتۆی نییه‌و له‌ په‌راوێزدایه‌، بۆیه‌ ده‌ڕۆنه‌ پشت مـوسـه‌وی، كـه‌وابـوو هه‌م بـه‌رژه‌وه‌نـدیـی‌و هـه‌م هـه‌ڵـه‌ش له‌ لێكدانه‌وه‌ ده‌توانێت هۆكاری ئه‌و جیاوازییه‌ له‌ هه‌ڵوێستدا بێت.

**رۆژنامه‌: هه‌ندێك له‌ ئۆپۆزسیۆنه‌كان ده‌یانه‌وێت له‌ رێگای یاساییه‌وه‌ بگه‌نه‌ مافه‌ نه‌ته‌وایه‌تییه‌كانی كـورد له‌ ئێراندا، بۆ نموونه‌ ئه‌و هه‌ڵبژاردن‌و بـارودۆخـه‌ی ئێران گرێده‌ده‌نه‌وه‌ به‌و بارودۆخه‌ی كه‌ له‌ توركیادا بۆ كورد هاتووه‌ته‌كایه‌وه‌، ئایا پێتوانییه‌ توركیاو ئێران له‌وبواره‌وه‌ به‌ته‌واوه‌تی جیاوازن؟**

* به‌ گشتی ئـه‌وه‌ ده‌ڵێم ئه‌وه‌ هه‌ڵه‌یه‌كی گه‌وره‌یه‌ كه‌ پێتوابێت كه‌ خه‌ڵكی ئێران به‌ گشتی‌و كورد به‌تایبه‌تی هاتوونه‌ته‌ نێو قۆناغێكی تازه‌ی خه‌باتی په‌رله‌مانیی، ئێران هێشتا له‌و قۆناغه‌دا نییه‌، به‌ڵام له‌ توركیا به‌ هه‌موو گوشارو مانه‌وه‌ی یاسایی دژه‌ دیموكراتیكی دژه‌ كورد هه‌یه‌، به‌ هه‌موو ئه‌وانه‌ش خه‌باتی په‌رله‌مانی‌و یاسایی مانای هه‌یه‌، كورد له‌ توركیا، حیزبه‌كان قانون‌و نوێنه‌ری خۆیان هه‌بوو، له‌ ئێراندا ئه‌وه‌ نییه‌، له‌ توركیا هیچ به‌شێكی ده‌سه‌ڵات له‌سه‌ره‌وه‌ی یاساو له‌ده‌ره‌وه‌ی هه‌ڵبژاردن نییه‌، گه‌رچی ئێمه‌ رۆڵی هێزی سه‌ربازیی له‌ توركیا ده‌بینین، به‌ڵام ئه‌وه‌ شتێكی دیكه‌یه‌، له‌ ئێران ٨٠٪ی سه‌رچاوه‌ی ده‌سـه‌ڵات‌و بڕیاردان لـه‌ده‌ره‌وه‌ی سیستمی هـه‌ڵـبـژاردن‌و یاسایه‌و بـه‌تـه‌واوی سـه‌ره‌ڕۆیـیـه‌، بۆیه‌ش هه‌لومه‌رجه‌كه‌ له‌نێوان ئه‌و دو وڵاته‌دا زۆر جیاوازیان هه‌یه‌.

**رۆژنامه‌: ئێوه‌و حیزبی دیموكرات به‌یاننامه‌ی هاوبه‌شتان ده‌ركرد بۆ به‌شدارینه‌كردن، ئه‌و كاره‌ هاوبه‌شه‌ی ئێوه‌ وه‌كو دوو لایه‌نی سه‌ره‌كی له‌ كوردستان ئێران تا چه‌ند ده‌نگدانه‌وه‌ی هه‌بووه‌و له‌لایه‌ن خه‌ڵكه‌وه‌ پێشوازیی لێكراوه‌؟**

* ده‌نـگـدانـه‌وه‌ی زۆر باشی هه‌بووه‌، خه‌ڵك پێشوازیان لێكردووه‌و پێی دڵخۆشن، ئه‌و هه‌واڵانه‌ی ئێمه‌ ده‌یبیستین‌و ته‌نانه‌ت له‌ قسه‌و باس له‌گه‌ڵ برادەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانیش كه‌ قسه‌مان كردووه‌، جه‌ماوه‌ری كورد له‌ ئێران به‌ چاوێكی زۆر موسبه‌ت ده‌ڕواننه‌ ئه‌و به‌یاننامه‌ هاوبه‌شه‌.

# ئایا كـــه‌مینه‌ نه‌ته‌وایـــه‌تییه‌كان له‌ هه‌ڵبـــ

جه‌مال ئیختیار

لـه‌ چـوارچـێـوه‌ی ئـه‌و بـاس‌و گفتوگۆیانه‌ كه‌ له‌ میدیاكاندا ده‌رباره‌ی هه‌ڵبژاردنی (١٢)ی ئـه‌م مانگه‌ له‌ ئێران ده‌كـرێـت، مه‌سه‌له‌ی كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی ئه‌و وڵاتـه‌ جارێكی دیكه‌ كه‌وتووه‌ته‌وه‌ به‌ر باس، هه‌ندێك له‌ كاندیده‌كانیش راسته‌وخۆ یان نـاڕاسـتـه‌وخـۆ ده‌پـه‌رژێـنـه‌ سه‌ر مه‌سه‌له‌كه‌.

گـۆڤـاری تایم ده‌نـووسـێـت كه‌ كه‌مینه‌كانی ئێران له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا بـه‌ڵـێـنـی گـه‌وره‌تـر لـه‌ هـه‌مـوو هه‌ڵبژاردنه‌كانی پێشوویان پێدراوه‌، هــه‌ردوو كاندیدی ریفۆرمخواز، موسه‌وی‌و كه‌روبی سه‌ردانی ناوچه‌ دووره‌كانیان كردووه‌ بۆ راكێشانی سه‌رنجی لـوڕه‌كـان، كـورده‌كـان، عه‌ره‌به‌كان، ئازه‌رییه‌كان، به‌لوچه‌كان‌و كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی دیكه‌، كه‌ زیاتر له‌ نیوه‌ی حه‌شیمه‌تی ئێران پێكده‌هێنن.

مه‌هدی كه‌روبی راسته‌وخۆ باسی له‌وه‌كرد كه‌ ئێران له‌ پێكهاته‌ی ئه‌تنیكی جیاواز دروستبووه‌، پاراستنی وڵات له‌ یه‌كێتی‌و پاراستنی مافی ئه‌و ئه‌تنیكه‌ جیاوازانه‌دا ره‌نگده‌داته‌وه‌.

تـایـم بـاسـی لـه‌وه‌كـردبـوو كه‌ حكومه‌تی ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد له‌ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتیدا به‌ربه‌ست‌و سنووری زیاتری دروستكردبوو بۆ چالاكییه‌ سیاسی‌و كلتورییه‌كان له‌ناو كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كاندا، به‌ پاساوی ئه‌وه‌ی حكومه‌تی ئه‌مریكا (كـه‌ كۆماری ئیسلامی هه‌موو كاتێك به‌ دوژمنی خۆی ناوده‌بات)، دیه‌وێت له‌ رێگای كه‌مینه‌كان‌و یارمه‌تیدانی نه‌یاران‌و ئۆپۆزسیۆن له‌ناو كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی سه‌رسنووره‌كان، ئێران لاوازبكات، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه‌ كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌یی‌و ئایینیه‌كانی ئێران زۆر تێكهه‌ڵكشاون‌و هه‌ستی ئێرانیبوونیشیان به‌هێزه‌، به‌ڵام حكومه‌تی تاران به‌شێوه‌یه‌كی مێژوویی‌و هه‌موو كاتێك به‌گومانه‌وه‌ روانـیـویـه‌تـه‌ مـه‌سـه‌لـه‌ی كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌كان، كه‌ زۆربه‌یان له‌ سنووره‌كان نیشته‌جێن‌و به‌ به‌رده‌وامی سڵی له‌و مه‌سه‌له‌یه‌ كردووه‌ته‌وه‌.

له‌ چوارچێوه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كاندا میر حوسێن موسه‌وی هاوشێوه‌ی كه‌روبی، ره‌خنه‌ی له‌ ئه‌دای كابینه‌ی ئه‌حمه‌دی نـه‌ژاد به‌رامبه‌ر كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌كان گرتووه‌و به‌ڵێنی مافی زیاترو به‌كارهێنانی زمانه‌كه‌یانی داوه‌، داوای له‌ جه‌ماوه‌ری سوننه‌ی ئێران كردووه‌ كه‌ له‌ تاران مزگه‌وتێك دروستبكه‌ن، له‌كاتی سـه‌ردانـی مـوسـه‌وی (كه‌ خۆی ئـازه‌ری‌و خه‌ڵكی پارێزگای ئازه‌ربایجانی خۆرهه‌ڵاته‌)، بۆ ناوچه‌ ئازه‌رییه‌كان، خه‌ڵكی ئه‌و پارێزگایه‌ به‌ده‌م خوێندنی ئه‌وه‌ی كه‌ ئازه‌ربایجان به‌ئاگایه‌و پشتیوانیی كوڕه‌كه‌ی ده‌كات، پێشوازیان له‌و كردبوو.

ئه‌گه‌رچی موسه‌وی كاندیده‌ بۆ پۆستی سه‌رۆكایه‌تیی ئێران‌و دروشمی له‌وشێوه‌یه‌ توندەو ده‌نگی خۆش نییه‌، بـه‌ڵام ده‌ربـڕی ئـه‌و راستییه‌یه‌ كه‌ كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌كان پشتگوێخراون‌و هه‌ر له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ موسه‌وی بووه‌ته‌ به‌هێزترین ركابه‌ری ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد كه‌ نه‌یتوانیوه‌ له‌ئاستی داواكارییه‌كانی كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كاندا بێت.

ئازه‌رییه‌كان به‌هێزترین كه‌مینه‌ی ئـێـرانـن‌و پۆستی زۆر بـاڵایـان به‌ده‌سته‌وه‌یه‌، له‌وانه‌ رێبه‌ری باڵای ئایینی ئێران، عه‌لی خامنه‌یی خۆی ئازه‌رییه‌و له‌كاتێكدا ئه‌م حاڵه‌ته‌ بۆ كـورده‌كـان، عـه‌ره‌ب، به‌لوچه‌كان‌و كه‌مینه‌كانی دیكه‌ زۆر ده‌گمه‌نه‌و ئه‌وان به‌ته‌واوی په‌راوێزخراون، موسه‌وی خۆی خه‌ڵكی خامنه‌یه‌ كه‌ شارێكی بچووكی ئازه‌ربایجانه‌و خزمی نزیكی رێبه‌ری باڵا عه‌لی خامنه‌ییه‌.

راپـۆرتـێـكـی خزمه‌تگوزاریی لێكۆڵینه‌وه‌ی كونگرێسی ئه‌مریكا باس له‌وه‌ده‌كات كه‌ ئێران شوێنی نیشته‌جێبوونی زیاتر له‌ حه‌فتا ملیۆن كه‌سه‌ كه‌ له‌باری ئه‌تنیكی، زمان‌و ئایینه‌وه‌ جیاوازن‌و ده‌سه‌ڵات له‌ده‌ستی نه‌ته‌وه‌ی باڵاده‌ستی فارسدایه‌، هه‌ر ئـه‌و راپـۆرتـه‌ بـاس لـه‌وه‌ده‌كـات كه‌ له‌دوای دامه‌زراندنی كۆماری ئیسلامی به‌ سه‌رۆكایه‌تیی ئایه‌تولڵا خومه‌ینی، به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌و چاوه‌ڕوانیانه‌ی كه‌ كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كان هه‌یانبوو بۆ وه‌رگرتنی مافی زیاتر له‌سایه‌ی رژێمی ئیسلامیی تازه‌ دامـه‌زراودا، ره‌فتاری حكومه‌ت له‌گه‌ڵ كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كان خراپتربوو، پێشێلكارییه‌كان به‌ پێكدادانه‌ سه‌ره‌تاییه‌كانی نێوان تاران‌و هه‌ندێك له‌ ناوچه‌كان ده‌ستی پێكرد.

راپـۆرتـی كۆنگرێسی ئه‌مریكا له‌سه‌ر ئازادییه‌ ئایینییه‌كان بۆ ساڵی ٢٠٠٨، باس له‌ هه‌ندێك پێشێلكاریی جدیی ده‌كات له‌بواری مافه‌كانی كه‌مینه‌ ئایینیه‌كان وه‌كو له‌سێداره‌دان، گرتنی ره‌مه‌كی، گرتن به‌ هۆكاری سیاسی‌و ئه‌شكه‌نجه‌ له‌ زیندانه‌كانداو راپۆرته‌كانی دیكه‌ش له‌مه‌ڕ ئازادییه‌كانی كه‌مینه‌

عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ :

# دەبێت خەباتێکی بەربڵاوی مەدەنی بەڕێوەخەین

سازدانی: سۆران پالآنی

**عەبدوڵا حەسەن زادە کەسایەتی سیاسی کوردستانی خۆرهەڵات پێیوایە دەبێت کوردەکانی ئێران کەڵک لەو دەرفەتانە وەربگرن کە لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە هاتووەتە بەردەم کورد. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پاشکۆی پردی رۆژنامە، دەڵێت: « ئێستا هەندێک لەکاندیدەکان بە تایبەت کەڕوبی‌و موسەوی کەباسی مافی نەتەوەکان دەکەن، دەبێت کورد لەگەڵ ئەم دەرفەتە وەربگرێ‌و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات».**

*** ئێوە داوای بەشداری خەڵکتان کردووە لە هەڵبژاردندا، ئەمە چ دەسکەوتێکی بۆ کورد هەیە؟**

– ئێستا هەلومەرجێک بۆ کورد هاتۆتەکایەوە دەبێت کورد کەڵکی لێوەرگریت. کورد هەمیشە لە ئێراندا تەحریمی هەڵبژاردنی نەکردووەو هەرکات کاندیداتۆرەکان یان هەلومەرج لەباربووە کوردو حیزبی دیمۆکراتیش بەشداری کردووە. ئێستا هەندێک لە کاندیدەکان بە تایبەت کەروبی‌و موسەوی کە باسی مافی نەتەوەکان دەکەن دەبێت کورد کەڵک لەم دەرفەتە وەرگرێ‌و بەشداری لەم هەڵبژاردنە بکات بۆ ئەوەی بە بەشداریکردنی دواتر کاندیدەکان ناچار بکات ئەو بەڵێنانەیان ببەنە سەر .

*** پێت وانیە دەنگ هێنانەوەی ریفۆرمخوازەکان پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ رۆژئاواو ئەمریکا بەرەو باشبوون دەباتو ئەحمەدی نەژاد گەر نەمێنێ ئەو توندوتیژییە لە دنیای دەرەوە بەرامبەر بە ئێران کەمدەکاتەوە یان نایهێڵێ؟ یاخود ئێران دوور دەبێت لە هێرشی دەرەکی؟**

– ئەمریکا نە هەتا ئێستا هاتووەو نە لەمەودواش دێت، نە پەیوەندی بەوە هەیە کە سەرۆک کۆمار کێیە، سیاسەتە کانی کۆماری ئیسلامی لە دەورانی ئەحمەدی نەژاددا یەک فەرقی ئەساسییان کردووە ئەویش ئەوەیە بیروڕای وەلی فەقیهی دەربڕیووە. هەموومان دەزانین سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە لایەن رێبەرەوە دیاریدەکرێتو گۆڕانی وای بە سەردانەهاتووە، ئەوە جۆرێک لە ئیفلاسە کە پیاو بڵێ با ئێمە لەماڵەوە دابنیشینو ئەوەی دەیباتەوە حوکممان بە سەردا بکات، بەڵکو هێزێک لە دەرەوەدا بێت ئەو هێزە لە دەرەوەدا نایەت ئەگەر هاتیش بۆ گەلی کورد نایەتو بۆ قازانجی خۆی دێت، بۆیە ئەمە بۆچوونێکی نادروستەو جێگیریش بووە کە نادروستە. ئێستا لە جاران زیاتر ئەگەری هێرشی ئەو هێزانەی کە خەڵک کیسەی بۆ دووریبوون دوورترەوە، من لە ١٥ ساڵ لەمەوپێشەوە وتوومە ئەوە خەیاڵێکی خاوەو ئەو هێرشە نابێت. من لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەو پرسیارەیان لێکردم وتیان ئەگەر ئەمریکا هێرش بۆ ئێران بکات هەڵوێستی ئێوە چ دەبێت؟ وتم گەر گواتیمالا هێرش بکات هەڵوێستمان چ بێت باشە؟ وتی جا ئەو چۆن هێرش دەکات. وتم ئەگەری هێرشی گواتیمالا چەندە، ئەگەری هێرشی ئەمریکاش هەر ئەوەندەیە.

*** کەوابوو پێتوایە کورد دەبێت لە رێگای خەباتی مەدەنییەوە هەوڵ بۆ مافەکانی بدات؟**

– دەبێت لە هەموو رێگاکان سود وەرگرین بە تایبەتی کە دەبێ خەباتێکی بەربڵاوی مەدەنی بەڕێوە خەین.

*** بەڵام ئەم داواکارییەی ئێوە بۆ بەشداری خەڵک وا لێکدەدرێتەوە کە جارێکی تر بچنەوە ناو خەڵک وەکو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو نیشانیبدەن کە ئێوە حیزبی رەسەنن، رات چیە لەم بارەیەوە ؟**

– هەوڵدان بۆ ئەوەی کە پیاو لە ناو خەڵکدا ئامادەگی هەبێت شانازییە بۆ حیزبێکی سیاسی، بەڵام ئێمە لە ناو خەڵکدا هەر هەبووین، هیچ حیزبێکی سیاسی کوردی لە ئێمە زیاتر لە نێو خەڵکدا نەبووەوە نزیک لە خەڵک نەبووە. ئەو وەزعەی کە ئێستا هاتۆتە پێشێ نزیکی ئێمە لە خەڵکی خۆمانو بە تایبەتی چینی رۆشنبیرو چالاکانی میللەتی کوردە، ئەوە ئاکامی نزیکیی ئێمەیە لە خەڵکو ئەوەش بۆ ئێمە شانازییە.

*** بەڵام تا چەند ئەو کاندیدانە دەتوانن ئەو بەڵێنانەی داویانە ببەنە سەرو جێبەجێی کەن؟**

– ئەوە کاندیدەکانە وەفا بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە دەکەن یان نا. لەوانەیە ئەوان بیانەوێ جێبەجێی بکەن، بەڵام شورای نیگابان نەهێڵێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە مەسائیلی خۆمان خستۆتەڕوو، بە گوێی خەڵکی ئێرانو دەسەڵاتو دنیای دەرەوەمان راگەیاندووە سبەینێ قسەی لە سەر دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر تەحریمیمان کرد چ دەبێتو ئاکامەکەی چیە؟ ئەگەر سبەی تەحریمیمان کرد هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت دەنگ بە کەسێکی تر بدەن گەر بەشدار نەبن، ئاغای ئەحمەدی نەژاد بە دەنگێکی زۆر سەردەکەوێتەوەو هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد وەکو خراپترین کەس لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەوە شتێکی باشە؟

*** بەڵام ئەوانەی کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئێوەن دەڵێن بەشداریی لە هەڵبژاردنێکدا کە لە کەشێکی نادیمۆکراتیکدا بەڕێوە دەچێت شەرعیەتدانە بەو دەسەڵاتەو خەباتی ٣٠ ساڵەی خەڵکی کورد دەباتە ژێر پرسیارەوە؟**

– ئەوانە قسەی دروستکراون. یەکەم رژێمی کۆماری ئیسلامی رژێمێکە شەرعیەتی خۆی لە سەر زەوی وەرناگرێ‌و لە ئاسمانەوە وەردەگرێ‌و نیزامێکی خودایە، گەر ئێمە بەشداربین یان نا، یان خەڵکی ئێرانیش بەشداری بکەن یان نا، ئەو شەرعیەتی خۆی وەرگرتووە. شەرعیەت لە دەنگی خەڵکی ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار زۆرینە بێنێتەوە ئەوە شتێکە بۆ خۆمان دروستمان کردووەو بۆ خۆشمان باوەری پێدەکەین بەڵام وا نیە.

***بەڵام بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان واتە شەرعیەت نەدان بەو رژێمە ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

– راستە خەڵکی کوردستان لەو رژێمە رازی نینو ئێمەش کە ئێستا داوا دەکەین داوای رووخانی ئەو رژێمە دەکەین، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو رژێمەدا ئێمە بێکاروبار دانیشین یان بە ئومێدی ئەوەی کە کەسێک لە دەرەوە بێت رزگارمان کات، یان وا دانیشین ئاوا بە قوڕبەسەرییو هەوڵبدەین خراپترین عونسرەکان ببنە سەرۆک کۆمارو دەسەڵاتدار؟ ئەگەر ئێمە وابکەین خەڵکی باشو خوێندەوارو روناکبیر خۆیان کاندید نەکەن یان دەنگیان پێنەدەین، کۆماری ئیسلامی لە هەر شارێکو حەوزەیەک بە کرێگیراوو کەسێکی بێقیمەت خۆی بە ناوی نوێنەری خەڵکەوە دەنێرێتە پارلەمان. ئەو خۆ پەکی ناکەوێ‌و بەرژەوەندی خۆی دەستەبەر دەکا بەڵام ئایا ئەوە بە قازانجی میللەتی کوردە کە خراپترین عونسرەکان نوێنەری بن؟ ئەوە چ عەقڵیەتێکە، بۆ هەوڵنەدەین کە خەڵک بەشدار بێت با باشترینەکان بچن؟ هەمیشە ئەوەم بە روناکبیرانی باشووری کوردستان دەوت ئەگەر فلان روناکبیری بە شەخسیەت ناچێ ببێتە سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە، دەوڵەتی عێراقیش کە دەیەوێ رۆژنامەیەک دەرکات خۆ پیاوێکی بەکرێگیراوی هەر دەست دەکەوێت، تەنیا تۆو فکری تۆ زەرەر دەکات .



*** کەوابوو دەسکەوتەکانی بەشداری لەم پرۆسە سیاسییەدا بۆ کورد چیە؟ ئایا ئەمە سوود بە کورد دەگەیەنێت کە بەشداربێت لە پرۆسەی سیاسی لە داهاتوودا؟**

– بە بێشک سوود بە کورد دەگەیەنێک، هەر ئەوەی کە مەسەلەکەی مەترەحە، هەر ئەوەی کە یەخەی کاندیداتۆرێک دەگرێتو کاندیداتۆر مەجبور دەکات شتانێک بڵێت کە بە قازانجی کوردو گەلانی زۆڵملێکراوە، ئەمە دەسکەوتە. ئەوەی کە ئاغای کەڕوبی‌و موسەوی گوتویانە خێرو دیاری ئەوان نیە، ئەوە ئاکامی چالاکی‌و خەباتو قوربانی میللەتی کوردەو ئاکامی هەوڵو تێکۆشانی روناکبیرانی کورد لە نێوخۆی وڵاتە کە یەخەیان گرتوونو داوایان لێکردوون.

*** بەڵام ئەو شتانەی کەڕوبی‌و موسەوی داوای دەکەن ٣٠ ساڵە لە دەستووری ئێراندا هاتووە؟**

– باشە ٣٠ ساڵە هاتووە جێبەجێنەکراوە، یەکێک هاتووە دەڵێت جێبەجێی دەکەم بەو مانایەی گەر یەکێک دوێنێ قسەیەکی باشی نەکردبێت ئەمڕۆ حەقی ئەوەی نیە کە بیکات؟ یان کەسیک خراپە قەد حەقی ئەوەی نیە کە چاک ببێت، ئەوە چ مەنتقێکە؟

*** کەوابوو بە بڕوای تۆ بەشداریکردنی کورد بە قازانجیەتی ؟**

– بە پێی تەشخیسی خەڵکی کوردستان روناکبیرانی کورد بۆ خۆیان قسەیان ئەوەیە کە بەشداریکردن باشە، با حیزبەکان هەموومان بە تایبەت حیزبی ئێمە ئەوەش بزانین کە ئەو خەڵکە وا نیە چاوەڕێی ئێمە بێت تا بزانین دەڵێین چی .

*** بەڵام بە پێی قسەی چاودێرانی سیاسی دەڵێن چارەنووسی ریفۆرمخوازان لە خاتەمی باشتر نابێت ؟**

– رەنگە وا بێتو رەنگە واش نەبێت، هیچ ئینسانێکی بە ویژدان دەورانی خاتەمی لەگەڵ دەورانی رەفسەنجانی‌و ئەحمەدی نەژاد بەراورد دەکات ؟

*** بەڵام چ لە بارودۆخی کورد گۆڕا، دەسکەوتەکانی چ بوون؟**

– بۆ دەسکەوت ئەوەیە چاوەڕێ بین ریفۆرمخوازان ئێرانمان بۆ بکەن بە سیستەمێکی سۆسیالیستی؟ لەو دەورەدا خەڵک هاتە مەیدانێ فەزاکرایەوە، لە دەورەی شەشەمی پارلەمان فراکسیۆنی کورد دروستبوون لە شەشەمو حەوتەمدا مەسەلەی کورد لە تریبۆنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام باسدەکرا ئەی ئەوە دەسکەوت نیە؟ ئێمە دەبێت بڵێین یان هیچ یان هەموومان دەوێت؟

***تا چەند پێشوازی لەو داوایەی ئێوە کراوە کە داواتان لە خەڵک کردووە کە دەنگ بدەن؟**

– ئەوە چەند رۆژێکی ماوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، بە پێچەوانەی حیزبەکانی ترەوە کە دەستیان کردووە بە قسەی ناشایست کە هەر شایستی ئەوانەو لە گێڕانەوەشیان شەرم دەکەم، گەر سبەینێ دەرکەوت خەڵک زۆربەی بەشداربوو، نالێم ئەوان خائینن، دەڵێم ئەوان هەڵسەنگاندنیان باش نەبوو، گەر ئێمەش بە هەڵەدا چووبووین خەڵکی تر بەشدارییان نەکرد، یان کەم بەشداربوون، ئەوا ئێمەش خائین نینو بەهەڵەدا چووینو هەڵسەنگاندنەکەمان باشو دروست نەبووەو باش خەڵکەکەمان نەناسیوە.

*** ئەی بەشداریی خەڵک لە ئاستی ئێراندا چۆن دەبینی؟**

– وای دەبینم کە خەڵک زۆر بەشدار بێت لە ئاستی ئێرانیشدا، بەڵام پێموانیە بگاتە دەورەی حەوتەمی خاتەمی.

سەرپەرشتیار: مەحمود شێرزاد
بۆ پەیوەندی: km.sherzad@gmail.com